# سەرەتایەک بۆ خوێندنەوەیەکی نوێی مێژووی چەپی کوردی (عیراق)

ئەمجەد شاکەلی

**بەشی یەکەم:**

تێبینییەکی پێویست:

خوێنەری هێژا، ئەم گوتارە کە ئێستا دەیخوێنییەوە، ساڵی **١٩٩٧** نووسیومە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەرفەتی بڵاوبوونەوەی، بەسەریەکەوە و بە تەواوی و تا ئێستا بۆ نەڕەخساوە - دیارە لەبەر زۆر هۆ و لەپێش هەمووشیانەوە، نەڕەنجاندنی دڵی ئەم و ئەو - ناچار بەش بەش و جار جار بڵاو کراوەتەوە. سەرەتا هاوڕێیانی بڵاوکراوەی (پەیام)، کە لە لەندەن دەردەچوو، چەند بەشێکیان لێ پەخش کردەوە. دواتربەداخەوە (پەیام) داخرا، یەک بەشی دیکەی لە گۆڤاری (گزینگ) دا بڵاو کرایەوە و ئەویش ئیدی نەیتوانی درێژە بە بڵاوکردنەوەی بدات و بە گوێرەی تیۆری"ماڵی قەڵب سەر بە ساحێبێتی" گێڕدرایەوە بۆ خۆم. گۆڤاری (گوڵان) یش، کە لە کوردستان دەردەچێت، دوو بەشیان، لەوەی کە لە (پەیام) دا بڵاو کرابووەوە، بڵاوکردەوە. ئەوانیش کە ئیدی زانییان بە قازانجیان نییە، دەستبەرداری بڵاوکردنەوەی بوون. لەگەڵ زۆر شوێنی دیکەشدا، گۆڤار و ڕۆژنامە، باسی بڵاوکردنەوەیم کردووە، وەلێ کەس، بۆ ئەوەی سەرێشە بۆ خۆی ساز نەکات، خۆی لەقەرە نەداوە. هەر جارەی کە بەشێکی بڵاوکراوەتەوە، بەپێی توانست، گۆڕانگاریی تێدا کراوە، واتە لەگەڵ ئەوەی کە لە **١٩٩٧**دا نووسراوە، گۆڕانی گەلێک بەسەردا هاتووە. هیوادارم بتوانم بە کاوەخۆ و هەرجارەی بڕێکی بگەیەنمە خزمەتتان.

************************************************************

لەو لەتەی باشووری کوردستان -کە شوێنە گرنگ و پرفەڕ و بەپیت و خێر و بەرەکەتەکانی وەک کەرکووک و خانەقین و شەنگار و زۆر شوێنی دیکە ناگرێتەوە- کە دەکرێ وەک ئەو ناوچە ئۆتۆنۆمییە قرتێندراو و هەڵپاچراو و نیوەچڵە سەیر بکرێ، کە لە **١٩٧٤**دا حوکوومەتی بەعس بە کوردی ڕەوا بینی، چونکە هەر هەمان ناوچەیە و ئێستاش لەژێر چەکمەی چەکدار و میلیشیاکانی کۆمەڵێک حیزب و تاقمدا دەناڵێنێ، زووزوو هەواڵی شەڕ و پێکدادان، لە نێوان هێزە چەکدارەکانی کورددا و بە تایبەت لە نێوان هێزەکانی پارتیی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، دەگاتە بەر گوێی هەموو مرۆڤێکی ئەم سەر زەوییە -ئەوەی کە دورد و ئەو دەڤەرە دەناسێ، دەنا خەڵک هەن لە کوولەکەی تەرێشدا ناوی کوردیان نەبیستووە- و ژیانی خەڵکی کوردی ئەو ناوچەیەش دەخاتە مەترسییەوە و گشت ئاواتێکیش لەگەڵ تەقاندنی هەموو فیشەکێکدا، گرتێبەردەدا. ئەو دەڤەرەی، کە پارتیی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، فەرمانڕەوایی دەکەن، بە کردەوە بووە بە دوو لەتەوە و هەر حیزبێک لەوانە فەرمانڕەوای لەتێکیانە. هەرچەندە ئەو حیزبانە بۆ خۆیان نایانەوێ و ناوێرن، نێوی دەوڵەتی لێ بنێن و پێیان خۆشە هەر بە پاشکۆی عیراقەوە بمێنێتەوە، بەڵام ئەو دوو لەتە دەکرێ وەک دوو دەوڵەتۆکەی بچووک، یا هیچ نەبێت وەک دوو شت، کە لە دەوڵەتۆکە دەچن، لە قەڵەم بدرێن. ئەو بارەی ئێستا تا ڕادەیەک لە سەردەمی میرنشینەکانی کورد دەچێ، کە هەر میرێک فەرمانڕەویی ناوچەیەکی دەکرد، ئێستاش میر گۆڕدراوە بە سەرۆک حیزبێکی سیاسی. پەیدابوونی ئەو بارەی ئێستای ئەو ناوچەیە و بەو شێوەیەی کە هەیە و ئەو شەڕ و پێکدادانانە، بێجگە لە هەڵپەی دەسەڵات، ئەنجامی بیر و تێڕوانینێکی ناوچەگەرییانە و ناکوردستانییانەی هێزە سیاسییە کوردییەکانن. گەلەک کەس لەوانەی کە لەمەڕ ئەو شەڕ و پێکدادان و ململانێیانەوە دەنووسن و باس دەکەن، پتر دەیانگێڕنەوە بۆ کەرتبوونی پارتیی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی **١٩٤٦**دا. جەرجیس فەتحوڵڵا لە بارەی ئەو شەڕەوە لە بەرسقی ڕۆژنامەوانێکدا دەڵێ:"ئەو کوشتار و نەبەردانەی، کە ڕوویان داوە و ڕوو دەدەن، ناکرێ بە براکوژی باس بکرێن. ئەوە لەڕاستیدا شەڕێکە لە نێوان دوژمنانێکدا، کە هیچ هۆیەک بۆ دوژمنایەتییان نازانن (نییە) ، بێجگە لەوەی، کە سەر بەم لایەنە یا سەرکردایەتییەن، کە نەیار و



www.kurdistannet.org

ململانێکەری ئەو لایەنە یا سەرکردایەتییەی دیکەیە. لەو شەڕەدا بێجگە لە سەپاندنی دەسەڵات و داگیرکردن و چەسپاندنی شوێن، هیچ نیازێکی دیکە نییە. چ مەسەلەیەکی نیشتمانی و ئارمانجێکی سیاسیی شەرەفمەندانە نییە. ئەم شەڕە وەنەبێ ئێستا سەری هەڵدابێ، یەکەم تۆوی ئەم شەڕە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کێشەیەی، کە لەسەر ئەوەی کێ خاوەنی مافی ئەوەیە بە ناوی گەلی کوردەوە لە عیراقدا قسان بکات، واتە لە پلەی یەکەمدا سەرکردایەتی بکات. ئەم شەڕە لەوەوە پەیدا بوو. ڕەنگە ڕەگوڕیشەی ئەم شەڕە بگەڕێتەوە بۆ ٣٠ ساڵی ڕەبەق، کاتێک کە دووبەرەکی کەوتە نێو بزاڤی نیشتمانیی چەکداریی کوردەوە"[1]. فەتحوڵڵا زۆر زیرەکانە بۆ مەسەلەکە چووە و بوێرانە و ڕاستگۆیانە لێی کۆڵیوەتەوە، بەڵام پێش دەستدانەچەک، شتگەلی دیکە لە ئارادا هەبوونە و دەبێ مرۆڤ خۆیان لێ نەبوێرێت. شەڕی نێوان پارتیی و یەکێتی، شەڕێکی دێرینە. ئەگەر بە شوێن سەرەتا و دەسپێکی ئەو شەڕەدا بگەڕێین، دەبێ ئاوڕێک لە مێژووی پارتیی دیموکراتی کوردستان، لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ئەم دواییە، بدەینەوە. شەڕی نێوان پارتیی و یەکێتی، نە شەڕی براکوژی و نە شەڕی خوشککوژی و نە شەڕی خزمکوژییە، بەڵکە شەڕی دوو دوژمنی سەرسەخت و بە خوێنی یەک تینووە و ساڵانێکی دوور و درێژە لە ڕقەبەرایەتی و ململانێ و کوشتاردان و مەسەلەکەش ئەوەیە، کە کێ دەبێ دەمڕاست و خاوەن دەسەڵات بێت. ئەو شەڕە وەنەبێ کەفوکوڵێکی تازەبابەت و زادەی ئەوڕۆ و دوێنێ و پار و پێرار بێت، بەڵکە گەلێک لەوە کۆنترە و قووڵترە. ئەگەر ساڵی ١٩٤٦، وەک جەرجیس فەتحوڵڵاو گەلەک کەسی دی پێیان وایە، بە دەسپێکی ئەو شەڕە دانێین، ڕەنگە بە تەنێ بیرمان لە لایەنی سەربازی و چەکبازی ئەو مەسەلەیە کردبێتەوە. بێگومان هەموو شەڕێک چ لە نێوان دوو کەسدا یا دوو دەستە و تاقمدا یا دوو دەوڵەتدا بێت، پێش ئەوەی پەلاماری یەکدی بدەن و دەست بدەنە یەخەی یەکدی، دەبێ بڕێک گومان لەیەک بوون و بە خراپە لە پاشملە باسکردنی یەکدی و ناوزڕاندن و شەڕەقسە و جنێوبەیەکدان و دەمەقاڵە و هێرش و پڕۆپاگەندەی ڕادیۆیی و تەلەڤزیۆنی و نووسین و ڕاگەیاندنی دژی یەکدی و ئە جۆرە شتانەر ڕوو بدەن، ئەوجا کار لە کار بترازێ و توانستی گفتوگۆ و دەمەتەقە نەمێنێ، ئیدی زۆر و زەبر و تۆبزی و چەک دەبنە تاکەئامرازی چارەسەرکردنی کێشەی نێوان هەردوو لا. بێگومان زۆر و زەبر و تۆبز و چەک، ئامرازی چارەسەرکردنی هیچ کێشەیەک نین. زۆر و زەبر و تۆبز و چەک، کاردانەوەیەکی کرچ و کاڵ و نەڕەسیو و زارۆکانەیە و بۆ مرۆڤێکی خاوەنئاوەز و هۆشیار و پێگەیشتوو، کارێکی نەکردەنی و نابەجێیە، چونکە شەڕ نیشانەی خۆڕانەگرتن و خۆکۆنترۆڵنەکردنە و کۆتاییهاتنی ڕێز و بەها مرۆڤایەتییەکان دەگەیەنێت. ئەو شەڕە وەک شەڕی سارد، گەلێک پێش ١٩٤٦ دەستی پێ کردووە و لە ١٩٤٦یشەوە بووە بە شەڕی گەرم. ئەو شەڕەی ئێستاکەش بەردەوامیی و درێژەپێدانی ئەو ململانێیەی نێو پارتیی دیموکراتی کوردستانە، کە هێڵی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی، لایەکی بووە و حەمزە (هەمزە) عەبدوڵڵا-بۆ ماوەیەک- و بارزانی لایەکی دیکەی. بەلام ململانێی ئەو دوو هێڵە بە تێپەڕبوونی ساڵان هەر لە نێوان پێڕەوانی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی و بارزانیدا نەمایەوە، بەڵکە بەرینتر بووەوە و بێجگە لە جەلالی و بارزانی، کەوتە نێوان جەلالی لە لایەک و کۆمۆنیست و چەپ و نەتەوەیی و ئیسلامیی کورد و عیراقی و...، لە ئالییەکی دیکەوە. ئەو ململانێیە تا ئێستاش هەر بەردەوامە و لە ئارادایە و هەر یەکەش بە پێی تێڕوانین و بۆچوونی خۆی لێکی دەداتەوە و هەڵیدەسەنگێنێ. خەڵکانێک هەن، ئەو جەنگە درێژخایەنەی نێوان ئەو دوو بەرەبابە، نەک هەر بە زیانی کوردی نازانن، بەڵکە بەپێچەوانەشەوە پێیان وایە بە قازانجی کوردە. مەسعوود موحەممەد دەڵێ:"ئێمە لەم جیهانی سێیەمماندا (دوای سەد)، کە لە ئاستێکی (شارستانی) دا ماوینەتەوە، یەکێک لەو سەرتەلانە<مەبەستی ئیبراهیم ئەحمەدە -شاکەلی> دەڵێ، شەڕی نێوان حیزبی یەکیەتی نیشتمانی و دیموکراتی کوردستان<پارتیی -شاکەلی>، ڕێگەیەکە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، وەک چۆن جەنگی فرانکۆ لەگەڵ نەیارانیدا لە ئیسپانیا پێش جەنگیی دووەم، بوو بە هۆی دامەزراندنی دەوڵەت... ئەو<ئیبراهیم ئەحمەد -شاکەلی> ئەمە دەڵێ و ئەوە لە بیر خۆی دەباتەوە، کە

[1] فتح الله، جرجيس، آراء محظورة في شؤون عراقية معاصرة، دارالشمس للطباعة والنشر، ستؤكهولم، ١٩٩٤، ص ٢٠٦.

www.kurdistannet.org

ئیسپانیا دەوڵەتێکی کۆن و جێیخۆگرتوو و پتەوە و کوردیش سێبەری دەسەڵاتدارییەکی کارتۆنیشی نییە. خاوەنی ئەم فەتوایە، کوردێکی حەساوەی خۆشگوزەرانی دانیشتووی لەندەنە و فەرمانەکانی بە خائیناندنی فلان و فلان، ئەوانەی کە برێک ناویان هەیە و لە تاقمەکەی خۆی نین، دەبەخشێتەوە"[٢]. هی واش هەن، جارێک بە ململانێی خێڵەکیەتی و شارستانیەتی و جارێک بە ململانێی ڕووناکبیری و نەخوێندەواری و جارێک بە ململانێی پێشکەوتنخواز و کۆنەپەرست و جارێک بە ململانێی سۆران و کرمانج[٣] و. . . چەندین جۆری دیکە نێوی لێ دەنێن. یەکێک لەو لێکدانەوە و بۆچوونانەش، کە دەکەوێتە بازنەی ئەو جۆرە تێڕوانیناوە، گوتاری "صفحة من تاريخ اليسار الكردي (العراقي) –لاپەڕەیەک لە مێژووی چەپی کوردی (عیراق) "ی (سامی شۆڕش) ە، کە تەواوی ئەو ململانێیەی نێوان بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد- جەلال تاڵەبانی، بە ململانێی ڕاست و چەپ، لێک دەداتەوە و هێڵی ئیبراهیم ئەحمەد- جەلال تاڵەبانی و حیزبەکەیان بە سەرەتای چەپی کورد -لە عیراقدا- دادەنێ.

لە لاپەڕە ٧٣-٨٥ی ژمارە ٨ی ساڵی ١٩٩٦ی گۆڤاری ئەبواب (ابواب) دا، کە بە عەرەبی، لە لەندەن دەردەچێت، سامی شۆڕش، بە ناونیشانی"صفحة من تاريخ اليسار الكردي (العراقي) – لاپەڕەیەک لە مێژووی چەپی کوردی (عیراق) " گوتارێکی نووسیوە[٤]، گوتارەکە بۆ سەرلێشێواندن و چەواشەکردنی خوێنەری عەرەبە. من پێم وایە خوێنەرانێکی عەرەب کە گوتارگەلی لەو جۆرە بخوێننەوە –ئەگەر هەشبن- دەگمەنن و ئەو دەگمەنەش هیچ جۆرە ئارەزوو و چێژێک لە وەها وتارگەلێک نابینن و بەلای ئەوانیشەوە لە بابەتێکی بێتام زێتر هیچی دی نییە[٥]، چونکە ئەگەر خوێنەری عەرەب، ئارەزووی ئەو بابەتانەی هەبووایە، ئەوا ئێستا و زۆر لەمێژ بوو، موناقەشە و گفتوگۆ و باس و ڕاگۆڕینەوەیەکی یەکجار فراوان، لەبارەی ئەو مەسەلانەوە، لەنێو عەرەب -عەرەب و عەرەب-کورددا، بۆ تێگەیشتن لە یەکدی و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان، دەهاتە کایەوە و گرێکوێرەکان دەکرانەوە. ئەو نووسینانە پتر لە لایەن کوردگەلێکەوە دەخوێندرێنەوە، کە بێجگە لە کوردی، بە عەرەبییش دەخوێننەوە یا هەر تەنێ بە عەرەبی دەخوێننەوە. سامی شۆڕش، سەرەتا باش بۆ مەسەلەکە چووە و هەوڵی داوە بە کورتی لە پێوەندی کورد لەتەک بیروباوەڕی مارکسایەتی و چەپ و کۆمۆنیستیدا بدوێ و، ئەوەی پێشان داوە کە چۆن حیزبی کۆمۆنیستی عیراق لەنێو خەڵکی کورددا پەرەی سەندووە و کوردێکی فرەی لێ کۆبووەتەوە و ڕۆڵی

---

[2] محمد، مسعود، المجتمع البشري..؟لماذا يشبه مستشفي المجانين؟، الجز ٕ الاول، دار ئاراس للطباعة والنشر، أربيل ١٩٩٩،ص٢٩.

[٣] کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەولێریان گرت و دەسەلات بە تەنێ کەوتە دەستی خۆیان و پارتیی لە هەولێر وەدەرنرابوون، لەگەڵ برادەرێکدا، باسی ئەو مەسەلەیەمان دەکرد، ئەو برادەرە بە هەموو هۆش و بیر و کوردبوونی خۆیەوە دەیگوت:"جا هەولێر کەی گیراوە، هەولێر ڕزگار کراوە، هەولێر سۆرانە خۆ کرمانج نییە". دۆستێکی کەرکووکیم بۆی گێڕامەوە و گوتی:"کە پارتیی لە ٣١-٨-١٩٩٦دا، هەولێریان گرتەوە، ڕادیۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە هەموو دەنگیی خۆی هاواری دەکرد و دەیقیڕاند و دەیگوت:" وا هاتنەوە، وا جارێکی دی کرایەوە بە فەرەنسی، وا بووەوە بە فەرەنسی، خەڵکی سۆران ڕاپەڕن، بادینانی هەولێریان گرتەوە". دیارە مەبەستی لە فرانسییەش کرمانجی بوو، واتە وا کرایەوە بە کرمانجی و بەوە دەیەویست هانی خەڵکی هەولێر بدات بۆ بەرەنگاربوونەوەی پارتیی، بە بیانووی ئەوەی کە کرمانجی پەیڤان هاتنەوە.

[٤] ئەم گوتارە، یا ڕاستتر بڵێم سەردێڕی گوتارەکە، برادەرێکی وەبیر هێنامەوە. ئەو برادەرە خوالێخۆشبوو (کامەران دڵسۆز) بوو، کە پێش چەند ساڵێک لە لەندەن کۆچی دوایی کرد. لە ئێوارە پیاسەیەکی سەر جادەی سەعدوون و ئەبوونوواسی بەغدادا، لەگەڵ کاک کامەران دڵسۆز و کاک مەهدی کاکەیی، لە ساڵی ١٩٧٠دا، باس لە چەپ و ڕاست و کورد و سیاسەت دەکرا، کاک کامەران گوتی،کە بەتەمایە کتێبێک لەسەر مێژوو و ڕۆڵی چەپی کورد بنووسێ. مەبەستی ئەویش لە چەپی کورد تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی بوو، کە بە جەلالی دەناسران. موناقەشەیەکی درێژ کەوتە نێوانمانەوە و من پێم لەسەر ناچەپایەتی و ناشۆڕشگێڕی و جاشایەتی ئەو تاقمە و ئەویش پێی لەسەر چەپایەتی و شۆڕشگێڕی و نیشتمانپەروەرییان دادەگرت و کەسیشمان بە بیروڕای ئەوی دیمان قایل نەدەبووین. وەک بشزانم ئەو برادەرە ئەو کتێبەی هەر نەنووسێ.

[٥] لەو جۆرە گوتارانە کە بۆ خوێنەری عەرەب دەنووسرێن، لە زۆر جێگەدا بەرچاو دەکەون. لە ژمارە ٣١ و ٣٢ی نیومانگنامەی ئەلمەنار ئەلکوردی(المنار الكردي) تەمموز و ئابی ١٩٩٧دا، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان -بیرۆی دەرەوە- لە لەندەن و بە عەرەبی دەری دەکات، لە نووسینی فەرید ئەسەسەرد، گوتارێک بە ناونیشانی "قراءة جديدة في تاريخ الحزب الديموقراطي الكردستاني -خوێندنەوەیەکی نوێی مێژووی پارتیی دیموکراتی کوردستان" نووسراوە. ئەو نووسەرەش وێنەیەکی ناڕاست و ئاوەژووکراوەی بەشێکی مێژووی کورد بە خوێنەری عەرەب پێشکەش دەکات و بە چاویلکەیەکی ناڕوونی حیزبی، مێژووە کە دەخوێنێتەوە.

بەرچاویشیان تێدا بینیوە. وەک نموونەش ناوی چەند کەسێکی ناسراوی ئەو بوارەی هێناوە. تا ئێرە بڕوا ناکەم کەس لاریی لە قسەکانی شۆڕش هەبێت، لێ دوایی باسەکە دەگۆڕێت و بەرەو لایەکی دیکەی ئاراستە دەکات.

دوایی باس لە پێوەندی خۆی بە کۆمەڵەی مارکسی–لێنینی کوردستان و دواتریش، بە هۆی فازیل مەلا مەحموود[6]ەوە، لە ساڵی ١٩٧٢دا بە حیزبی کۆمۆنیستی عیراق –سەرکردەیەتیی نێوەندی (القيادة المركزية) ەوە تا دەستبەردانی لەو ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٧٩دا و چوونە ڕیزی بزاڤی کوردەوە لە ساڵی ١٩٨٢دا، دەکات. ئاماژەش بۆ ڕوانگە و هەندێ دیتنی ترۆتسکیستانەی خۆی، حوسەین عارف و جەلالی میرزا کەریم دەکات. بۆ ئەوەی بە باشی لە باسەکە تێبگەین و بیروڕاکانی (شۆڕش) مان باشتر لا ڕوون ببێتەوە، پێم باشە چەند بڕگەیەکی نووسینەکەی، بە تایبەت ئەوەی پێوەندی بە کرۆکی باسەکە –واتە چەپایەتی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و پیرەوانیانەوە- یەوە هەیە، بکەم بە کوردی. سامی شۆڕش دەڵێ:

"کوردە چەپەکان، لەوانیش بۆ نموونە ئیبراهیم ئەحمەد، ڕۆڵێکی دیاریان هەبوو لە تێکەڵکردنی بیری نەتەوایەتیی حیزبە کوردییەکان، بە بابەتی چەپایەتی و سۆسیالیزم و دیموکراسی" (ل ٧٤).

"ئەو چەپە، لە ڕێگەی پرۆسێسێکی سیاسیی ئاڵۆزەوە، بە شێوەیەکی ڕوونتر خۆی لە خەڵکانی دی جوێ کردەوە" (ل ٧٤).

"ڕەگی بنەڕەتی یەکەم ناکۆکیی نێو پارتیی دیموکراتی کورد، کە لە ١٩٤٦دا دامەزراوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئارەزووی دامەزرێنەری پارتیی –مەلا مستەفا بارزانی- لە دانانی دوو سەرۆک هۆزی کورد (شێخ لەتیف بەرزنجی و کاکە زیاد غەفووری) وەک دوو جێگری خۆی، کە خەڵکانی چەپ دژی ئەوە بوون، بەڵام هێزی ڕاستڕەوی زاڵ تەنێ دوو دەرفەتی لەبەردەم چەپدا هێشتەوە: یا قایلبوون بە ئارەزووی دامەزرێنەر، یا چوونە دەرەوە لە پارتیی. لە نێوان ئەو دوو حاڵەدا، هەندێ لە چەپەکان (حەمید عوسمان و نافیع یوونس و ساڵح حەیدەری) پارتییان بەجێ هێشت و چوونە نێو حیزبی کۆمۆنیستی عیراقەوە، وەلێ ئەوانی دی، لەوانەش ئیبراهیم ئەحمەد، لەبەر ( (بەرژەوەندی نەتەوەیی) ) بە قسەی خۆیان مانەوەیان لەگەڵ ڕاستڕەویدا پێ باشتر بوو" (ل ٧٦).

---

[6] فازیلی مەلا مەحموود، لە بنەماڵەیەکی مەلازادە، لە سلێمانی، لە ساڵی ١٩٤٨دا لەدایک بووە. ١٩٧٢ بەشی زانستی سیاسی لە زانستگەی بەغدا تەواو کردووە. تا سازکردنی کۆمەڵەی مارکسی–لێنینی کوردستان و هەڵوەشاندنەوەی یەکەم حیزبی جەلالی لە ١٩٧١دا، هەر سەر بە ڕێبازی جەلالی بوو. ١٩٧٢ بەهۆی فارووقی مەلا مستەفاوە، کە ئامۆزای بوو و بەرپرسی هەرێمی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی عیراقی –سەرکردەیەتی نێوەندی(القيادة المركزية) بوو، پێوەندی بەو حیزبەوە کرد و بوو بە هەڵسووڕێنەرێکی ئەو حیزبە. پاش هەرەسی ١٩٧٥، کە ئیبراهیم عەللاوی و هەندێک لە سەرانی حیزبی کۆمۆنیستی عیراقی –سەرکردەیەتی نێوەندی(القيادة المركزية)، ڕێگەی ئەوروپایان گرتەبەر و فارووقی مەلا مستەفاش، چووەوە کن حوکوومەتی عیراق، فازیل کەوتە شام و بەیرووت و ئوتریش و لەگەڵ عادیل عەبدولمەهدی(عادل عبدالمهدي)دا، ڕێکخراوی کۆمۆنیستی وەحدەت ئەلقاعیدە(وحدة القاعدة)یان دروست کرد، کە بەشێکی جیابووەوە بوو لە حیزبی کۆمۆنیستی عیراقی –سەرکردەیەتی نێوەندی(القيادة المركزية). پاشترلە ئوتریش خوێندنی دوکتۆرای لە بواری زانستی سیاسەتدا تەواو کرد. لەگەڵ ئەحمەد بن بیللا(احمد بن بله) دا، گۆڤارێکی عەرەبی هزرییان، بە نێوی"منبرالحوار" دەردەکرد و پێوەندێکی گەلێک بەهێزیشی لەگەڵ ڕێکخراوە فەلەستینییەکاندا هەبوو. کە شۆڕشی گەلانی ئێران کرا، فازیلیش وەک زۆربەی خەڵکانی چەپ، پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا ساز کرد. فازیل لاوێکی زۆر زیرەک و توانا بوو. نووسەرێکی سیاسی و هزریی زۆر باش بوو. کۆمەڵێک زمانی زۆر بە باشی دەزانی. لە سازکردنی پێوەندی و کاری دیپلۆماسی و سیاسیدا لێزان و لێهاتوو بوو. مرۆڤێکی لەسەرخۆ و وردبین بوو. تاکە کێماسییەک –مخابن- کە فازیل هەیبوو، ئەوە بوو، کە هەر لە بازنەی جەلالییەتیدا دەخولایەوە و نەیدەتوانی لەو بازنەیە بێتە دەرێ.ئەو کاتەی کە فازیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا نێوانی خۆش بوو، خەڵکانێک لەنێو یەکیەتی نیشتمانی کوردستاندا هەبوون، گومانیان لێ دەکرد و فازیلیان بەوە تاوانبار دەکرد، کە "پیاوی ئێرانە و لە تاران بە ڕدێن و جوببە و عەباوە دەگەڕێ و تەزبێحی سەدویەک دانەیی بەدەستەوەیە و پاسداری بە دواوەیە و کتێبەکانی (کۆمەڵەی غەمخوارانی گەلی کورد)، لەگەڵ (هەڤاڵ جووجەڵە –خاڵەحاجی–حەمە ڕەحیم)دا بڵاو دەکاتەوە" و هەر لە کاتەشدا، سەرانی یەکیەتی بۆ ئەنجامدانی کارەکانی خۆیان لە ڕێگەی ئەوەوە، مەراییان بۆ دەکرد. هەرچی فازیلیشە، لە هەموو قوناغەکانی ژیانی کۆمۆنیستی و پێوەندی ئێرانی ئیسلامی و پێوەندی فەلەستینییەکان و ژیانی ئەوروپایشیدا، هەموو کارەکانی هەر بە قازانجی جەلالییەت بوو و تەنانەت لەبەینچوونیشی هەر پێوەندی بە نێوانخۆشیی خۆی و جەلال تاڵەبانییەوە هەبوو. ١٣-٧-١٩٨٩، لە میانگەریدا لە نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، لە ڤییەن، لە ئوتریش، لەگەڵ دۆکتۆر عەبدوڕڕەحمانی قاسملوودا، شەهید کرا. پاشتریش وا باو بوو، کە ئاغای (صحرارودی)، کە بە کوژەری ئەوان(قاسملوو و فازیل) دادەنرا، بانگهێشتی کۆنگرەی یەکێتی کراوە، لە سلێمانی.

"لەڕاستیدا چەپی کوردی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیست، تا کۆتایی سالانی شێستەکان، لە تێکەلاوێکی ئایدیۆلۆژیی سەیر، نەتەوایەتی و نێونەتەوایەتی، پێک هاتبوو" (ل٧٦) .

"ئەو حیزبەی کە تالەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد دوای جیابوونەوەیان لە مەلا مستەفا لە ساڵی ١٩٦٦دا دایانمەزراندبوو، هیوا و خواستە نەتەوایەتییەکانی بە ڕۆڵی لاوان و بانگی دیموکراسی و چەپایەتی، تێکەڵ کردبوو" (٧٧) .

"ئایدیۆلۆژیی مارکسایەتی لەنێو پارتیدا<مەبەستی حیزبەکەی تالەبانییە-شاکەلی> بەرەو ڕەگداکوتان دەچوو" (ل ٧٧) .

"سالانی هاوپەیمانیی تالەبانی ١٩٦٧-١٩٧٠ لەگەڵ حوکوومەتی عیراقدا کارێکی زۆری کردە سەر زێدەبوونی ڕۆڵی ئایدیۆلۆژیا لە ڕێڕەوی چەپی کوردی ئەو دەمەدا" (٧٨) .

"چەپی کورد بە تایبەتی دوای جیابوونەوەی تالەبانی لە بارزانی، ئیدی بەرەو دروستبوونی سەرنجڕاکێش دەچوو" (٧٨) .

"لەگەڵ حیزبە کۆمۆنیستە نەریتییەکەدا کە لەگەڵ ڕاسترەوی کورددا هاوپەیمان بوو و ئێمە بە ( (لادەر) ) و مەترسیی سەر پاکژیی مارکسایەتیمان دادەنا، دۆست نەبووین. ڕەخنەشمان لە سەرکردەیەتی نێوەندیی (القیادە المرکزیە) مەسەلەی بیری عیراقچییەتی و دانپیانانەکانی سەرکردەکانی (عەزیز ئەلحاج) لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەدا لەگەڵ دەسگای ئاسایشی عیراقیدا، بوو" (ل٧٨) .

پوختەی بیرۆکەیەک، کە سامی شۆڕش دەیەوێت بە خوێنەری بگەیەنێت ئەوەیە کە:

- ئیبراهیم ئەحمەد و پێڕەوانی بیروباوەڕ و هێڵی وی، چەپ بوون و ڕێبازی سۆسیالیزم و مارکسایەتی ڕێنیشاندەری ئەو چەپانە بووە.
- ئەو چەپە لە سالانی نێوەڕاستی شێستەکاندا -ڕێک لە سەردەمی جاشایەتییاندا- ڕەسی و خۆی لە ڕاسترەوی کورد جوێ کردەوە و وەک بزاڤێک خۆی سەلماند.
- ئەو حیزبەی، کە ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تالەبانی و هاوبیرانیان سازیان کرد و تا ئێستاش بەردەوامە، حیزبێکی چەپ بووە و چەپە.
- بارزانی ڕاسترەو و بزاڤەکەیشی قەلای ڕاسترەوێتی بووە.
- هاوپەیمانیی جەلالی دەگەڵ حوکوومەتەکانی عیراقدا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە گەشەسەندنی ئایدیۆلۆژیای چەپدا لەنێو کورددا.
- حیزبە کۆمۆنیستەکانی عیراق هێندەی جەلالی چەپ نەبوون.

بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی هاسان لە مەبەستەکان تێبگەین، چاکتر وایە باسەکە بکرێ بە چەند بەشێکەوە. بۆ ناسینی ئیبراهیم ئەحمەد و هاوبیرانی و تێگەیشتن لە بیروباوەڕیان، چاکتر وایە مرۆڤ پاشخانێکی مێژوویی ئەو دەستەیە بخوێنێتەوە و لە کۆمەڵێ لایەنی جیاوازەوە سەرنجی دیتن و هەلوێست و ڕەوشتیان بدات.

چەپ چییە و کێ چەپە؟

ئەگەر لە ڕوانگەیەکی زمانەوانەوانی و فەرهەنگی (قاموسی) یەوە بنۆڕینە واتای وشەی چەپ لە سیاسەتدا. ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە، کە چەپ دەکاتە ڕادیکالیزمی سیاسی و ڕادیکالیزمی سیاسیش دەکاتە گۆڕین و بیرازی زۆر بەرین و بنەڕەتی. مرۆڤ ڕادیکال کەسێکە، کە سازشکار نییە و بۆ گۆڕینی دەوروبەر و کۆمەڵگە، بە شێوەیەکی بنەڕەتی و لە ڕەگەوە، هەوڵ دەدات. مرۆڤی ڕادیکال مرۆڤێکی چەپە و مرۆڤی چەپ، مرۆڤێکی گەلێرە و بزاڤی چەپ بزاڤێکی گەلێرە. چەپ شۆڕشگێڕە و بڕوای بە گۆڕانی شۆڕشگێڕانەیە. چەپیش (بۆ مرۆڤێک) فرەتر بە واتای سۆسیالیست، کۆمۆنیست، ئەنارکیست، سەندیکالیست و. . . . تەنانەت فەمینیستیش دێت. جاران وشەی چەپ بۆ لیبەرالیستیش بەکار دەبرا. چەپ دژ و پێچەوانەی کۆنەپارێزی و کۆنەخوازی و

www.kurdistannet.org
05/10/02 15:09

پارێزگارییەتی (کۆنسێرڤاتیزم) یە، کە بە ڕاست دەناسرێن. پەیدابوونی وشەی چەپ وەک زاراوەیەکی سیاسی، دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی فرانسەی ١٧٨٩، کاتێک ڕادیکالە گۆڕانخوازەکان لە ئەنجومەنی نیشتمانی (پەرلەمان) فرانسەدا لە لای چەپی مێزەکەی سەرۆکی ئەنجومەنەوە دانیشتن و ڕاستەکانیش لە لای ڕاستییەوە. ئەگەر بە پێوانەی ئەمڕۆ و بە چاوی ئێستاوە لە مێژووی ئیسلامیشدا بۆ چەپ بگەڕێین، دەکرێ ئەبووزەری غەفاری (ابوذر الغفاري) ، ئیمام عەلی، بزووتنەوەی زنج (الزنج-کۆیلەکان) ، قەرامیتە (القرامطة) ، سەعالیک (الصعاليك) ، سۆفییەکان، شیعە و ئیسماعیلییەکان بە چەپ دابنرێن. بزاڤی حەقە و حەمەسوورییەکانیش لەنێو کورددا دەکرێ حیسابی چەپیان بۆ بکرێت.

دامەزراندنی پارتیی دیموکراتی کوردستان

پارتیی دیموکراتی کورد، کە پاشتر بوو بە پارتیی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان –عیراق و لە دوایشدا بوو بە پارتیی دیموکراتی کوردستان- عیراق، لە ساڵی ١٩٤٦دا وەک چاولێکردنێکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، کە ئەویش بە کارتێکردنی سۆڤیێتی ئەو دەم، وەک کۆپییەکی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، پاش هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی ژێکاف (ژ. ک) دامەزرێنرا. پارتیی کە ئیدی دواتر و تا ئەوڕۆش هەر بەو نێوەوە دەناسرێ[٧]، بە ویست و خواستی مەلا مستەفای بارزانی و لە لایەن ئەوەوە دامەزرێنراوە[٨]. بە لێنۆڕینیش لە ڕێباز و ڕەوتار و ڕەوشت و ڕێڕەو و بیروباوەڕی پارتیی ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە پارتیی دیموکراتی کوردستان، لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە تا ئێستا، لەگەڵ هەموو سەرکەوتن و ژێرکەوتن و هەڵبەزین دابەزین و ئەمدیو و ئەودیو و گۆڕانی سکرتێر و وەلانانی ئەندام و لادان و جیابوونەوەی ئەم و ئەوەوە، حیزبێک بووە و حیزبێکە سیما و مۆرک و جێپەنجەی بارزانیی پێوەیە و بارزانی نیشانە و سروشتی تێکۆشان و بەردەوامییەتی. دامەزراندن و سازکردنی هەر ڕێکخراوێکی کوردیی لە لایەن هەر کەس و دەستە و تاقمێکەوە بوویێت، بێجگە لە دانانی دەستوور و پرۆگرام و بەرنامەیەک، بۆ ئەوەی خەڵکی کوردی لە دەور کۆبێتەوە، پێویستی بە کەسێکی ئازا و یاخی، ئازا بەرانبەر هەرکەس و یاخی لە هەرکەس –بە پلەی یەکەم- و ناودار و لە ناو خەڵکدا خۆشەویست و ڕێزدار و ناسراو و خاوەنی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی –بە پلەی دووەم- هەبووە. بێگومان ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ باری کۆمەڵایەتی کورد، کە شێوەی ڕێککخستنی هۆز و خێڵایەتی و شێوەی بیرکردنەوەی عەشیرەتیی، بەسەردا زاڵ بووە و تا ئێستاش هەر زاڵ و بەردەوامە. نموونەش بۆ ئەم قسەیە زۆرە. کۆمەڵەی هیوا، ڕەفیق حیلمی هەڵبژارد بە سەرۆک و پێشیان دەگوت زەعیم، واتە سەرۆک یا ڕێبەر، کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، قازی موحەممەدیان بە سەرۆک هەڵبژارد و نازناوی پێشەوای لێنرا و پارتیی دیموکراتی کوردستانی عیراقیش، بارزانی کە "مرۆڤێکی زیرەک و توانا بوو. کەسایەتییەکی بەهێزی هەبوو. دەیتوانی بچێتە نێو دەروونی هەموو کەسێکەوە و ڕێزی خۆی وەک سەرۆکێک بسەپێنێت"[٩] و بە لێهاتوویی و شایستەیی خۆی هەڵبژێردرابوو و بووبوو بە سەرۆک و سەرۆکی "چەندجار هەڵبژێردراوی"[١٠] پارتیی بوو. سروشتی کۆمەڵگەی کورد، وەک

---

[٧] لە دوای یەکگرتنی پارتیی دیموکراتی کوردستانی عیراق لەگەڵ پارتی گەل و حیزبی سۆسیالیست و پاسۆکدا، نێوی پارتیی گۆڕا و بوو بە پارتیی دیموکراتی کوردستانی یەکگرتوو و عیراقەکەی لێ بووەوە.

[٨] بڕوانە: البارزاني، مسعود، البارزاني والحركة التحررية الكردية ١٩٤٥-١٩٥٨،ص٢٣٠. **نامەیەکی جەلال تاڵەبانی بۆ بارزانی لە ٣٠-٧-**١٩٥٧دا.

شورش، سامي، صفحة من تاريخ اليسار الكردي(العراقي)، الابواب، العدد٨، ١٩٩٦،ص٧٥. **ئەمین، نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، بەرلین ١٩٩٧، ل٢٣(تەواوی ئەو بڕگانەی کە لە نووسراوەکانی نەوشیروان مستەفا ئەمین و خەڵکانی دیکەوە وەرمگرتوون و لە نێو کەوانەدان، بە هەمان ڕێنووسی نووسەرەکان گواستوومنەتەوە. زۆربەی هەرە زۆری ڕێنووسی نەوشیروان مستەفا هەڵەیە و لەگەڵ ڕێنووسی ئەمڕۆی زمانی کوردیدا زۆر جیاوازە و ناگونجێ. ئەو ڕێنووسەی ئەو پێڕەوی دەکات، هی ساڵانی پەنجا و شێستەکانی ئەم سەدەیەن.**

[٩] شاويس، نوري، من مذكراتي، من منشورات حزب الشعب الديموقراطي الكردستاني ١٩٨٥،ص٦٦.

[١٠] البارزاني، البارزاني..،ص٢٣٠، **نامەیەکی جەلال تاڵەبانی بۆ بارزانی لە ٣٠-٧-١٩٥٧دا**

جڤاکێکی شوانکارەیی، کشتوکاڵی، دەرەبەگایەتی، خێلایەتی، تازە گرۆگاڵکەر لەگەڵ بۆرژوازییەتدا، وەک زۆرینەی جڤاکە ڕۆژهەلاتی و ئاسیاییەکان و یەکجار زۆریش لە پاشتر، هەر لە دێرزەمانەوە ئەو نەریتەی وەبەرهەم هێناوە. تا ئێستاش کە باسی شۆڕش و یاخیبوون و جوولانەوەی چەکداریی کورد دەکێ، مرۆڤ پتر نێوی سەرکردە و ڕێبەرانی ئەو بزاڤانەی وەبەرگوێ دەکەوێ. ئێستاش خەڵک هەر دەڵێن، ڕاپەڕین یا شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری، شێخ سەعیدی پیران، سەیید ڕەزا، شێخ مەحموودی حەفید، مەلا مستەفا و قازی موحەممەد. بۆ دوور بڕۆین، ئەو دەستە و تاقم و حیزبانەی، کە ئەمڕۆ لە کوردستانن، هێشتا هەر بە نێوی دەمڕاستەکانیانەوە نێو دەبرێن، بۆ نموونە دەگوترێ، جەماعەتی قادر عەزیز، جەماعەتی موحەممەدی حاجی مەحموود، جەلالی، مەلایی (لە سەردەمی جەلالییاندا١٩٦٤-١٩٧١، بە پارتیی دیموکراتی کوردستان دەگوترا) دەفتەری شێخ عیزەددینی حوسەینی (جاران) ، جەماعەتی هەڤاڵ خەجۆ، جەماعەتی سامی عەبدوڕڕەحمان (جاران) ، جەماعەتی عەبدولخالق زەنگەنە، جەماعەتی بەهائەددین نووری، جەماعەتی ڕەسووڵ مامەند (جاران) ، جەماعەتی کەمال بورقای، جەماعەتی عەبدوڵلای موهتەدی، ئاپۆچی و دەیانی دیکە. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە وەنەبێ تایبەت بێت، تەنێ بە کورد، بەڵکە لە ڕۆژهەلاتدا باوە، بزاڤێک، یا حیزبێک، یا دەستەیەک، بە نێوی خێزانێکەوە یا تاکە کەسێکیانەوە، ناوبانگ دەردەکات و خەڵک دەیناسێت. جونبولاتی لوبنان (کەمالی باوک و وەلیدی کوڕ) ، بۆتۆی پاکستان (زولفەقاری باوک و بینەزیری کچ) ، گاندی هیندوستان (گاندی و نەهرۆ شاگردی و ئندێرای کچی نەهرۆ و ڕاجیڤی کوڕی ئندێرا و تەنانەت ژنە ئیتالییەکەی ڕاجیڤ گاندیش، سۆنیا گاندی، کە نێوی مێردەکەی هەڵگرتووە، ئەویش ئێستا یەکێکە لەو خێزانە و درێژەپێدەری ناوبانگ و سەرمایەی سیاسیی ئەو بنەماڵەیە) و سۆکارنۆی ئیندۆنیسیا (ئەحمەد سۆکارنۆی سەرۆک و مڵگاواتی کچ) ، چەند نموونەیەکن. کەواتە مەلا مستەفاش هەر دەکرێ بەو پێوەرە سەیر بکرێت. پارتیی دیموکراتی کوردستان، هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ئێستاش خاوەنی تاکە یەک ئایدیۆلۆژیا بووە، ئەویش "بارزانییایەتی- بارزانیزم[11]، واتە "کوردایەتی" بە شێوە بەرین و فراوانەکەی، کە چوارچێوە و قەوارەیەک بووە و جێگەی هەموو جۆرە بیروباوەڕێک و هەموو ڕەنگێک و هەموو کوردێکی تێدا بووەتەوە و قالبێکی ئایدیۆلۆژیی داخراو و سنووردار و دیاریکراوی نەبووە و نییە. پارتیی حیزبێکی وردەبۆرژوازی میللیی کوردیی میانڕەو بووە ئەندامانی چەندین جۆر بیروبۆچوونی جودایان هەبووە و هەیە: دیموکراتی، نەتەوەیی، سۆسیالیستی بیرازخواز، مارکسی و ئایینی و. . . هەموو توێژ و چین و ئایین و ئاییترا و ناوچە و زاراوەی گشت کۆمەڵگەکانی کوردی وەخۆ گرتووە و "وەرزێری نەخوێندووی سافیلکەی بادینانی، لەتەک بازرگان و بژیشک و بەڵێندەر و مامۆستای زانستگەدا، لە ئامێز گرتووە و هەرد کردووە، هەرگیز بەو هەرسەش تووشی زگێشە نەبووە. ئەو حیزبە یەکیەتییەکی بێوێنە و بێهاوتای وەدی هێنا و لە پێکەوەگرێدان و یەکخستنی ئامانج و خواستەکانی چینی بۆرژوازیی تازەپێگەیشتوو و هیوا و ئومێدەکانی وەرزێری نەداری کورد، کە لە دوا پلەی پلیکانەی ڕیزی چینایەتیدا دەوەستێ، سەرکەوتووە" [12] و هەموو ئەمانەش لە ژێر چەتری بارزانیدا یەکیان گرتووەتەوە و دەگرنەوە.

ئیبراهیم ئەحمەد دەبێتە ئەندامی پارتیی

ئیبراهیم ئەحمەد، پێش ئەوەی ببێتە ئەندامی پارتیی، بەرپرسی ڕێکخستنی ژێکاف –کە پاشان هەڵوەشێندراوە و بوو بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە عیراقدا- دەبێ. پێش ئەوەش ئەندامی کۆمەڵەی هیوا بوو. کە کۆنگرەی یەکەمی پارتیی لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦دا دەگیرێت، ئیبراهیم ئەحمەدیش وەک میوان بانگ دەکرێت و لەوێ ئامادە دەبێت. بەڵام ئەو بە نیازی ئەوەی بێ بە سەرۆکی پارتیی،

[11] دەگوترێ کە نەوشیروان مستەفا گوتوویەتی: بۆ لێنینیزم هەبێ، جەلالیزم نەبێ؟.

[12] فتح الله، جرجيس، زيارة للماضي القريب، دار الشمس للطباعة والنشر، ستوكهولم، ١٩٩٨، ص١٨-١٩.

www.kurdistannet.org
05/10/02 15:09

بەشداریی کۆنگرەکە دەکات[١٣]. کە سەرۆکایەتی بۆ نابێت، ئیدی بەوەی ببێتە ئەندامی پارتیی قایل نابێت و وەک خۆی دەڵێ، چاوەڕێی بیروڕای قازی موحەممەد دەکات. ئیدی بەشدارانی کۆنگرە ڕێگەی پێ نادەن، کە لە کۆنگرەدا بمێنێتەوە و وەدەری دەنێن[١٤]. کۆماری مەهاباد بە سەرۆکایەتیی قازی موحەممەد لە ١٨-١٢-١٩٤٦دا دەڕوخێ و قازی موحەممەد خۆی دەداتە دەست دەسەلاتدارانی ئێرانەوە[١٥]و لە ٢٣-١-١٩٤٧دا فەرمانی لە سێدارەدانی قازی موحەممەد و هاوڕێیەکانی دەدرێت، بەلام لە ٣١-٣-١٩٤٧دا فەرمانەکە جێبەجێ دەکرێت و لە سێدارە دەدرێن. ئیبراهیم ئەحمەدیش لە مانگی مارسی ١٩٤٧دا دەبێتە ئەندامی پارتیی دیموکراتی کورد، دروست لەو کاتەدا کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ئەوپەڕی تەنگانەدایە و سەرۆکەکەی و سەرکردەکانی کۆمارەکەی لەنێو چوون و ورەی خەڵکی کورد ڕووخاوە و داتەپیوە، ئەمیش (ئیبراهیم ئەحمەد) هیچ هیوایەکی بەو حیزبە نەماوە، ئەو کاتە حیزبەکەی جێدەهێڵێت و پشتی تێ دەکات.

دوو هێڵی جیاواز لە نێو پارتیدا

کە پارتیی دادەمەزرێنرێ، زۆربەی ئەندامانی ڕێکخراوەکانی شۆڕش[١٦] و ڕزگاری[١٧]چالاکیی ڕێکخراوەکانی خۆیان ڕادەگرن و دەبنە ئەندامی پارتیی. بە پێی بڕیاری بارزانی، دامەزرێنەری پارتیی، شێخ لەتیفی حەفید و کاکەزیادی غەفووری بە دوو جێگری یەکەم و دووەمی سەرۆکی پارتیی، کە بارزانی خۆیەتی، دادەنرێن. دانان

---

[13] کوچیرا، کریس، مێژووی کورد لە سەدەی ١٩-٢٠دا، وەرگیراوی محمد ربانی، تاران١٣٦٩، ل٣٠٢.

[١٤] شاویس..، من..، ص٤٢.

[١٥] دوای ئەوەی لەشکری سۆڤییێت کوردستان و ئازەربایجانی ئێران جێدەهێڵێت، حوکوومەتی ئێران هێزەکانی خۆی دەگێڕێتەوە بۆ ئازەربایجان و کوردستان. سەرتیپ همایونی، سەرکردەی هێزەکانی حوکوومەت دەبێ بۆ کوردستان. خەڵکێکی زۆر و لەپێش ئەوانیشەوە، قازی موحەممەد، هەتا میاندواو بە پێشوازیی لەشکری حوکوومەتەوە دەچن. جەلال تالەبانی لە وتووێژێکدا لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە دەڵێت:"سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات ئاشبەتالی کرد، قازی محەمەد ئیعدام نەکرابا یانی شا ئەو کەرایەتەی کرد ئیعدامی نەکدبا دەبوایە مێژووی کورد بە ئاشبەتاڵ و شتێکی تر ناوی بەرێ بە قارەمانی خۆی لە مەحکەمە و ئیعدام کردنی، خۆی کڕییەوە ئەگینا سەرۆک جەمهوری ولاتێک بچێ بەپیر لەشکری دوژمنەوە و مەڕی بۆ سەر ببڕێ ئەوە چییە؟!". سەرچاوەی ئەو قسەیەی جەلال تالەبانی: کەریمی، عەلی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی(مامۆستا عولەما)، چاپی یەکەم، بنکەی چاپەمەنی زاگرۆس، گۆتنبێرگ، سوید ١٩٩٩،ل٣٢٧.

[١٦] دوای تێکچوونی حیزبی هیوا، باڵە چەپەکەی کەرت بوو بە سەر چەند باڵێکدا. بەشێکیان چوونە نێو حیزبی کۆمۆنیستی عیراق، دەستەی ئەلقاعیدە(القاعدة)وە، کە ڕۆژنامەی ئەلقاعیدە(القاعدة)ی دەردەکرد. بەشێکی دیکەشیان چوونە نێو دەستەی وەحدەتولنیزال (وحدةالنضال)ەوە، کە لقەکەیان لە کوردستان نێوی (یەکێتی تێکۆشین) بوو، کە بە نێوی ڕۆژنامەکەیانەوە (یەکێتی تێکۆشین - وحدةالنضال) نێو نرابوو. دەستەی یەکێتی تێکۆشین، پێوەندێکی بەهێزی لەگەڵ حیزبی هیوادا هەبوو، بۆیە زۆربەی ڕووناکبیرانی چەپی نێو حیزبی هیوا، دوای هەڵوەشاندنەوەی حیزبەکەیان، بە باشیان زانی، بچنە نێو حیزبی(یەکێتی تێکۆشین)ەوە، چونکە بڕوای بە خەباتی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕاندنی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد هەبوو. لەو دەمەدا لە نێوان دەستەی یەکێتی تێکۆشین و حیزبی کۆمۆنیستی عیراقدا وتووێژ هەبوو بۆ یەکخستنی ڕیزەکانیان و ڕێکخستنی ڕێبەرایەتی لقی کوردستان، بەلام پێک نەهاتن. لە دواییدا، لە ساڵی ١٩٤٤دا ڕێبەرایەتی یەکێتی تێکۆشین، حیزبی کۆمۆنیستی کوردستانی حیراقی دامەزراند. مەکتەبی سیاسی ئەو دوو حیزبەش پێکهاتبوو لە: ساڵح حەیدەری –سکرتێر، نافیع یوونس، عەلی عەبدوڵلا، عەبدولکەریم تەوفیق، ڕەشید عەبدولقادر، عەبدوسسەمەد موحەممەد و نووری موحەممەد ئەمین. ڕۆژنامەی(شۆڕش) زمانحاڵی ئەو حیزبە بوو و حیزبەکەش بە نێوی شۆڕش ناوی دەرکرد. حیزبی شۆڕش، حیزبێک بوو لەسەر بیروباوەڕی مارکسایەتی و جەختکردن لەسەر خەباتی چینایەتی دامەزرابوو و لەگەڵ هیچ حیزبێکی کۆمۆنیستی دیکەدا چ جیاوازییەکی نەبوو. حیزبی شۆڕش لە ئابی ١٩٤٦دا خۆی هەڵوەشاندەوە و زۆربەی ئەندامانی چوونە نێو پارتیی دیموکراتی کوردەوە، کە تازە ساز کرابوو.

[١٧] حیزبی ڕزگاریی کورد، بە دەستپێشخەریی و کۆششی حیزبی شۆڕش دامەزرا. سازکردنی شیزبی ڕزگاری _وەک ڕێبەرانی دەیانگوت_ پێویستییەکی مێژوویی بوو، بۆ هێنانە گۆڕێی حیزبێکی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز، کە نوێنەرایەتی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتووی نیشتمانپەروەرانی کورد لە کوردستانی عیراقدا بکات، بۆ خەبات لە پێناوی بزاڤی نیشتمانیی و دیموکراتیی لە عیراقدا، واتە گرێدانی خەباتی"نەتەوەیی کوردیی" و "نیشتمانیی عیراقی" و چینایەتی، پێکەوە. لە ئەنجامی هەوڵدان و پێوەندی نێوان ڕێبەرانی شۆڕش و برێک لە ڕووناکبیرە کوردە پێشکەوتنخوازەکان و چەند کەسایەتییەکی کوردی ناسراوی ئەو دەمە، حیزبی ڕزگاری لە شوباتی ١٩٤٥دا دامەزرا، بەلام ساڵح حەیدەری کرۆک و بزوێنەری ئەو بزاڤەی ئەو سەردەمە بوو و سەرچاوەی یەکەمی دامەزراندی هەردوو حیزبی شۆڕش و ڕزگاری بوو. ڕێبەرایەتی حیزبی ڕزگاری، پێکهاتبوو لە: ساڵح حەیدەری، نافیع یوونس، جەعفەر موحەممەد کەریم، نووری شاوەیس، نووری موحەممەد ئەمین، ڕەشید باجەلان و تاها موحیەددین مەعرووف. حیزبی ڕزگاری لە مانگی ئابی ١٩٤٦دا خۆی هەڵوەشاندەوە و ئەندامانی چوونە نێو پارتیی دیموکراتی کوردەوە، کە تازە ساز کرابوو.

www.kurdistannet.org
05/10/02 15:09

و دەستنیشانکردنی ئەو دووانە لە لایەن بارزانییەوە بۆ بەهێزکردنی پارتیی دەبێ، چونکە شێخ لەتیف بەهێز بوو و خەڵکێکی زۆریشی هەبوو و کاکەزیادیش کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر بوو و لە کۆیە جێی ڕێز بو. کۆمەڵێک لە سەرانی ڕزگاری و شۆڕش (جەمال حەیدەری، ساڵح حەیدەری، نافیع یوونس و حەمید عوسمان) ، کە کۆمۆنیست بوو، دژی دانانی حەفید و غەفووری، بە جێگری سەرۆک، دەوەستن، لەبەر ئەوەی ئەو دووانە ئاغا و دەرەبەگ بوون. بەڵام کە بەرهەڵستیکردنی ئەو بڕیارە بێسوود دەبێت، ئەمان (حەیدەرییەکان، یوونس و عوسمان) ، نە بەشداری کۆنگرەی دامەزراندنی پارتیی دەکەن و نە دەشبن بە ئەندامی پارتیی. ئەمان دەڵێن:"ئێمە نامانەوێ لەگەڵ هێڵی بۆرژوازیدا یەک بگرینەوە، مارکسیزم_لینینزم لەم پارتییەدا لەنێو دەچێت"[18]، بەڵکە وەک پارتییەکی کۆمۆنیستیی کوردستانی دەمێننەوە و پاشتر دەچنە نێو پارتیی کۆمۆنیستی عیراقەوە. کەسی دووەمی دوای مەلا مستەفا، کە ڕۆڵێکی لەبەرچاوی لە دامەزراندنی پارتیدا بینیوە، هەمزە عەبدوڵلایە. هەمزە عەبدوڵلا پارێزەرێکی زیرەک و لێهاتوو و یەکێک "لە خەڵکە دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی عیراق بووە کە لە سییەکاندا چالاکیی نیشتمانیی دیموکراتی ئەنجام داوە"[19]، کوردێکی کۆنەکۆمۆنیست بووە، کە جنسییەی عیراقی لێ وەرگیراوەتەوە و دوور خراوەتەوە و لە ساڵانی ١٩٤٥ و ١٩٤٦دا لە کوردستانی ئێران ژیاوە. لە یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی پارتیدا وەک نوێنەری بارزانی بەشدار دەبێ و چونکە"شیاوی سکرتێریی پارتی بوو"[20] بە سکرتێری پارتیی هەڵدەبژێردرێت. ئیبراهیم ئەحمەد هەر لەو کاتەوە (مارسی ١٩٤٧) کە دەشێتە نێو پارتییەوە، هەوڵی جێی خۆ قایمکردن و خۆبردنەپێشەوە و گەلەکۆمەکی دەدات. وەک نموونەیەکیش بۆ ئەوە دەکرێ بگوترێ: دوای وەرگرتنی ئیبراهیم ئەحمەد لە ڕیزی پارتیدا، ئەو هەوڵ دەدات بۆ وەرگرتنی کەمالی میرزا کەریمیش لە پارتیدا. کە ئەویش وەردەگیرێ، ئیبراهیم ئەحمەد دەیەوێ ئەو بکرێ بە بەرپرسی خوێندکاران، بەڵام لەبەر ئەوەی خوێندکاران نایانەوێ، سەرانی پارتییش چ پایەیەکی تایبەتی نادەنێ[21]. ئیبراهیم ئەحمەد هەر لە سەرەتاوە بە بیانووی دەرەبەگایەتییەوە، لە شێخ لەتیفی حەفید و کاکەزیادی غەفووری، دڕدۆنگ دەبێت، وەلێ ئەم وەک جەمال و ساڵح حەیدەری، نافیع یوونس و حەمید عوسمان، هێندە ڕاستگۆ و بوێر نابێت، کە نەبێتە پارتیی یا پارتیی بەجێ بهێڵێ، بەڵکە سازشکارانە دەست دەگرێ بە کڵاوی خۆیەوە و هەرچی ڕق و قینیشە بۆ داهاتووی هەڵدەگرێ. خۆ ئەگەر ئەو مرۆڤێکی "چەپ" و "خاوەن بیروباوەڕ" بوایە، دەبوو دڵسۆزی چەپایەتی و بیروباوەڕی خۆی بێت و وەک حەیدەرییەکان و یوونس و عوسمان بکات. کە وای نەکرد، دیارە چەپ نەبووە. کەواتە دەگەڵ خۆیدا درۆی کردووە و کەسێکیش لەگەڵ خۆدا درۆ بکات، لەگەڵ تەواوی دنیادا درۆ دەکات. ئیبراهیم ئەحمەد لە سەرۆکایەتیی بارزانییش ڕازی نەبوو. ئەو بۆخۆی دەڵێ:"من یەکێ بووم لەو کەسانەی ناڕەزاییم هەبوو، لەوەی مەلا مستەفا لە دوورەوە سەرۆک بێ"[22]. بێجگە لەوانەش نێوانی لەتەک هەمزە عەبدوڵلادا خۆش نەبووە و هەمووددەم لە هەوڵی لێدان و دوورخستنەوەی هەمزەدا بووە. ئیدی هەر لەو دەمەوە دوو هێڵی سەرەکی لەنێو پارتیدا وەدی دەکران.

---

[18] شاویس..، من..، ص٤٢.

[19] شریف، الدکتور عبدالستارطاهر، الجمعیات والمنظمات الاحزاب الکردیة في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، ص٢٠٦،(لە نامەیەکی حەمید عوسماندا بۆ نووسەری ئەو کتێبە).

[20] شاویس..، من..، ص٦٦.

[21] سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١.

[22] عەزیز، حوسێن محەمەد، پێنج کاتژمێر لەگەڵ برایم ئەحمەددا، ١٩٩٥،ل١٥.



www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
05/10/02 15:09

پارتیی لەگەڵ دوو مەسەلەی گرنگ، ڕووبەڕوو بووبوو، یەکێکیان مەسەلەی سۆسیالیستی و ئەوی دیکەشیان مەسەلەی نەتەوایەتی[٢٤]. هێڵی یەکەم هەمزە عەبدوڵلا نوێنەرایەتی دەکرد و هێڵی دووەمیش ئیبراهیم ئەحمەد. بەگوێرەی هەموو پێوانەیەکیش پێڕەوانی سۆسیالیزم چەپن و پێڕەوانی نەتەوایەتیش ڕاست[٢٤]. ئیدی بەو جۆرە دەکرێ هێڵی هەمزە عەبدوڵلا بە چەپ و هێڵی ئیبراهیم ئەحمەد بە ڕاست بژمێردرێن. ساڵی ١٩٤٩ کە هەمزە عەبدوڵلا دەکەوێتە گرتووخانە، ڕێ بۆ ئیبراهیم ئەحمەد و دەستەکەی خۆش دەبێ. سەرانی پارتیی لە مارسی ١٩٥١دا کۆنفرانسێکی پەلە، کە ناوی کۆنگرەی دووەمی لێ دەنێن، لە بەغدا دەبەستن و ئیبراهیم ئەحمەد دەرفەت دەقۆزێتەوە و دەکرێ بە سکرتێری پارتیی و بڕیاری هەڵپەساردنی هەمزە عەبدوڵلاش دەدرێ. بەو جۆرە ئیبراهیم ئەحمەد، یەکەم کوودێتای دژی باڵەکەی دی ئەنجام دەدات و یەکەم هەنگاوی خۆچەسپاندن و خۆسەپاندن دەنێ. ئیدی پارتیی دیموکراتی کورد، لە ١٩٥٢دا، دووبەرەکی تێدەکەوێ و دوو باڵی لێ دەکەوێتەوە: باڵی هەمزە عەبدوڵلا و باڵی ئیبراهیم ئەحمەد. ساڵی ١٩٥٣، لە کەرکووک، کۆنگرەی سێیەمی پارتیی دەگیرێ و لەوێدا ناوی پارتیی، لە پارتیی دیموکراتی کوردەوە، دەگۆڕدرێ بۆ پارتیی دیموکراتی کوردستان و بڕیاری دەرکردنی یەکجاریی سکرتێری پێشوو (هەمزە عەبدوڵلا) لە پارتیی، دەدرێ. عەبدوسسەتار تاهیر شەریف دەڵێ:"وەدەرنانی هەمزە عەبدوڵلا بە هۆی ڕێبازی چەپی ئەوەوە لەنێو پارتیدا نەبوو، چونکە پارتیی ئەم ڕێبازەی پاش کۆنگرەی سێیەم گرتە بەر. بەڵام هۆی دەرکردنی ئەو دەگەڕایەوە بۆ ناکۆکیی کەسەکی و گەلەکۆمەکێی نێو سەرکردایەتیی پارتیی لە نێوان ئیبراهیم ئەحمەد و باڵەکەیدا لە لایەک و هەمزە عەبدوڵلا و باڵەکەی لە لای دووەم"[٢٥]. ئەم بۆچوونەی شەریف، هەرچەندە ئەو بۆ خۆی بەو مەبەستە نایڵێ، وەلێ ڕێک چەپایەتیی هەمزە عەبدوڵلا و ڕاستایەتیی ئیبراهیم ئەحمەد دەسەلمێنێ. کە پارتییش پاش ئەو کۆنگرەی سێیەمە "ڕووکارێکی چەپی" گرتووەتە بەر، ئیدی کاتێک بووە، کە ئیبراهیم ئەحمەد، نەیارەکەی خۆی (هەمزە عەبدوڵلا) وەدەرناوە و لە کۆڵی خۆی کردووەتەوە و ئەو کاتەش چەپایەتییەکی هەڵبژاردووە و کردووە، کە خزمەتی مەبەستەکانی خۆی بکات. پارتیی لەو هەڵبژاردنەیدا، هەرگیز، دلسۆز و ڕاستگۆ نەبووە، بەڵکە لەبەر بەرژەوەندێکی تایبەت، ئەو کارەی کردووە و ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێریشی دان بە نادڵسۆزیی خۆیان لە گرتنەبەری ئەو ڕێبازەدا دەنێ. وەک پاساودانێک بۆ بانگاشەی پارتیی کە ماوەی شەش ساڵان، هەلپەرستانە و بە درۆ و بۆ فریودانی لاوانی کورد لە عیراقدا، کە گوایە بزاڤێکی مارکسی ـ لینینی بوویێت، دوای ڕووخانی عەبدولکەریم قاسم، ئیبراهیم ئەحمەد گوتی:"پارتیی هەرگیز لەم بانگاشەیەیدا دلسۆز نەبووە، بەڵام ئەوەش شێوازێک بوو کە لاوانی ڕووناکبیر لە کوردستانی عیراقدا دەیانەویست. ئەگەر وەدووی ئەوان نەکەوتباین، ئەوان دەبوونە مولکی کۆمۆنیستەکان. ئەو کارەش هەلپەرستی و هەڵەیە"[٢٦]. لەو ماوەیەدا هەمزە عەبدوڵلا و کەسانی نێزیکی وی (موحەڕڕەم

---

[23] کوچیرا..، مێژووی ..، ل٣٠٢.

[٢٤] بە شێوەیەکی گشتیی سۆسیالیزم بەو بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژییانە دەگوترێت، کە مەبەستیان گۆڕینی کۆمەڵگەیە لە ڕێگەی بە کۆمەڵکردنی مولکداریەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە، بۆ لەناوبردنی چەوساندنەوەی مرۆڤ و جیاوازیی چینایەتی. کۆمۆنیست و سەندیکالیست و ئەنارکیستەکان بە هەموو باڵەکانیانەوە، لەگەڵ هەندێ جیاوازییاندا، دەکەونە ڕیزی ئەو بیروباوەڕانەوە و دەکەونە خانەی چەپەوە.خەڵکانێکی دیکە هەن، کە ناوی سۆسیالیستیان لە خۆ ناوە و بانگاشەی بۆ دەکەن، وەک ناسیۆنال سۆسیالیست(نازیست)ەکانی ئەڵمانیا و سۆسیالیستە ڕادیکالەکانی فرانسا و بەعسییە عەرەبە سۆسیالیستەکانی عیراق و سووریا و وڵاتانی دیکەی عەرەب و سۆسیال دیموکراتەکانی جیهان. بەڵام ئەمانە فرِیان بەسەر سۆسیالیزمەوە نییە و زۆریش دژە چەپن. کەواتە کورد گوتەنی: هەرچی سمێڵی سوور بوو هەمزەئاغا نییە. ئەوەی بانگاشەی سۆسیالیزمی کرد، نابێتە سۆسیالیست. ناسیۆنالیزم(نەتەوەخوازی)یش دەکاتە نەتەوەپەرستی و دەمارگیریی نەتەوەیی و ناسیۆنالیست دەکاتە نەتەخواز و نەتەوەپەرست، کە وەک بیروباوەڕ دەخرێنە ڕیزی ڕاستڕەوانەوە. جیهانبینی مرۆڤی سۆسیالیست، فرەوان و بەرینترە و مرۆڤی سۆسیالیست کۆخواز و هەرەوەز خوازە. ناسیۆنالیست(نەتەوەیی)یش خۆپەسەندە و لە دیدێکی تەسکترەوە دەنۆڕێتە جیهان و لە نەتەوەکەی خۆی زیاتر کەسی دیکە پەسەند ناکات.

[25] شريف..، الجمعيات..،ص١٧٨.

[٢٦] اوريل، دان، العراق في عهد قاسم، الجزء الاول، ترجمة وتعليق جرجيس فتح الله المحامي، دار نبز للطباعة والنشر، السويد١٩٨٩،ص ١٧٦–١٧٧.

www.kurdistannet.org
05/10/02 15:09

موحەممەد ئەمین، شەهاب شێخ نووری و حەمەکەریم فەتحوڵلا) ، بۆ خۆ جوێکردنەوە لە باڵی ڕاسترەوی ئیبراهیم ئەحمەد، دەستەیەک بە نێوی باڵی یا بەرەی پێشکەوتنخوازی پارتیی دیموکراتی کوردستان، پێک دەهێنن. ئەم دەستەیە، لە ساڵی ١٩٥٦دا، دەچنەوە نێو پارتیی و جارێکی دی ناوی پارتیی دەگۆڕدرێ بۆ پارتیی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان و ئیبراهیم ئەحمەدیش هەر بە سکرتێری دەمێنێتەوە. دیارە گێڕانەوەی دەستەی هەمزە عەبدوڵلا بۆ نێو پارتیی، لە سەر خواستی بارزانی بووە، چونکە کە جەلال تاڵەبانی، ساڵی ١٩٥٥، دەچێتە مۆسکۆ، چاوی بە سەیید عەزیز شەمزینی دەکەوێ و مەلا مستەفا نابینێ و ئەو کاتە مەلا مستەفا لە باکۆ دەبێ. سەیید عەزیز شەمزینی، چەند ڕاسپاردە و ئامۆژگارییەکی مەلا مستەفا، بە جەلال تاڵەبانی دەگەیەنێت. کە جەلال تاڵەبانی گەڕایەوە بۆ عیراق "هەندێ ئامۆژگاریی لە مەلا مستەفاوە پێ بوو بەوەی، کە هەمزە عەبدوڵلا وەک تاوانبار مامەڵە نەکرێت و وەک نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆز مامەڵە بکرێت و بیشگێڕدرێتەوە نێو پارتیی"[٢٧]. هەر لە سەرەتای دامەزراندنی پارتییەوە، بارزانی پێوەندێکی باشی لەگەڵ هەمزە عەبدوڵلادا هەبوو و بڕوایەکی زۆریشی پێی هەبوو. ساڵی ١٩٥٧، سەرانی لقی کوردستانی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق _ ساڵح حەیدەری، کەمال فوئاد و حەمید عوسمان_ بە ڕاوێژ لەگەڵ هەمزە عەبدوڵلادا، کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان دەبێ، بۆ کارکردن لە نێو پارتیدا و گۆڕینی بۆ پارتییەکی شۆڕشگێڕ، پارتییەکەی خۆیان بەجێ دەهێڵن و دەچنە نێو پارتیی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستانەوە. پاشان مەکتەبێکی سیاسی نوێ دادەنێن، کە بریتی دەبێ لە: بێجگە لە ئیبراهیم ئەحمەد، کە هەر بە سکرتێری دەمێنێتەوە، هەمزە عەبدوڵلا، ساڵح حەیدەری، حەمید عوسمان و جەلال تاڵەبانی. بەم گۆڕان باڵی چەپی نێو پارتیی (هەمزە عەبدوڵلا، ساڵح حەیدەری و حەمید عوسمان) ، بەهێزتر دەبێ و باڵە ڕاستەکەی ئیبراهیم ئەحمەدیش، جەلال تاڵەبانی _شاگردە گوێڕایەڵەکەی ئیبراهیم ئەحمەد_ سەر دەخات بۆ ئەندامیەتی مەکتەبی سیاسی. ململانێ و ناکۆکی و ناتەبایی ئەم دوو باڵە، کە هەر یەکە لە ئاوازێک دەخوێنن، بەردەوام و قووڵتر دەبێ، تا کوودێتای ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ی بەسەردا دێت.

کوودێتای ١٤ی تەمووز و گەڕانەوەی مەلا مستەفای بارزانی بۆ عیراق

کوودێتای ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ی عیراق، بوو بە هۆی زیندووبوونەوە و بووژاندنەوەی هیوا و ئاواتەکانی کورد لە عیراقدا، کە پاش دوورکەوتنەوەی بارزانی و ئاوارەیی لە سۆڤییێت، تووشی دژوارییەکی زۆر بووبوو. زۆربەی کوردیش پێشوازییان لە کوودێتای ١٤ی تەمموز و کارتێکردنی نەریتی لە سەر جووڵانەوەی کورد کرد. قاسم دەیویست هاریکاریی لەگەڵ کورددا بکات و وەک هاوبەشی عەرەب لە عیراقدا ڕەوتاری لەگەڵ دەکردن و لە دەستووری وڵاتیشدا ئەو مەبەستە چەسپێندرابوو. جیاوازیی لە نێوان دانیشتوانی عیراقدا نەدەکرا. کورد کارگێڕیی و پلەی بەرزی گرتە دەست و زیندانی و گیراوەکانی بەر دران و ڕێگە بە گەڕانەوەی ئاوارەکان درایەوە و یەکێک لەو ئاوارانەش مەلا مستەفای بارزانی بوو. مەلا مستەفا، سەرۆکی پارتیی، لە ئۆکتۆبەری ١٩٥٨دا، پاش نێزیکەی سێزدە ساڵان ئاوارەیی، لە سۆڤییێت گەڕایەوە بۆ عیراق. غەنی بلووریان دەڵێ: "پاش شەڕی یەکەمی جیهانی کە بزووتنەوەی کورد لە هەموو خاکی کوردستاندا سەرکوت کرا و بە ساڵان وزە لە کورد نەهات و هێزی دەسەڵاتی نەیاران بەسەر خاک و نەتەوەی ئێمەدا زاڵ بوو، ئەوە دەنگ و چریکەی ( (بارزان) ) و بارزانییەکان بوو کە بێدەنگی شکاند و چرای شۆڕشی کوردی هەڵایساند"[٢٨].

بارزانی بە هۆی پاشخانێکی خێزانیی و کەسکیی شۆڕشگێڕانە و لەخۆبوورووییەکەوە، کە لە ڕاپەڕینەکانی ساڵانی١٩٣١-١٩٣٢ و ١٩٤٣-١٩٤٥دا نواندبووی و بەشدارییەکی ئازایانە و قارەمانانەی لە کۆمارەکەی مەهابادا و پەڕینەوەی خۆی و سەدان لاوی جەنگگێڕی بارزانی بۆ سۆڤییێت و ژیانی ساڵانێکی دووردرێژی

---

27 شاویس.، من..،ص٦٢.

28 بلوریان، غەنی، ئاڵەکۆک، ستۆکهۆڵم ١٩٩٧،ل ٥٠.

www.kurdistannet.org
05/10/02 15:09

ئاوارەیی لەوێ، پایە و سامان و سەرمایەیەکی سیاسی مەزنی بۆ پێک هاتبوو و بووبوو بە کەسایەتییەکی ئەفسانەیی و گەورە و هێما و نیشانەی خەبات و هیوای تەواوی گەلی کورد و تا دەهات لە دڵی خەڵکی کورددا خۆشەویستتر دەبوو. بۆ پێشاندانی مەزنایەتیی بارزانی بە "سەرۆکی مەزن، جەنەراڵ، پاڵەوانی ڕزگاریی کوردستان، ڕێبەری هەرەمەزن، سەرۆکی گەلێر و ڕێزدار و خۆشەویستی مەزنی جەماوەر، مەزن لەنێو تەواوی کۆمەلانی گەلدا، ئەفسانەیەکی زیندوو"[29] و نێو دەبرا و نێوی ئەو بەس بوو بۆ خڕکردنەوە و یەکخستنی خەڵکی کورد. گەڕانەوەی وی بۆ عیراق، گەڕانەوەی ڕێبەر و پێشەوا و هیوا بوو بۆ وەلات و بۆ نێو گەلەکەی. بارزانی سەرۆکی خۆشەویستی گەل بوو و پێویستی بە سەرۆکایەتیی پارتیی نەبوو، بەڵکە بە پێچەوانەوە پارتیی پێویستیی بە سەرۆکایەتیی بارزانی هەبوو. پارتیی بە بارزانییەوە مەزن بوو، نەک بە پێچەوانەوە. بارزانی وەک پێویستییەک پێویست بوو. سەرانی پارتیی لە دوای ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ و گەڕانەوەی وی ((بارزانی)) لە سۆڤیێتەوە بۆ عیراق، بە هۆی لاوازیی و بوودەڵەیی و هیچ لەبارانەبوونی خۆیانەوە و بۆ خۆدانەپاڵ ناوی وی ((بارزانی)) و بەکارهێنانی ناو و ناوبانگ و گەلێریی وی، هەر دەبوو بۆ ئەنجامدانی کاری پارتایەتیی خۆیان، بارزانی بکەن بە سەرۆکی پارتیی[30]. بارزانی ئەگەر بۆ خۆی قایل بووایە، ئەوا لە نێوحیزبی کۆمۆنیستی عیراقیشدا زۆر بە باشی جێی دەبووەوە و بە خۆشحاڵیشەوە وەردەگیرا و ڕۆڵی لەبەرچاوی خۆیشی دەبوو، چونکە هەر لە کاتی گەیشتنیدا بۆ عیراق، هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی عیراق و پارتیی دیموکراتی کوردستان، کەوتنە ملانێ و پێشبڕکێیەکی زۆر گەرمەوە، هەر یەکەو بۆ ڕاکێشانی مەیلی بارزانی، بە لای خۆیدا، وەلێ ئەو (بارزانی) هەر پێشەکی بڕیاری خۆی دابوو بەوەی، کە بە لای کۆمۆنیستەکاندا لانەدات و سەرۆکایەتیی پارتیی دیموکراتی کوردستانی قەبووڵ بێت[31]. لەمەڕ گەڕانەوەی بارزانییەوە بۆ عیراق، نەوشیروان مستەفا ئەمین دەڵێ: "تا ئێستاش وا باوە عەبدولکەریم قاسم مەلا مستەفای هیناوەتەوە و، عەبدوسەلام عارف موافیق نەبوە لەسەر گەڕانەوەی. عەزیز عەقەیلی <عوقەیلی–شاکەلی>یش لە بیرخەرەوەکەیدا وا ئەلی"[32]، کەچی ئیبراهیم ئەحمەد، بە پێچەوانەی ئەو ڕایەوە، ڕووداوەکە بە جۆرێکی دی دەگێڕێتەوە و دەڵێ: "لە گەڕانەوەی بارزانی بۆ عیراق عەبدولکەریم یا پێی نەوترابوو، یا حەزی نەدەکرد مەلا مستەفا بگەڕێتەوە"[33]. بارزانی بە قایلبوونی ڕێبەری کوودێتا، عەبدولکەریم قاسم، دەگەڕێتەوە و نەتەوەییە عەرەبەکان و بە تایبەت عەبدوسسەلام عارف دژی گەڕانەوەی بارزانی دەبن[34]. ئەحمەد دڵزار لە بارەی گەڕانەوەی بارزانییەوە دەڵێ: "شایانی باسە کە لەسەر داوای مەلا مستەفا و ڕازیبوونی عەبدول کەریم قاسم و وەزیرەکانی، جگە لە مشیری ئاخرزەمان عەبدول سەلام عارف، ڕۆژی ٦-١٠-١٩٥٨ مەلا مستەفا و میر حاج و ئەسعەد خۆشەوی گەیشتنەوە بەغدا"[35]. حیزبی کۆمۆنیستی عیراقیش لە گەڕانەوەی بارزانیدا ڕۆڵێکی کارای بینیوە و توانیویەتی بە شێوەیەکی تایبەتیش کار بکاتە سەر عەبدولکەریم قاسم[36]. بە گوێرەی ئەو ڕایانە و بە دیتنی خۆم، ڕایەکەی ئیبراهیم ئەحمەد، لە ڕاستییەوە دوورە، چونکە هەر پاش سەرکەوتنی کوودێتاکە و ڕووخانی پاشایەتی، بارزانی بړووسکەی پیرۆزبایی بۆ قاسم دەنێرێت و بە کردەوەش، قاسم سەرۆک و ڕێبەر و خۆشەویست و دۆستی خەڵک دەبێت و ئەویشە، کە تا ڕادەیەک چەپ دەبێت و لە حیزبی کۆمۆنیستەوە نێزیک دەبێت و هەڵوێستی

---

29 البارزاني، البارزاني..،ص١٩٦-٢٤٠.

30 نوري، بهاءالدين، مذكرات، كردستان العراق–سليمانية ١٩٩٢، ص١٨٢.

31 الحاج، د.عزيز، القضية الكردية في العراق–التاريخ و الافاق، المؤسسة العربية للدراسات النشر، الطبعة الاولى، بيروت ١٩٩٤،ص٢٦.

32 **ئەمین..، پەنجەکان..،ل٥٥.**

33 **عەزیز..، پێنج..،ل ٢١-٢٢.**

34 شاويس..، من..، ص٦٩.

35 **دڵزار، ئەحمەد، بیرەوەری ڕۆژانی ژیانم، بەشی سێهەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٤،ل ١١.**

36 خيري، زكي، صدى السنين في ذاكرة شيوعي عراقي مخضرم،ص٢٢٩، **ساڵ و شوێنی چاپی ئەم کتێبە نادیارە.**



www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
05/10/02 15:09

**مرۆڤدۆستانەی دەبێت. فوئاد عارف دەڵێ:"عەبدولکەریم قاسم پێوەندی لەگەڵ خەڵکدا، واتە لەگەڵ گەلدا لەسەر بنەمای عیراقیتییان، ". نەک لەسەر بنەمای دەستەیەتی، بێ گوێدانە هەموو جۆرە جیاوازیگەلێکی جوگرافی یا نەتەوەیی یا تەنانەت سیاسییش، ساز دەکرد، عەبدولکەریم پیاوێکی عیراقی بوو و هەموو خەسڵەتەکانی عیراقیەتی تیدا بوون "[37]. هەرچی عارفیشە، دەمارگیرێکی ئایینی و ئاییترایی و خێڵەکی و دەستەیی و نەتەوەپەرستێکی نەریتیی توندڕەوی کۆنەخوازی عەرەب دەبێ، کە هەرگیز ڕێی تێناچێ و هۆشگیر نییە، حەزی نەک هەر بە چارەی بارزانی و کورد نەهاتبێ، بەڵکە بێجگە لە خەڵکی نەتەوەیی سوننەی عەرەب، ڕقی لە هەموو مرۆڤایەتی دەبووەوە و لەو بڕوایەشدا بوو، کە دەبێ کورد و فەلە و شیعە لە عیراقدا بنبڕ بکرێن. هەدیب ئەلحاج حموود (هديب الحاج حمود) ، وەزیری کشتوکاڵی سەردەمی قاسم دەڵێ:"عەبدوسسەلام عارف، شەوی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨، بەیەکێکی لە ئەفسەرە ئازادەکانی کە لەگەڵیدا بوون گوتووە، کە ئەوان <واتە: خۆیان - شاکەلی>شۆڕشەکە ئەنجام دەدەن و سێ دەستە هەن گەرەکە بنبڕ بکرێن، ئەوانەش: کورد و مەسیحی و شیعەن"[38]. لە گێڕانەوەی ئەو باسەدا بەو شێوەیەی خۆی، ئیبراهیم ئەحمەد ئەو کارە بە دوو مەبەست دەکات:**

**١. بۆ دزێواندن و ناوزڕاندنی قاسم، چونکە قاسم لە نێو خەڵکدا خۆشەویست بوو و تا ئێستاش خەڵک بە چاکە یادی دەکەنەوە و ئەویش (ئیبراهیم ئەحمەد) هەرگیز خۆشی لە یەکێک نەهاتووە، کە لە نێو خەڵکدا خۆشەویست بووبێت.**

**٢. باش باسکردنی عارف، کە لە کن هەموو خەڵک، بێجگە لە ئیبراهیم ئەحمەد، دزێو و خراپەکار بووە و بەوەش دەیەوێ ڕۆڵێکی مەزن بە خۆی بدات بەوەی، کە ئەو بۆ خۆی چووە بە دووی بارزانیدا لە پراگ و عارف بە هۆی ئەووەوە کارئاسانی ئەو سەفەرەی بۆ کردوون.**

**بارزانی نەک هەر بە سەرمەشق و نوێنەر و نیشانەی خەباتی گەلی کورد دەژمێردرا، بەڵکە لە تەواوی عیراقیشدا، وەک تێکۆشەرێک و یاخیبوویەک، دژ بە ڕژێمی کۆنی پاشایەتی، تەماشا دەکرا. کاتێک کە لەگەڵ هاوڕێیەکانیدا، گەڕایەوە بۆ عیراق، نەک تەنێ لە لایەن کوردەوە، بەڵکە لە لایەن عەرەبیشەوە، بە گەرمی پێشوازی کران و "بیست هەزار کەس پتر لە فرگەی بەغدا هاتبوونە پێشوازی <مەبەست پێشوازیی بارزانییە -شاکەلی>. عەرەب و کورد تێکەڵاو، شیعاردان گوێی عاسمانی کەڕ دەکرد"[39]. لە ڕاستیدا حیزبی کۆمۆنیستی عیراق ڕۆڵێکی مەزنی لەو پێشوازییەدا بینی. هەموو ڕۆژێکیش شاندێکی عەرەبی و هەر ڕۆژەی لە باژێڕ و ناوچەیەکەوە دەهاتنە دیدەنی مەلا مستەفا[40] و"ئەو ببوە قیبلەی کورد و عەرەب"[41]. حیزبی کۆمۆنیستی عیراق، گەڕانەوەی بارزانی و بارزانییەکانیان کردە بۆنە و جەژن، بۆ دەربڕینی خۆشی و شادی. بۆ بەجێهێنانی پێشوازی لە گەڕاوەکان، هەردوو سەرکردەی حیزبی کۆمۆنیست، سەلام عادیل و جەمال حەیدەری، خۆیان سەرپەرشتیی ڕاگەیاندنی بەخێرهێنانەوەیانیان دەکرد، و ڕۆژنامەی ئیتتیحاد ئەششەعب (اتحاد الشعب) ی حیزبی کۆمۆنیستیش، لە بارەی پێشوازیی بارزانییەکانەوە لە بەسرە، ڕاپۆرتی دووروودرێژی بڵاو کردەوە، و نێوی بارزانی بە خەباتگێڕ و بارزانییەکان بە خەباتگێڕان، هەڵۆکان و ئازادان، دەبرد. بەهائەددین نووری دەڵێ:"کاتێک کە کەشتییە سۆڤییتییەکە، کە مەلا مستەفا بارزانی و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون، بەرەو نیشتمان دەگواستەوە، بەرەو عیراق بەڕێوە بوو، داوامان لە هاوڕێیانمان لە باژێڕی بەسرە کرد، کە بەشداریی**

[37] عارف، فوءاد، مذكرات، الجزء الاول، تقديم وتعليق الدكتور كمال مظهر احمد، مطبعة **خەبات** -دهوك، الطبعة **الاولى١٩٩٩**، ص٢١٣.

[38] الزبيدي، ليث عبدالحسن، ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق، دارالحرية للطباعة، بغداد ١٩٧٩،ص٤٠٤-٤٠٥.

[39] **هەژار، عەبدوڕەحمان شەرەفکەندی، چێشتی مجێور، چاپی یەکەم، پاریس ١٩٩٧، ل٢٨٤.**

[40] شاويس..، من..،ص٧٠.

[41] **هەژار..، چێشتی.. ،ل٢٨٥.**



www.kurdistannet.org

ڕێکخستنی پێشوازییەکی جەماوەریی شایستە بۆ هاتووان، کە دوازدە سالانیان لە ژیانی ئاوارەیی لە هەندەران بەسەر بردبوو، بکەن. کە مەلا مستەفا خۆیشی گەیشتە بەغدا، لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی دیکەی حیزبی کۆمۆنیستی عیراقدا چووم بۆ هوتێل سەمیر ئەمیس –جێی مانەوەی کاتیی بارزانی- بۆ دیداری و بەخێرهێنانەوەی"[42] . "عەزیز ئەلحاج"یش باسی ئەوە دەکات، کە چۆن لەگەڵ مەهدی حەمید و جۆرج تەللۆدا، کە لە سەرانی حیزبی کۆمۆنیستی عیراق بوون، چوونەتە لای بارزانی، لە هوتێل پالاسی بەغدا، بۆ بەخێرهێنانەوەی و پاشان یەکەم بانگهێشتنی ڕەسمیی بۆ شیوی ئێواری، لە ماڵی خۆیان لە کەڕڕادەت مەریەم (كرادة مريم) بە ناوی کوردانی فەیلییەوە "لە ڕاستیشدا بەناوی کۆمۆنیستەکانەوە" بۆ بارزانی ساز کردووە، بە ئامادەبوونی سەدان کەسایەتیی کورد و کۆمۆنیست و لەوێش چەندین گوتە و شیعریش خوێنراوەتەوە[43].

بارزانی بێجگە لەوەی بەڕاستی، بوو بە ڕێبەر و پێشەوای کوردستان، جەماوەری کوردستان، بە گەرمی پشتیوانییان دەکرد و لەگەڵیدا بوون و لە ڕاستیشدا شیاوی ئەوە بوو. بارزانی، نیشتمانپەروەر بوو، سالانێکی دوورودرێژ لە ئاوارەیی خەباتی کرد و دوای گەڕایەوە وڵات. گەل زۆری خۆشدەویست[44]، بە گەڕانەوەیشی، لە دوای عەبدولکەریم قاسمی سەرۆکی حوکوومەت، بووبوو بە کەسایەتیی دووەم، لە کۆماری ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨دا. هەر ڕۆژی دووەمی پاش گەڕانەوەیشی بۆ بەغدا، چاوی بە عەبدولکەریم قاسم کەوت. بارزانی لە یەکێک لە کۆشکەکانی نووری ئەسسەعیدا، نیشتەجێ کرا و ئۆتۆمبیلەکەی عەبدولئیلاهی پێ درا و لە لایەن حوکوومەتەوە پێشوازیی لێ کرا و کۆمۆنیستەکان و کوردەکان، وەک سەرکەوتوویەک پێشوازییان لێ کرد[45].

ڕەوشی سیاسیی عیراق دوای کوودێتای ١٤ی تەمووز و هەڵوێستی پارتیی

دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و بوونی عیراق بە کۆماریی، دوو جۆرە دیتن یا دوو هێڵ لە نێو سەرکردەیەتیی کوودێتاکەدا، وەدی دەکرا. عەبدولکەریم قاسم، کۆمۆنیستەکان و چەپەکان، لایەک بوون و عەبدوسسەلام عارف و ئەو بەرەیەی، کە لایەنگرانی وی بوو –کە لە بەعس، ڕێکخراوی برا موسوڵمانەکان (الاخوان المسلمون) ، دەرەبەگەکان، خەڵکانی ڕێژیمی پاشایەتیی پێشوو و نەتەوەییە عەرەبەکان –و لە کوردستانیشدا بزووتنەوەی نەتەوەیی تورکمان (تۆرانییەکان) - لایەکی دیکە بوون. دەستەی یەکەم، عیراقییانە، نیشتمانپەروەرانە، سۆسیالیستانە، چەپانە و شۆڕشگێڕانە، دەستەی دووەمیش، عەرەبانە، نەتەوەییانە، ڕاسترەوانە و کۆنەپارێزانە، بیریان دەکردەوە و دەیاننۆڕییە مەسەلەکان. پارتیی دیموکراتی کوردستانیش، دەبوو لەو ململانێیەدا، خۆی ساغ بکاتەوە و خۆ وەپاڵ یەک لەو دوو لایەنە بدات. بەڵام پارتیی خۆیشی لە ململانێیەکی قووڵدا دەژیا و سەرکردەکانی، چوونیەک نەیاندەنۆڕییە ڕەوشەکە. بارزانییش، کە تازە وەک قارەمانی نەتەوە و وەڵات و سەرۆکی پارتیی، لە سۆڤییێت گەڕابووەوە، بەسەر ئەو ململانێیەدا –نێو پارتیی و نێو حوکوومەت- دا هات. بە شێوەیەکی ئاسایی و وەک هەر نیشتمانپەروەرێک، بارزانی دەگەڵ دەستەی یەکەم –قاسم، کۆمۆنیستەکان و چەپەکان- دا بوو و پشتیوانیی ئەوانی دەکرد و "بە پێچەوانەی ئیبراهیم ئەحمەد و مەکتەبە سیاسییەکەیەوە، <بارزانی–شاکەلی> هەڵوێستێکی نەرمتر و هێمنانەتری بەرانبەر حوکوومەتی قاسم و حیزبی کۆمۆنیست، دەنواند، چونکە بارزانی هەر لە منداڵییەوە و لە تەمەنی دوازدە ساڵییەوە، وەک ئەندامی شاندی هۆز، بۆ لای والیی تورک لە مووسڵ، پێش جەنگی جیهانیی دووەم، یەکەم

[42] نوري،. مذكرات..،ص١٨٢.

[43] الحاج،. القضية..، ص٤٠. هەروەها بنۆڕە: الحاج، عزيز، القضية الكردية و"خطايا" القرا ءة العمياوية، باريس ١٩٩٤،ص١٤.

[44] شاويس،. من..،ص٧٠.

[45] غريب، ادمون، الحركة القومية الكردية،دارالنهار للنشر، بيروت ١٩٧٢،ص٣٨.

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
05/10/02 15:09

کاری دیپلۆماسییانەی ئەنجام دابوو"[٤٦]. بارزانی بە هۆی سیزدە ساڵ ژیانی لە سۆڤیێت، پایە و ڕێزێکی زۆری لە نێو کۆمۆنیست و مارکسیستە کوردەکاندا هەبوو و حیزبی کۆمۆنیستیش هەر لە نیوەندی ساڵانی پەنجاکانەوە، لایەنگری و پشتیوانی لە سەرۆکایەتی بارزانی دەکرد. هێڵە چەپەکەی –هەمزە عەبدوڵڵا و هاوڕێیەکانی- نێو پارتییش، لەگەڵ هەڵوێستی بارزانیدا بوون، بە لایەنگریی قاسم و کۆمۆنیست و چەپەکان. بارزانییش، بۆ ئەوەی سیاسەتی پارتیی لەگەڵ ئەو بار و دەمەدا و لەگەڵ ئامانجەکانی ١٤ی تەممووزدا بگونجێنێت، سەرۆکی هێڵی ڕاست –ئیبراهیم ئەحمەد- ی، لە سکرتێریی پارتیی دوورخستەوە، هەرچەندە ئیبراهیم ئەحمەدی پارێزەر و خۆ بە نوێنەری سەرکردەیەتی شاریی زان، نەیدەویست مل بۆ مەلا مستەفا دانەوێنێ و بەوە قایل نەبوو، وەلێ بارزانی وەدەری نا و لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٥٩دا، ڕێبەری دەستەی چەپ، هەمزە عەبدوڵلای –کۆنەکۆمۆنیستی - بە سکرتێری پارتیی دانایەوە[٤٧]، دوای ئەوەی کە لە ١٩٤٩وە بە کردەوە و لە ١٩٥١وە بە ڕەسمی، ئیبراهیم ئەحمەد، لە سکرتێریی پارتیی دەریپەڕاندبوو. هەمزە عەبدوڵلایش "هەرگیز بۆی ڕێک نەکەوتبوو، کە بە کردەوە ڕێبەرایەتیی پارتیی بکات، وەک کە لە ساڵی ١٩٥٩دا کردی و، پارتیی بە رووکارێکی دیموکراتیی هاوپەیمان لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستدا برد، بەڵام ڕاسترەوایەتیی نێو پارتییش بەهێز بوو"[٤٨]. هەرچی هێڵە ڕاستەکە –ئیبراهیم ئەحمەد و هاوبیرانی- شە، بە پێچەوانەوە لەگەڵ هەڵوێستی دەستەی دووەم –عارف، بەعس و نەتەوەییەکان- دا بوون. عەبدولکەریم قاسمیش بە هەڵوێستی ئیبراهیم ئەحمەدی دەزانی و لێی تێگەیشتبوو، لەو بارەوە ئیبراهیم ئەحمەد بۆ خۆی دەڵێ:"ئەوەی لە دواییدا بۆم دەرکەوت، ئەوە بوو عەبدولکەریم باوەڕی پێ هێنابوو، کە من لەگەڵ کۆمەڵەی عەبدولسەلام عارفدا ڕێکم، لەگەڵ ئەو کۆمەڵەدا ڕێک نیم، کە عەبدولکەریم دەیەوێ"[٤٩]. بێجگە لەوەش، پێوەند و کردەوەکانی ئیبراهیم ئەحمەد، جێی گومانی حیزبی کۆمۆنیستی عیراقیش بووە، بۆیە ئیبراهیم ئەحمەد لەو ڕووەوە دەڵێ:"پارتیی کۆمۆنیست بلاویان کردبۆوە و بە عەبدولکەریمیشیان ڕاگەیاندبوو، کەوا من وەکوو سکرتێری پارتی، پەیوەندیم لەگەڵ نەتەوەییەکانی عەرەبدا هەیە و لەگەڵیان ڕێک کەوتووم، کۆدەتایەک دژی عەبدولکەریم بکەین"[٥٠]. بێگومان گومانکردنی عەبدولکەریم قاسم و حیزبی کۆمۆنیست، لەجێی خۆیدا بووە و وەک پاشتر ڕوون بووەوە، ئەوان ئیبراهیم ئەحمەدیان باش ناسیبوو و باشی لێ تێگەیشتبوون. ئیبراهیم ئەحمەد لە ڕووی هەڵوێستی سیاسییەوە نەناسراوە و هەرگیز خۆی ساغ نەکردووەتەوە. پارتیی دیموکراتی کوردستان، کە ئەو کاری تێدا دەکرد، بە ناو مارکسیست-لینینیست بوو. نەیارانی ڕاست، ئیبراهیم ئەحمەدیان بە هەواداری کۆمۆنیزم، کە وردەوردە بەرەو لای دیموکراسی لیبەراڵ دەڕوا، دادەنا. هەرچی چەپەکانیشە ئەویان بە ناسیۆنالیست دادەنا[٥١]. لەو سەردەمەدا ململانێیەکی زەق، لە نێوان دوو چەمکدا وەدی دەکرا، دیموکراسی و نەتەوەیی. جەرجیس فەتحوڵلا، لە بارەی شێوەی بیرکردنەوەی ئیبراهیم ئەحمەدەوە دەڵێ:"بە بڕوای خۆم، گەرموگوڕیی بیروباوەڕە نەتەوەییەکەی برایم و جەلال، بەسەر بیروباوەڕە سۆسیالیزمییەکەیاندا زاڵ بوو. بەڵام هەڵەی هەرە زەقی بیر و بۆچوونیان ئەوە بوو، ئەوانیش وەکوو مارکسییەکانی دیکە، بە قووڵی مارکسییەتیان نەخوێندبۆوە و لێیان نەکۆڵیبۆوە. . . لەبەر ئەوەی برایم و جەلال هیچ زمانێکی بیانیان نەدەزانی. . . ئەوان خوێندنەوەکانیان هەمووی ڕۆژهەڵاتیانە

---

46 خيري.، صدى..،ص٢٣٠.

٤٧ البراك، الدكتور فاضل، مصطفي البارزاني، الأسطورة والحقيقة، بغداد ١٩٨٩.ص١٥٨.**هەروەها بنۆڕە**: راندل، جوناثان، أمة في شقاق دروب كردستان كما سلكتها، ترجمة فادي حمود، دارالنهار للنشر، بيروت١٩٩٧،ص١٨٣.

48 شريف.، الجمعيات..،ص٢٠٦.(**لە نامەیەکی حەمید عوسماندا بۆ نووسەری ئەو کتێبە**).

49 **عەزیز.، پێنج..ل٢١**.

50 سەرچاوەی پێشوو.

51 **کۆچێرا.، مێژووی..ل٣٤٢**.



www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
05/10/02 15:09

بوو"[٥٢]. شێوەی بیروبۆچوونی ئیبراهیم ئەحمەد، هیچ لە بیروبۆچوونی بەعسییەکانەوە دوور نەبووە و زۆرجاران لەگەڵ دیتنی واندا یەکیان گرتووەتەوە. خالید بەگداش، سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمۆنیستی سووریا، کە بۆ خۆی کورد بوو و یەکێک بوو لە کۆمۆنیستە هەرەکەونەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەڵێ:"کاتێک کە برایم ئەحمەدم لە ساڵی ١٩٥٨ لە شاری پراگ چاو پێ کەوت و وتووێژم لەگەڵ کرد، لەسەر ڕێ و ڕەوشتی بەعسییەکانم دیت، پێم وایە بەعسییە"[٥٣]. لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا، کە هەموو جۆرە پیلان و نەخشەیەک ساز دەکرا، بۆ لەنێوبردنی ئەزموونی ١٤ی تەمموز و، هەموو خەڵکی نیشتمانپەروەر و چەپ و دڵسۆزی خاک و وڵات، لەگەڵ قاسم و حیزبی کۆمۆنیست و بەرەی گەلدا بوون، ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و هاوبیرانیان بەوە دەناسران، کە هاریکاریی هێزە نەتەوەییە عەرەبییەکان و عەبدوسسەلام عارف و هێزە بەرهەڵستکارەکانی قاسم دەکەن و بەرەی دژ بە گەل (بۆرژوازی و عارف و بەعس و ڕاستڕەوە و ڕەگەزپەرست و نەتەوەییەکان) یان هەڵدەبژارد و لە عارفەوە نێزیکتر بوون تا لە قاسمەوە و "باڵی ئیبراهیم-جەلال بە شێوەیەکی دیکە کلک بوون، ئەوان دەیانەویت پارتیی بە بۆرژوازییەتەوە (موحەممەد حەدید، سدیق شەنشەل) یا (حیزبی نیشتمانیی دیموکراتی و حیزبی سەربەخۆیی) گرێ بدەن و خۆ یەکخەن و ساز کەن دژ بە لێشاوی جەماوەر لە وڵاتدا و هەندێ هەڵوێستی حیزبی کۆمۆنیست بەکار بێنن بۆ ئەوەی پاڵ بە میرییەوە بنێن بۆ دژایەتیکردنی و لێدانی"[٥٤]. واتە هەر بە هاریکاریی لەگەڵ بۆرژوازییەکاندا نەدەوەستان، بەڵکە دەیانەویست قاسم، لە حیزبی کۆمۆنیست هاندەن و کۆمۆنیستەکان تووشی لێدان بکەن.

یەکێک لەو نەخشە و پیلانانەی، کە بە مەبەستی گۆڕینی ڕێژیمی کۆماریی و دەسەڵاتگرتنەدەست ساز کرا، یاخیبوونە سوپاییەکەی عەقید عەبدولوەهاب ئەششەووافی ٨ی مارسی ١٩٥٩ی مووسڵ بوو. یاخیبوونێکی لەو جۆرە، زیانێکی مەزنی بە کۆمار و یەکیەتیی گەل و دەسکەوتەکانی ١٤ی تەمموز و حوکوومەتی عەبدولکەریم قاسم دەگەیاند، کە وڵاتپارێز بوو و خزمەتی بە توێژە چەوساوەکان و خەڵکانی بێکەسیی دەرێی حیزبەکان دەکرد، هەر بۆیە هەڵوێستی ڕاست و دروست و نیشتمانپەروەرانە و شۆڕشگێڕانە، ڕاوەستان بوو دژ بەو یاخیبوونە و بەشداربوون بوو لە سەرکوتکردنیدا. بارزانییەکان ئەو ڕۆڵەیان بینی و بەشداریی ئەو سەرکوتکردنەیان کرد[٥٥]. عەبدولکەریم قاسم داوای لە کۆمۆنیستەکانی مووسڵ و کوردانی سەر بە بارزانی کرد، کە هێرش بکەنە سەر مووسڵ و یاخیبووەکان پێش گەیشتنی هۆزەکانی شەممەر و تەشەنەکردنی یاخیبوونەکە، لەنێو بەرن[٥٦]. بێجگە لە هۆزی بارزانییان، کۆمەڵانی ئێزدی و جووتیارانی مەسیحی دەوروبەری تلکیفیش، لە گوندانەوە لەسەر داوای بەغدا، داورووژانە نێو شاری مووسڵەوە و خۆیان خستە نێو ئەو هەرایەوە[٥٧]. پارتیی دیموکراتی کوردستان، بێگومان دەستەی چەپی نێو پارتیی، کە ئەو دەمە لە ترۆپکی دەترۆپشتنیدا بوو، لە بارەی ئەو ڕووداوەوە، بڵاوکراوەیەکی دەرکرد و داوای لە هەموو ئەندامانی کرد، کە دابەزنە سەر جادەکانی مووسڵ "بۆ شەڕ لە پێناوی خۆپاراستنندا دژ بە شۆڤێنییەتی عەرەب"[٥٨]. بە هۆی هاندانی بارزانی و بەشدارییەکی چالاکانەی خەڵکی کورد لە کوژاندنەوەی ئەو یاخیبوونەدا، حیزبی کۆمۆنیستی

---

[٥٢] عەزیز، حوسێن محەمەد، خولانەوە لە بازنەیەکی بۆشدا، دەقی چاوپێکەوتن و دەمەتەقێیەک لەگەڵ جەرجیس فەتحوڵڵای پارێزەردا، ئاپێک، ستۆکهۆڵم ١٩٩٧، ل ٣٤.

[53] کۆچێرا..، مێژووی..، ل ٣٤٢.

[54] شریف..، الجمعیات..،ص ١٩٤. نامەیەکی ساڵح حەیدەری بۆ دۆکتۆر عەبدوسسەتتار تاهیر شەریف.

[55] ئەمین..، پەنجەکان..،ل ٥٧.

[56] غریب..، الحرکة..،ص ٤١.

[٥٧] بطاطو، حنا، العراق الکتاب الثالث(الشیوعیون والبعثیون والضباط الاحرار)، ترجمة: عفیف الرزاز، موسسة الابحاث العربیة، الطبعة **الاولی،** بیروت **١٩٩٢،** ص١٩٥.

[58] البراك..، مصطفي..،ص١٦٦.

www.kurdistannet.org
05/10/02 15:09

عیراقیش له ڕۆژنامەی ئیتیحاد ئەششەعب (اتحادالشعب) دا، پەسنی بارزانی و هاوڕێیەکانی دەدا و دەڵێ:"بوونی بارزانیی خەباتگێڕ لە کوردستان لە کاتی بەرپابوونی یاخیبوونی خائینانی تاقمی شەووافدا، کارێکی مەزنی کردە سەر کوردان بۆ بەشداربوون لە دامرکاندنەوە و سەرکوتکردنی یاخیبوونەکەدا"[٥٩]. بارزانی وەک ئەرکێکی شۆڕشگێڕانەی خۆی، دڵسۆزانە خەڵکی کوردی هاندا بۆ دژایەتی ئەو یاخیبوونە ڕەگەزپەرستییەی شەوواف. ئیدی پیاوانی هۆز و خێڵەکانی کورد، بە دەنگی بانگەوازی مەلا مستەفاوە هاتن و لە چیاکانەوە هاتنە خوارێ، بۆ پارێزگاریی لە خۆیان دژی شۆڤێنییەتی عەرەب[٦٠]. کە سەرۆکی یاخیبونەکەش (ئەششەوواف) بە برینداریی خۆی دەگەیەنێتە بنکەیەکی کتوپڕی تیمارکاریی، پاش تەقە لەیەککردن لەگەڵ چەند سەربازێکی سەر بە حوکومەتدا، تیمارکارێکی کورد بە نێوی یوونس جەمیل، دەیکوژێت[٦١]. نەتەوەییە عەرەبەکانیش لەو بڕوایەدان، کە ئەششەوواف لە ژووری جلگۆڕین، بە دەستی تیمارکارێکی کورد کوژراوە. وەلێ کۆمۆنیستەکان دەڵێن، کە دوای بۆمبارانی بنکەی سەرکردەیەتیی لیوای پێنجەم، لە لایەن فڕۆکەکانی جەلال ئەلئەوقاتی (جلال الاوقاتي) یە، کە سەرۆکی هێزی جەنگیی هەوایی عیراق بوو، ئەششەوواف بە برینداری خۆی دەگەیەنێتە نەخۆشخانە، بەڵام لەوێ چەند سەربازێکی بەشی ئەندازیاریی دەیدۆزنەوە و یەکێکیان بە نێوی موحەممەد یووسف، بە خەنجەرەکەی لێی دەدات و بە عەردیدا دەدات و پاشان بە تفەنگەکەی دەسترێژی لێ دەکات، تا دەیکوژێت. هەروەها دەشگوترێ، کە بە دەستی چوار سەرباز و بە فەرمانی ئەفسەری هێزی هەوایی ئەحمەد حەبیب (احمد حبيب) کوژراوە[٦٢]. خەڵکی دیکەش هەن، دەڵێن کە ئەششەوواف، تیمارکارێک بە نێوی تاها ئەلموختار (طه المختار) کوشتوویەتی[٦٣].

ئیبراهیم ئەحمەد لە هەموو ژیانیدا بازرگانیی بە چەپ و چەپایەتییەوە کردووە و لە کاری سیاسیشدا بازرگانانە بۆ شتەکان چووە و پێوەری بازرگانانەی بەکار بردووە، واتە: چاوی لە دووی ئەوە بوو، کە کێ زیاتری دەداتێ.

دوای کوودێتای ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨، ململانێ و ناکۆکیی نێو پارتیی دیموکراتی کوردستان، زەقتر و خویاتر دەردەکەوت. بێجگە لە ناکۆکیی کەسەکی، مەسەلەی بۆچوون و بیروباوەڕیش لە ئارادا هەبوو. هێڵەکەی ئیبراهیم - جەلال و لایەنگرانیان کە "لەڕووی کێ زیاتر دەدات ( (مزايدة) ) یا لە چاوی بازرگانییەوە، واتە: سیاسەتکردن بە هۆشێکی بازرگانییەوە دەیاننۆڕییە هاوپەیمانیی لەگەڵ میری و هێزە سیاسییەکاندا (ئیبراهیم ئەحمەد دەیگوت من پارەگۆڕ (سەڕاف) م کێ فرەترم بداتێ لەگەڵ ئەوەدا مامەڵە دەکەم). ئەم باڵە دەیویست بە هەر شێوەیەک دەبێ گەورەترین دەسکەوتی حیزبی وەدەست بێنێ. ئامانج لای ئەمان پاساوی شێوازی کارکردن دەدات (ئەم ڕێبازەش لە شێوەی بیرکردنەوەی هەندێک لەم کەسانەدا لە دوای ١٩٦١وە تا ئەمڕۆ وەدی دەکرێت) "[٦٤]. هێڵی دووەمی نێو پارتیی، هێڵەکەی هەمزە عەبدوڵڵا و هاوڕێیەکانی بوو، کە لە ڕوانگەی بەرژەوەندی ستراتیژیی بزاڤی ئازادیخوازی نەتەوەی کوردەوە دەینۆڕییە هاریکاریی لەگەڵ میری و هێزە سیاسییەکانی وڵات[٦٥]. دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد، لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا بەوە دەناسران، کە دژایەتیی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق دەکەن و لەگەڵ ڕەوتی دیموکراسیدا نارۆن. کە چەپایەتی بە واتای بیرکردنەوەی سپسیالیستانە بێت (وەک باوە) ئەوا ئیبراهیم ئەحمەد هەرگیز چەپ نەبووە

59 سەرچاوەی پێشوو.

60 دان..، العراق..،الجزء الاول،ص٢٢٣.

61 سەرچاوەی پێشوو و پەراوێزی ژمارە ٦ی هەر ئەو لاپەڕەیە.

٦٢ بطاطو..،العراق..، ص١٩٥.

63 الزبيدي..، ثورة..، ص٤٣٩.

64 شريف..، الجمعيات..،ص١٩٥.

65 سەرچاوەی پێشوو،ل ٢٠٣.



www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
05/10/02 15:09

و نییە و"لەسەر ناوبردنی بە سۆسیالیست ناڕازییە، ئەو سەر بە پارتییەکی شۆڕشگێڕی پێشکەوتنخوازە"[٦٦]. ئەگەر ئیبراهیم ئەحمەد خۆ بە چەپ (سۆسیالیست) نازانێت، چۆن دەکرێ بە تۆبزی و بێ ڕەزامەندیی خۆی ئەو نێوەی لێ بنرێت. ئەگەر پشتگریی جووتیاران و بەشینەوەی زەوی، کە پارتییەکەی ئیبراهیم ئەحمەد بڕوای پێ هەبوو، کارێکی شەپڕەوانە بێت، ئەوا ئیبراهیم ئەحمەد لەو بڕوایەدایە، کە"مەسەلەگەلی وەک بیرازی زەوی و کشتوکاڵ، کە لە کۆڵەکە گرنگەکانی بەرنامەی پارییەکەیانە لەم کاتەدا دوا دەخرێت، تا ڕاخوازیی گەلی لە بارەوە وەردەگیرێ و ئارەزووە ڕاستییەکانی لەو بارەوە دەزانرێت. ئەو لەو باوەڕەشدا بوو کە کۆمپانیای نەفتی عیراق لێگەڕدرێت و چ کێشەیەکی بۆ ساز نەکرێت "[٦٧]، واتە: نە بڕوای بە مەسەلەی زەوی هەیە و نە نانەوەی گیروگرفت بۆ کۆپانییەکانی نەفت. پێش ئەوەی ئیبراهیم ئەحمەد ببێتە ئەندامی ژ. ک و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پاشتریش پارتیی دیموکراتی کوردستانی عیراق، هەرگیز لە حیزبی کۆمۆنیستدا –کە ئەو دەمە بە فێرگەی شۆڕشگێڕان دادەنرا- نەبووە و ناشبێ[٦٨] و لەگەڵ هیچ دەستە و تاقم و پارتییەکی چەپ و سۆسیالیستیشدا سەروسەودای نەبووە. ڕێک بە پێچەوانەی ئەووەشەوە لە نێو خەڵکدا وا باو بووە، کە ئەو لە ئینگلیزەوە نێزیکە و لەگەڵ تێڕوانین و ڕای ئەواندایە و تەنانەت خزمەتی نەخشە و بەرنامەی ئەوان دەکات. ئەگەر ئەو بۆچوونە تەنێ تیۆرییەک بێت –هیچ دووکەڵێک بێ ئاگر نابێت- خۆ لە ڕەوشت و هەڵسوکەوت و ڕەوتار و ئەنجامدانی کاری سیاسیدا، هەرگیز نەک هەر چەپ نەبووە، بەڵکە هەر بە لای چەپیشدا نەیڕوانیوە. ئەو کە هەر لە دەسپێکی دامەزراندنی پارتییەوە دژایەتیی دەستەی هەمزە عەبدوڵلای کردووە، هەر لەبەر ئەوە بووە، کە هەمزە عەبدوڵلا و ئەوانەش کە لەگەڵیدا بوونە و هاوبیری بوونە، وەک بیروباوەڕ کۆمۆنیست بوونە. پاش تەمووزی **١٩٥٨** و ئەو گۆڕانانەی، کە لە عیراقدا وەدی هاتن و بڵاوبوونەوە و گەشەسەندنی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە و زێتر پەرەسەندنی حیزبی کۆمۆنیستی عیراق لە نێو خەڵکدا، زۆربەی سەرانی پارتیی دیموکراتی کوردستان، باوەڕیان بە پێویستیی بوونی پێوەندێکی توند و باش و هاریکاریی لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا هێنابوو و کۆمۆنیستەکانیش ئامادەی ئەو جۆرە هاریکارییە بوون "بۆ ئەم مەبەستە <واتە: پتەوکردنی پێوەند و هاریکاریی هەردوو لا- شاکەلی> دیدارێک لە نێوان دوو شانددا لە سەرکردەیەتی هەردوو پارتیی، لە بیرۆی عامیر عەبدوڵلا، لە جادەی ئەننەهر (شارع النهر) <لە بەغدا - شاکەلی> ساز کرا. لە لایەن ئێمەوە <واتە: حیزبی کۆمۆنیستی عیراق - شاکەلی> سەلام عادیل و جەمال حەیدەری و عامیر عەبدوڵلا و من <بەهائەددین نووری -شاکەلی> ئامادە بووین. لەوانیش (پارتیی دیموکراتی کوردستان) چەند سەرکردەیەک لە نێویاندا نووری شاوەیس و جەلال تاڵەبانی هەبوون. بە شێوەیەکی ئاسایی و گەرم دەست بە ئاخافتن و بیروڕاگۆڕینەوە کرا و جارجاریش گلەیی دەگۆڕدرایەوە. کاتێک جەلال تاڵەبانی دەستی بە ئاخافتن کرد تووڕە دیار بوو و بەبێ هیچ هۆیەکی ژیربێژانە گەرم بوو و هێرشی بردە سەر حیزبی کۆمۆنیستی عیراق و بە زایۆنیزمی لێکچوواند. ئەمە شتێکی چاوەڕواننەکراو بوو بۆ ئێمە، چونکە چۆن پەنا دەبرێتە بەر شێوازێکی وەها ئیستیفزازیی بەرانبەر بە ئێمە، لە دانیشتنێکدا، کە ئامانجی هاریکاریکردن بێت، لە نێوان هەردوو پارتییدا. پێم وایە بۆ ئەندامانی شاندی پارتییش، کارێکی چاوەڕواننەکراو بوو. ئێمەش هیچ لێکدانەوەیەکمان بۆ ئەو کارە نەبینییەوە، بێجگە لە ئارەزووی تاڵەبانی، بۆ سازکردنی بارێک، کە نێزیکبوونەوە و هاریکاریی لە نێوان هەردوو پارتییدا، کارێکی دژوار بێت. سەلام عادیلیش تووڕە بوو و مشتی کێشا بە سەر مێزەکەی، کە لە دەوری دانیشتبووین و بە تووڕەیی گوتی: ئەدەبت

66 ادامسن، **دیڤید و جرجیس فتح الله، الحرب** الكردية وانشقاق ١٩٦٤، ستوكهولم ١٩٩٠،ص١٩٧.

67 سەرچاوەی پێشوو.

68 **عەزیز..، پێنج..، ل٨٩.**

www.kurdistannet.org
05/10/02 15:09

**هەبێ. ئیدی ئێمە هەموو لە کۆبوونەوەکە کشاینەوە و شاندەکەی پارتییمان بە تەنێ بەجێهێشت"[٦٩]. ئەو هەڵوێستی زۆر چەپانەی دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی دەردەخات، کە چەند دژی هاوکاری و هاوخەباتی پارتیی و کۆمۆنیستەکان بوونە، لە کاتێکدا لە نێو پارتییدا باڵەکەی دی دۆستایەتیی کۆمۆنیستەکانیان پێ باش و پێویست بوو.**

---

[69] نوري، بهاء الدين، مذكرات، كردستان العراق، سليمانية ١٩٩٢،ص١٨١.

www.kurdistannet.org

# سەرەتایەک بۆ خوێندنەوەیەکی نوێی مێژووی چەپی کوردی(عیراق)

**ئەمجەد شاکەلی**

**- بەشی دووەم – بۆ خوێندنەوەی بەشی یەکەم کلیکی ئێرە بکە**

**یەکلاکردنەوەی ململانێیەکەی نێو پارتیی:**

**ئەو ململانێیەی نێو پارتیی دیموکراتی کوردستان، کە بە کردەوە سەرانی پارتیی کردبوو بە دوو دەستەوە، تا ساڵی ۱۹۵۹ بەردەوام بوو. دووفاقی(إزدواجية)یەک لە سیاسەتی پارتیدا هەبوو، چونکە لە پارتیدا دوو باڵ هەبوون، باڵی چەپ، بە ڕێبەرایەتیی هەمزە عەبدوڵڵا و باڵێکی ڕاسترەو بە ڕێبەرایەتیی ئیبراهیم ئەحمەد. لە کۆنگرەی چوارەمدا، باڵە ڕەسترەوەکە سەرکەوت و پارتیی لە باڵە چەپەکە پاکتاو کرد و ڕێبەری چەپەکان بە تەواوی لە پارتیی وەدەر نرا و ئیدی قۆناغی دووفاقانەی نێو پارتیی کۆتایی هات[1]. وەدەرنان و لابردنی دەستەی چەپی نێو پارتیی(هەمزە عەبدوڵڵا، حەمید عوسمان، ساڵح حەیدەری، نەژاد ئەحمەد عەزیز، خوسرەو تەوفیق، حەمەکەریم فەتحوڵڵا و ساڵح ڕوشدی)، کە خەڵکانێکی نەتەوەیی و لە هەمان کاتیشدا نیشتمان (عیراق) پەروەر-دیارە بە پێی پێوەری ئەو دەمە- بوون، واتە هەم کورد و هەم عیراقی، لە سەر دەستی بارزانی ئەنجام درا. بێگومان ئەنجامدانی ئەو کارە هەروا لەخۆڕا و کتوپڕ نەبوو، بەڵکە لەمێژ بوو ئیبراهیم ئەحمەد و ڕاسترەوانی هاوبیری، نەخشەیان بۆ کێشابوو و کنەیان بۆ دەکرد. دوو هۆکاری گرنگ، کە ڕۆڵێکی لەبەرچاویان لە ئەنجامدانی ئەو کارەدا بینی و هەلومەرجەکانیان بەرەو ئەو لایەنە برد ئەمانە بوون:**

**۱. هەر دوای گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤییت، جەلال تالەبانی "خۆی گەیاندێ و خۆی زۆر لێی نزیک کردەوە، دەستی کرد بە موشاغەبەکردن لەسەر هەمزە عەبدوڵڵا و نەژادی ئەحمەد عەزیز ئاغا و خەسرەو و حەمید عوسمان کە ئەو سەردەمە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتیی بوون. وای لە بارزانی گەیاندبوو کە هەمزە عەبدوڵڵا و هاوڕێیەکانی پارتییان کردووەتە پەیمانگەیەک بۆ پێگەیاندنی ئەندامانی حزبی شیووعی. وای تێ گەیاندبوو کە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی ئەو سەردەمە دەڵێن ئێمە وەکو دەورەیەکین، وەکو پەیمانگەیەکین دەبێ خەڵک ئامادە بکەین و ڕۆشنبیریان بکەین تا فێرە سیاسەت بن، کە فێری سیاسەتیش بوون دەبێ بچنە ناو حزبی شیووعییەوە. ئیتر هەمیشە دووبارە و سێبارەیان دەکردەوە بۆ بارزانی کە خەریکە پارتی نامێنێ و دەیبەنە ناو حزبی شیووعییەوە. تا وایان لێ کرد کە هەمزە عەبدوڵڵا و برادەرەکانی لە مەکتەبی سیاسی دەربکرێن و برایم ئەحمەد ببێتە سکرتێر و جەلالیش ببێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی لە کاتێکدا لە بەهاری ۱۹۵۹دا جەلال تالەبانی لە پارتی تەجمید کرابوو. لە کاتی تەجمید کردنیدا، تالەبانی گەشتێکی بۆ هەولێر و ڕەواندز و ناوچەی باڵەک کرد، دووای ئەوەی لە گەشتەکە گەڕایەوە ئینجا توانیی بە پشتەوانیی بارزانی ئینقلابێک لەسەر هەمزە عەبدوڵڵا و هاوڕێیەکانی بکات و دەست بگرێ بەسەر مەکتەبی سیاسیی پارتیدا، ئەمەیش یەکەم ئینقلابی بوو و برایم ئەحمەد بە سکرتێر و خۆیشی بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتیی مایەوە"[2].**

---

[1] شريف..، الجمعيات..،ص٢٠٤.

[2] **هەریری، فرەنسۆ، بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ، چاپی یەکەم، پیرمام-هەولێر ۱۹۹۵، ل۷-۸.**



www.kurdistannet

www.kurdistannet.net
16-10-02 01:25:22

**٢. لەو دەمەدا سەرهەنگ عیسا پەژمان، کە کوردێکی ئێرانی دەبێت، نوێنەری سەربازیی <لە ڕاستیدا کارمەندی ساواک-** سازمان اطلاعات وامنیت کشور **– دەسگای زانیاری و ئاسایشی دەوڵەت-شاکەلی> دەبێت لە سەفارەتی ئێرانی لە بەغدا، پێوەندێکی باش و دۆستایەتییەکی بەهێزی لەگەڵ عەبدوڕڕەحمان** (عیسا)**زەبیحی و یەدوڵڵا فەیلیدا <بە تایبەت لەگەڵ زەبیحیدا کە وەک باوەڕپێکراوێکی ساواک مامەڵەی دەکات-شاکەلی> دەبێت. سەرهەنگ پەژمان کۆمەکێکی زۆر بەو دووانە دەکات بۆ ئەوەی جووڵانەوەیەکی چالاکانە بەرپا بکەن. ئەو دووانە بەو شێوەیە دەست بەسەر کۆمیتەی ناوچەی بەغدادا دەگرن[٣]. لەو سەردەمەشدا عیراقی ١٤ی تەمموز، بووبووە جێی تێکۆشان و خەباتی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و لە نێو ئەوانیشدا ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران، کە ئەو دەمە هەموو سەرانیان لە بەغدا گیرسابوونەوە و، بارزانییش دژی ڕێژیمی شا و، بۆ نواندنی چالاکیی کۆمەکی زۆری پێ دەکردن. دەمڕاستی ئەو کاتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێیران، ئەحمەد تەوفیق** (عەبدوڵڵا ئیسحاقی) **بوو، کە نێوانی هەم لەگەڵ بارزانیدا زۆر باش بوو-بارزانی خۆشی دەویست- و هەم لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد و تاقمەکەیدا باش بوو. ئیبراهیم ئەحمەد و تاقمەکەی –بەتایبەت زەبیحی بە هۆی ئەوەی کە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو- توانییان ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئەحمەد تەوفیقەوە، بیروڕا خراپ و ناحەزەکانی خۆیان، بەرانبەر هەمزە عەبدوڵڵا و هەڤاڵەکانی، بە بارزانی بگەیەنن و دووزمانیی لا بکەن و، بە سوودوەرگرتن لە هەستی کوردایەتی ئەو، گومانی بەرانبەر دڵسۆزیی و پاکیی هەمزە و هاوڕێیەکانی لا دروست بکەن، بەوەی کە هەمزە عەبدوڵڵا دەیەوێ، پارتیی بکاتە بەشێک لە حیزبی کۆمۆنیستی عیراق[٤]. بەو شێوەیە توانییان بارزانی، بە دەستبەردان و وازهێنان لە هەمزە عەبدوڵڵا و هەڤاڵانی، قایل بکەن. بارزانی داوای لێ کردن، کە کۆنگرەیەک بگرن و کێشەکە لەو کۆنگرەیەدا شارەسەر بکەن. ئیبراهیم ئەحمەد و تاقمەکەی، بارزانییان تێگەیاند، کە کۆنگرە بە قازانجی هەمزە عەبدوڵڵا و بە زیانی ئەمان دەبێت، چونکە زۆرینەی پارتیی لەگەڵ هەمزە عەبدوڵڵا و هەڤاڵەکانیدا بوون. بۆیە داوایان لە بارزانی کرد، کە دەسەڵات و هێزی خۆی بەکار بهێنێت. ئیدی بەو جۆرە، لە ئێوارەی ٣٠ی حوزەرانی ١٩٥٩دا، بارزانی بە کۆمەڵێک چەکدارەوە دەچێتە بارەگای بەغدای پارتیی و داگیری دەکات و فەرمانی وەدەرنانی هەمزە عەبدوڵڵا و هەڤاڵانی، لە سکرتێریی و مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیی پارتیی دەدات و ئیبراهیم ئەحمەد دەکاتەوە بە سکرتێری پارتیی.**

**ئەو کارەی بارزانی کوودێتایەک بوو، دژی هێڵی چەپی نێو پارتیی. دنەدانی بارزانی، لە لایەن ئیبراهیم ئەحمەد و ڕاستڕەوانی هاوبیرییەوە، بۆ دەرکردنی چەپەکانی نێو پارتیی، مەترسییەکی زۆری ڕاستڕەوان بوو، لە نێزیکبوونەوەیەکی پتری پارتیی لە کۆمۆنیستەکانەوە. چونکە حیزبی کۆمۆنیستی عیراق لە سەر هەوڵ و تێکۆشانی خۆی بۆ پێکهاتنێک لەگەڵ حیزبە نیشتمانییەکانی دیکەدا و بۆ**

---

[3] شریف..، الجمعیات..،ص٢٠٨.

[٤] **حەمەدەمین سیراجی، لەمەڕ هەڵوێست و بیروڕای زەبیحی و دەستەی ئیبراهیم ئەحمەدەوە لە چەپ و کۆمۆنیستان، دەڵێ:"مامۆستا زەبیحی کتێبێکی بە ناوی**(ڕەدی کۆزمۆپۆلیتی) **نووسیبوو و لەوێدا دژی چەپەکان بووە و لەگەڵ مەکتەب سیاسی کۆن <ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی – شاکەلی>بووە کە ئەوانیش هەر دژی چەپەکان بوون". شێخ عیززەددینی حوسەینیش لەبارەی زەبیحییەوە دەڵێ:"زۆر موخالیفی کۆمۆنیست و چەپ و...ئەوە بوو دەیگوت خراپن، درۆ دەکەن، کوردیان ناوێ، هەل پەرستن". سەرچاوەی ئەو قسانەی سیراجی و حوسەینی، ئەمەیە: کەریمی، عەلی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی**(مامۆستا عولەما)**، چاپی یەکەم، بنکەی چاپەمەنی زاگرۆس، گۆتنبێرگ، سوید١٩٩٩، ل٢٠٨ و٣٤٧.**



www.kurdistannet.net

خەبات لەپێناوی کۆتاییهێنان بەو سەردەمە نائاساییە و دامەزراندی دەسەڵاتێکی دیموکراتیی، بە نوێنەرایەتی خەڵک و ڕێگەدان بە ئازادیی دیموکراتی و دامەزراندنی حوکوومەتێکی تێکڕایی بە ڕێبەرایەتی قاسم، بەردەوام بوو و لە هەمان کاتیشدا بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز تێدەکۆشا[5] و بۆ ئەو مەبەستەش پرۆژەیەکی، بۆ بەرنامە و هەلومەرجی کارکردنی ئەو بەرەیە، بلاو کردەوە و ختستییە پێش چاوی جەماوەر و، لە حوزەیرانی ١٩٥٩دا، ڕۆژنامەی ئیتتیحاد ئەششەعب(إتحادالشعب) بلاوی کردەوە و، لە لایەن حیزبی کۆمۆنیست و پارتیی دیموکراتی کوردستان و دیموکراتە پێشکەوتنخوازەکان، کە لە دژی بڕیاری هەڵپەساردنیان لە حیزبی نیشتمانیی دیموکراتی جودا بووبوونەوە و، هەندێک بێلایەنی پێشکەوتنخوازەوە، وەک پرۆگرامێک، بۆ بەرە، بڕیاری لەسەر درا و نوێنەرەکانیان لە ٢٨-٦-١٩٥٩، بیرخەرەوەیەکیان دا بە سەرۆکی حوکوومەت. بەڵام حیزبی نیشتمانیی دیموکراتی بە سەرۆکایەتیی کامیل ئەلچادرچی و، حیزبی پێشکەوتنخواز بە سەرۆکایەتیی موحەممەد حەدید، دوای ئەوە، هەر ساردییان دەنواند و خۆیان خەریک دەکرد، لە بەشداریکردن لە بەرەدا و، حیزبە نەتەوەییەکانیش، بە تایبەت حیزبی بەعس، بە تەواوی ڕەفزی بەشداربوونی بەرەی کرد لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی عیراقدا. ڕاستڕەوانی نێو پارتیی دیموکراتی کوردستانیش، بە بەکارهێنان و قۆستنەوەی هەستی نەتەوەیی و بە مەبەستی پالێپوەنانی پارتیی دیموکراتی کوردستان بەرەو گۆشەگیری و دەمارگیریی نەتەوەیی و، ڕاکێشانی بەرەو بەرەی دژایەتی کۆمۆنیزم، هەوڵی تێکدانی هاوپەیمانیی نێوان پارتیی دیموکراتی کوردستان و پارتیی کۆمۆنیستی عیراقیان دا[6]. ئەوەی پتر دامەزراندنی بەرەیەکی لەو جۆرەی وەک پێویستییەک دەهێنایە پێشەوە و تا ڕادەیەک کردبووی بە ئەرکێک، باری وڵات و ملانێی چینایەتی بوو"شەڕی چینایەتیی توندوتیژ، بە سەر سەرکردەیەتی حیزب <حیزبی کۆمۆنیستی عیراق -شاکەلی>دا، خۆئامادەکردنێکی خێرای سەپاند و، بە پەلە، بەرەیەکی نیشتمانیی نوێ، لە نێوان حیزبی کۆمۆنیستی عیراق و چەند حیزبێکی نیشتمانی و پێشکەوتنخوازی دیکەی عیراقیدا، بلاو کرایەوە. لە دوایشدا دەرکەوت، کە ئەوانەی نوێنەرایەتیی ئەم حیزبانەیان کردبوو، نوێنەرایەتی تەنێ باڵە چەپەکانی نێو ئەو حیزبانەیان دەکرد، بۆیە ئەو کارە، بوو بە هۆی وەلانانیان لە حیزبەکانی خۆیان"[7]. ئەو بیرخەرەوەیەی درایە عەبدولکەریم قاسم و بەرنامەی بەرەیەکەی تێدا بوو، لە ژمارە ١٢١ی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٥٩دا، بلاو کرایەوە و لە لایەن پارتیی دیموکراتی کوردستانەوە، هەمزە عەبدوڵڵا، نووری شاوەیس، خوسرەو تەوفیق، نەژاد ئەحمەد عەزیز، ساڵح حەیدەری، شەمسەددین موفتی و سبغەتوڵڵا مزووری، ئیمزایان کردبوو، کە سەرکردەیەتییە چەپەکەی پارتیی بوون. بۆ ئاشکراکردن و ڕاگەیاندنی دامەزراندنی ئەو بەرەیە، جەژن و ئاهەنگەکانی ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٥٩، بۆ یادی شۆڕشی ١٩٢٠ و ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەکی گەورە بۆ ئەو مەبەستە، دیاری کرا، بەڵام ڕێک هەر لەو ڕۆژەدا، باڵەچەپەکەی نێو پارتیی دەردەکرێت و ئەو بەرەیە لەبار دەبرێت و بەو جۆرەش یەکیەتی هێزە نیشتمانییەکان نەهاتە دی، خواست و ئاواتەکانی ئیبراهیم ئەحمەد و ڕاستڕەوانی هاوبیری هاتنە دی و ئەو کارەش ڕێگەخۆشکردنێک بوو بۆ نێزیکبوونەوەی

---

[5] خيري، د. سعاد، من تأريخ الحركة الثورية في العراق ثورة ١٤ تموز، دارابن خلدون، الطبعة الأولى١٩٨٠، بيروت،ص٢٣٦-٢٣٧.

[6] قوجمان، حسقيل، ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق، المملكة المتحدة،ص١٣٧.

[7] محمود، نجم، الصراع في الحزب الشيوعي العراقي وقضايا الخلاف في الحركة الشيوعية، ١٩٨٠،ص٣٦.

هێزە بۆرژوازی و ڕاسترەو و دژەچەپەکان و نەیارانی کۆمۆنیزم، بۆ بەرەنگاربوونەوەی شالاوی گەل و خواستی سۆسیالیزم. بارزانی بەو کارەی، هەڵەیەکی سیاسیی مەزنی کرد، چونکە هێڵە ڕاسترەوەکەی ئیبراهیم ئەحمەد –تاڵەبانی، بە سەر پارتیدا سەپاند و زاڵ کرد. ئەو هێڵەش لەمێژ بوو، لە هەل و دەرفەت دەگەڕا و هەوڵی خۆسەپاندنی بەسەر پارتیدا دەدا. ئیدی بەو شێوەیە مەیدانیان بۆ چۆڵ بوو و تەواوی ڕێکخستنی پارتیی کەوتە بن دەستیانەوە و بە گوێرەی بیروباوە.ی خۆیان کەوتنە پەروەردەکردنی خەڵکی نێو پارتیی. بارزانی بەو کارەی جێگەی بۆمبێکی کۆککراوی، کە لەمێژ بوو بۆی دانرابوو، خۆش کرد و ئیبراهیم ئەحمەد –تاڵەبانیش پارتییان بەرەو هەڵدێر برد و لە ١٩٦٤دا بۆمباکەیان تەقاندەوە.

www.kurdistannet.net

# سەرەتایەک بۆ خوێندنەوەیەکی نوێی مێژووی چەپی کوردی (عیراق)

ئەمجەد شاکەلی

## - بەشی سێیەم -

بۆ بینینی بەشی یەکەم و دووەم

### هەڵوێستی ئیبراهیم ئەحمەد و هاوبیرانی لە هەمبەر کۆمۆنیستەکان و کەسانی دیکە لە سەردەمی پاشایەتیدا

وەک ئاشکرایە بیروباوەڕ بەبێ ڕەوشت ناکاتە هیچ[1]. سۆسیالیزم و ئاکاری چاک دوو شتن، لەتەک یەکدیدا دەژین و بەبێ یەکدی هەڵناکەن و ناتەواون. مرۆڤی چەپ و سۆسیالیست، ئەگەر بە ڕەوشت، چەپ و سۆسیالیست نەبوو، چەپانە و سۆسیالیستانە کاری نەکرد و، ئاکارێکی چەپانە و سۆسیالیستانەی نەبوو، ئەوا نەک هەر چەپ و سۆسیالیست نییە، بەڵکە ناڕاستگۆ و فریودەر و خائینیشە، بە بیری سۆسیالیزم و چەپ. ئەگەر ئاورێک لە ژیان و بۆچوون و ڕەوتار و ڕەوشت و هەڵسوکەوتی ئیبراهیم ئەحمەد بدەینەوە، ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە، کە ئەو نەک هەر چەپ نەبووە و بڕوایشی بە چەپایەتی و سۆسیالیزم نەبووە، بەڵکە بە کردەوە دژایەتی ئەو جۆرە بۆچوون و دیتنانەشی کردووە. لە سەردەمی پاشایەتیدا، لە کاتێکدا کە بەشی زۆری خەڵکی عیراق، لە دەوری حیزبی کۆمۆنیستی عیراق کۆببووبوونەوە و خەباتیان دەکرد و مەسەلەی نەتەوایەتی بۆ خەڵک هێندەی مەسەلەی چینایەتی و باری ئابووری و جڤاکی گرنگ نەبوو، دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد و هاوبیرانی لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستدا، دانوویان پێکەوە نەدەکولا و ددانی خێریان بە حیزبی کۆمۆنیستدا نەدەنا. شاگردە دڵسۆزەکەی ئیبراهیم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، کە باسی کۆمۆنیستە عیراقییەکان —دەستەی ئەلقاعیدە (القاعدە) بە سەرۆکایەتیی سەلام عادیل، ڕایەت ئەششەغیلە (رایەالشغیلە) بە سەرۆکایەتیی جەمال حەیدەری و وەحدەت ئەششیووعیین (وحدەالشیوعیین) - دەکات بێجگە لەوەی هەڵوێستیانی پێ خراپە، بیروڕا و تێڕوانینەکانی هەمووشیان بە ڕاسترەوانە دادەنێت و خۆیانی لەوان پێ چەپترە[2]. وەنەبێ ئیبراهیم ئەحمەد و هاوبیرانی، بەتەنێ دژایەتی کۆمۆنیست و چەپەکانیان کردبێ، بەڵکە بەرانبەر خەڵکی دیکەی بێلایەن، ناودار، ناسراو، ڕووناکبیر و هی دیکەش، زۆرجاران هەڵوێستی نەیارانەیان هەبووە و بوختان و قسەیان بۆ هەڵبەستوون. یەکێک لەو کەسایەتییە ناسراو و کوردپەروەرانەی، کە ئیبراهیم ئەحمەد هەمیشە دژایەتی کردووە و بە خراپە باسی کردووە، ڕەفیق حیلمی بووە. ڕەفیق حیلمی و حیزبی هیوا، لە دنەدان و هاریکاریی ڕاپەڕینی بارزانییەکان و مەلا مستەفای بارزانی ١٩٤٢دا، ڕۆڵێکی لەبەرچاویان هەبوو. پاش ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ و گەڕانەوەی بارزانی بۆ عیراق "ڕەفیق حیلمی بەمە زۆر دڵخۆش بوو. ئومێدی بیرکردنەوە لە ئازادیی کورد لە چوارچێوەی حکومەتی دیموکراتیی تازەی عیراقدا لای زیندوو بۆوە، بەڵام ئیبرایم ئەحمەد، کە هەر لە ڕۆژانی پارتی هیواوە دژی ڕەفیق حیلمی و پارتی هیوا بوو، دەوروپشتی مەلا مستەفای دا و نەیهێشت لە ڕەفیق حیلمی نزیک بێتەوە. ڕەفیق حیلمی زۆر بە دڵسۆزییەوە دەیویست

---

1 لە کوردەواری خۆیشماندا بەو مەلایانەی، کە هەر بە قسە موسوڵمان بوون و بە کردەوەش شتێکی دیکە، دەیانگوت:"مەلای بێ عەمەل".
2 البارزانی..، البارزانی..،ل٢٠-٢٤.



www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
12-11-2002 0:45

یارمەتی مەلا مستەفا بدا...ئیبرایم ئەحمەد بەتەواوی دەستی گرتبوو بەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان و مەلا مستەفادا و ڕێشی نەدا بەهیچ جۆرێک مەلا مستەفا و رەفیق حیلمی بگەن بەیەک"[٣]. ئیبراهیم ئەحمەد هەر بەوەوە نەوەستاوە، کە نەهێڵێ بارزانی و حیلمی یەکدی ببینن، بەڵکە لە ڕۆژنامەی خەباتیشدا دەکەوێتە ڕەخنە و تانووتدان لە ڕەفیق حیلمی، کە گویە حیلمی کورد نییە و تورکمانە[٤]. ئیبراهیم ئەحمەد هەر بەو خراپەباسکردنە بەرانبەر ڕەفیق حیلمی نەوەستاوە، بەڵکە گەرەکێتی ناویشی پەڵەدار بکات و وای بداتە قەڵەم، کە حیلمی نازیست بووە و لەژێر کاریگەریی واندا بووە. ئیبراهیم ئەحمەد دەڵێت:"بیرمە جارێک لە مایسی ١٩٤١دا کە بەهۆی ئینقیلاب ( (کودێتا) ) رەشید عالی گەیلانی و زابتە نەتەوەیی عەرەبەکانی سەر بە ئەڵمانەکانەوە، بانگ کرابوومەوە بۆ سەربازی وەک (زابتێکی ئیحتیات) و لەو کاتەدا لە کەرکووک بووم. ئێوارەیەک لەگەڵ کۆمەڵێ لە ئەفسەرە کوردەکانی دۆستم، کە زۆربەیان ئەندامی (هیوا) بوون لە ( (یانەی ئەفسەران) ) دانیشتبووین، لەپڕ مامۆستا رەفیق حیلمی دەرکەوت و گشت زابتەکانیش بەرز بوونەوە هەر وەکوو ئەو (هیتلەر) و ئەوانیش سەربازی نازی بن، دەستیان هەڵبڕی و هەمو بە یەکدەنگ گوتیان ( (هەربژی سەرۆکی باڵا) ) بەبێ ئەوەی هیچ گوێ بدەنە زابتە عەرەبەکانی دەوروبەریان و، هەتا ( (سەرۆکی باڵا) ) داوای دانیشتنی لێنەکردن دانەنیشتنەوە"[٥]. ئەو هەڵوێستانەی ئیبراهیم ئەحمەد و پێڕەوانی زۆرجاران دووڕووانە بوون و لەگەڵ دیتن و بیروڕای خۆیشیاندا پێچەوانە بوون. دژایەتیکردنی شێخ لەتیفی حەفید و کاکەزیادی غەفووری و تەماشاکردنیان وەک دوو ئاغا و دەرەبەگ، هەر لە دەسپێکی دامەزراندنی پارتییەوە، لە لایەن ئیبراهیم ئەحمەد و هاوبیرانییەوە، چتێکی شاراوە نییە، کەچی لە دەرفەتێکی دیکەدا، وەک نیشانەیەکی دووڕوویی و ناڕاستی، جەلال تاڵەبانی، بۆ خۆبردنەپێشەوە لە بارزانی و پێشاندانی پایە و جەماوەریی پارتیی لە نێو خەڵکدا و شانازی بە

---

3 حیلمی، پرۆفیسۆر د. پاکیزە رەفیق، یادی سەد ساڵەی لەدایکبوونی مامۆستای کوردایەتی رەفیق حیلمی، رابوون، ژمارە٢٦، ١٩٩٩،ل٣٥.

٤ سەرچاوەی پێشوو،ل٣٥-٣٦. برادەرێکی کورد پێش چەند ساڵێک بۆی گێڕامەوە و گوتی:"کە خوێندکار بووم لە یەکێک لەو وڵاتە بەناو سۆسیالیستانەی ئەورووپای ڕۆژهەڵات، جاروبار دەچووینە جڤینی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد و بەشداریی چالاکییەکانیانمان دەکرد. جارێکیان برادەرێکی کوردی کەرکووکی، کە حەزی دەکرد بەشداریی ئەو جۆرە کۆبوونەوانە بکات داوای لێکردم ئەگەر چووم بۆ ئەو دانیشتنانە لەگەڵ خۆمدا بیبەم. وا ڕێککەوت جارێکیان پێکەوە چووین. هەر کە دانیشتین و دانەنیشتین، یەکسەر مقۆمقۆ کەوتە نێو زۆرینەی ئەوانەی لەوێ بوون و ئەو زۆرینەیەش خەڵکی سلێمانی بوون. کەوتنە خێسەکردن لەو برادەرە و یەکێک گوتی ئەم بۆ هاتووە خۆ کورد نییە و یەکێکی دیکە گوتی ئەوە سێ مەوجە(واتە: سێ شەپۆلە و کوردی و عەرەبی و تورکمانی دەزانێت و قسەیان پێ دەکات. ئەو ناتۆرەیە زۆرجاران لەلایەن خەڵکی سلێمانییەوە بۆ خەڵکی کەرکووک بەکار دەبرێت) و ئەوی دی گوتی ئەمە تورکمانە و ئیدی ناخۆشیان کرد. ئەو برادەرەش هەڵسا و گوتی: من وەک کوردێک هاتم بۆ ئەوەی بەشداریی کار و چالاکییەکانتان بکەم و هاتم ببمە کورد و کوردایەتی بکەم، ئێوەش بەو شێوەیە تێم دەڕوانن. من نەمگوتووە دەبمە ئینگلیز یا فرانسایی یا ئەمەریکایی یا ئەڵمانی یا میللەتێکی پێشکەوتووی دیکە. باشە ئێوە چیتان بۆ مرۆڤایەتی کردووە، کە هێندە لەخۆ بایین. ئایا ئێوە چوونەتە بان مانگ؟ دەرمانی شێرپەنجە یا ئەسپرین یا پەنسلینتان دۆزیوەتەوە؟ چیتان کردووە و شانازی بە چییەوە دەکەن؟ ئەوا ئەو کوردایەتییەم هەر نەویست. ئیدی بە دڵشکاوی و تووڕەییەوە هۆڵەکەی بەجێهێشت و ڕۆیشت. تاوانی ئەو برادەرە تەنێ ئەوە بوو، کە خەڵکی کەرکووک بوو و لەبەر ئەوەی لە گەڕەکێکدا گەورە بووبوو و ژیا بوو، کە برێک کاریگەریی زمانی تورکمانیی لەسەر کوردییەکەی هەبوو و وەک خەڵکی سلێمانی قسەی نەدەکرد". شەوێکی لەگەڵ چەند دۆستێکدا لە قاوەخانەیەکی ستۆکهۆڵم دانیشتبووین، باسی سامی شۆڕش هاتە ئاراوە، کە چەند خۆگەهێن و هەلپەرستە، دوای ئەوەی، کە خۆی گەیاندبووە لای پارتیی دیموکراتی کوردستان و لەسەر گۆڕی بارزانی قسەی کردبوو، یەکێک لەو دۆستانە —کە سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو- گوتی: سامی شۆڕش عەرەبە و کورد نییە و باوکی عەرەبە. دیارە ئیبراهیم ئەحمەدیش بێجگە لە شێوەی دیکەی دوژمنایەتی و ناوزڕاندن، هەستی شارچێتی-چونکە ڕەفیق حیلمی خەڵکی کەرکووک بووە- لا بزاوە و ئەو چەکەیشی بەکار بردووە، بۆیە ڕەفیق حیلمی بە تورکمان دەداتە قەڵەم. لە بارزانی دەگێڕنەوە کە لە بەرسڤی پرسیارێکدا کە پێناسەی کورد چییەو کێ کوردە. گوتوویەتی: ئەو کەسەی هەست بە کوردبوونی خۆی بکات و خۆی بە کورد بزانێت، ئەوە کوردە.

5 ئەحمەد، ئیبراهیم، لە بیرەوەرییەکانم، گزینگ، ژمارە ١٣، پاییزی ١٩٩٦، ل٤٥.



www.kurdistannet.org

ڕۆڵی خۆیان لەو بارەوە، فشە و خۆهەڵکێشان بە بوونی کەسانێکی"ئاغا و دەرەبەگ" و "پارێزگار و مەلازادە"وە دەکات لە نێو پارتیدا و دەڵێت:"پارتیمان زۆر کەسایەتی کۆمەڵایەتی پشتگیری دەکەن، لە ڕیزەکانیشیدا شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحموودی حەفید و موحەممەدزیادی کۆنە ئەندامی پەرلەمان و دەمڕاست و دەسترۆیشتووە مەزنەکان و مەسعوود موحەممەدی کۆنە ئەندامی پەرلەمان و کەسایەتیی نیشتمانپەروەر، هەن"[6]. هەر ئەو شێخ لەتیفەی، کە ئیبراهیم ئەحمەد هەمیشە قینی لێ بووە و خۆی و هاوبیرانی، بە ئاغا و دەرەبەگ باسی دەکەن و دەیبینن، ماڵەکەی هەمووده‌م داڵدە و پەناگەی خەڵکانی چەپ و توودەیی و کۆمۆنیستان بووە[7] و یەکێک لە سەرانی کۆمۆنیستەکان لە بارەیەوە دەڵێت:"بەرەحمەت بێ تا کۆچی دوایی کرد، دۆستێکی دڵسۆز و خۆشەویستی حزب<مەبەست حیزبی کۆمۆنیستی عیراقە-شەکەلی> بوو"[8] و غەنی بلووریانیش لەبارەی هەمان شێخ لەتیفەوە دەڵێت:"ئەو کوردێکی زۆر خاوێن و دڵسۆز بوو"[9]. لە کاتێکدا کە گومان لە چەپایەتیی هەمزە عەبدوڵلا نەبووە و، باباعەلی شێخ مەحموودیش لە سەردەمی پاشایەتیدا، هەڵوێستی دژی پەیمانی پۆرتسمۆس وەرگرتووە و، لە ئەندامیەتی پەرلەمان وازی هێناوە و، لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمیشدا لەبەر نیشتمانپەروەریەتی کراوە بە وەزیر، جەلال تاڵەبانی کە دێتە سەر باسی باباعەلی شێخ مەحموود، زەید ئەحمەد حوسمان، سددیق میران، گیو موکریانی، هەمزە عەبدوڵلا و پارێزەر موحەممەد سەعید کانیمارانی، گومان لە هەموویان دەکات و، هیچ یەکێکیان بە سەلامەت دەر ناکات و، سەرپاکیان بە پێوەندکردن بە سەفارەتەکانی ئینگلیز و ئەمەریکا و ئەوانەوە و کارکردن بۆیان و خزمەتکردنیان، تاوانبار دەکات و، بە ناپاک و ڕاسپەو و نەیاری مەسەلەی کورد و نیشتمان نێوزڕیان دەکات[10].

---

6 البارزاني..،البارزاني..،ل٢٣٢.

٧ گەورەپیاوێکی دیکە، کە هەمان هەڵوێستی جوامێرانەی لە چەپ و کۆمۆنیستان هەبوو، خودالێخۆشبوو موحەممەد سەعید بەگی جاف بوو، کە یەکێک بوو لە بەگزادە جافەکانی کەلار و ڕووناکبیرێکی گەورە و نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆزیش بوو. ساڵی ١٩٥٤، کاتێک کە سەروان(الرائد) خوسرویی ڕووزبێ(خسرو روزبە ١٩١٥-١٩٥٨)، کە ئەفسەرێکی کۆمۆنیست و ئەندامی سەرکردەیەتی حیزبی توودەی ئێران و ئەندامی ڕێبەرایەتی ڕێکخراوی سەربازی و زانیاریی ئەو حیزبە، لە ڕێژیمی شا هەڵدێ، لە باشووری کوردستان، موحەممەد سەعید بەگی جاف، لە ماڵی خۆیدا لە "کەلار" داڵدەی دەدات. ڕووزبە، کە تەنێ ئاغای جاف دەیناسی، بۆ ئەوەی خەڵکی دی نەیناسنەوە، نێوی خۆی گۆڕیبوو بۆ "وەستا عەلی". لە ماڵی ئاغای جافدا و لەبەرچاوی خەڵک، وەک خزمەتچی و کارگەرێک کاری دەکرد، وەلێ ئاغای جاف ڕێزێکی تایبەتی بووی هەبوو و کە هەر خۆیشیان بووبایەن جۆرێکی دیکە مامەڵەی لەگەڵ دەکرد. هاوینی ١٩٥٤، کە تازە ماڵی ئێمە لە (کەلار)ەوە بارمان کردبووە (شاکەل) و چونکە ئەوێش خاکێکی دەیم و بێئاو بوو، دەبوو بۆ وەدەستخستنی ئاو،بیری ئاو(چاڵاو) هەلکەنین. موحەممەد سەعید بەگی جاف، کە دۆست و هاوڕێیەکی یەکجار نێزیکی باوکم بوو، ئەو "وەستا عەلی"یەی نارده لای باوکم، بۆ ئەوەی هەم بیری ئاوەکەمان بۆ هەڵکەنێ و هەمیش لەبەرچاوی خەڵک دوورکەوێتەوە و جێگۆڕکێیەک بکات. ئیدی زیاتر لە مانگێک لە ماڵی ئێمەدا بوو و سەرگەرمی هەڵکەندنی ئەو بیرە بوو. من بۆ خۆم لە یادمە، کە پیاوێکی بڕێک بەخۆوە و سوورکار و سەرڕووتاوە و سمێڵ گەورە بوو و، کە چەند بەو کارەشەوە شەکەت دەبوو. لە یادیشمە کە هەندێ خواردنی بەدڵ نەبوو و بەدایکمی دەگوت، کە فلانە خواردن لێنەنێت، چونکە حەزی لێی نییە و نایخوات. بە کوردییەکی شکاوی لەژێر کاریگەریی ئازەری و فارسیدا دەپەیڤی. بۆ نموونە دەنگی "ق" لای ئەو دەبووە "گ". بە "قەیسی" دەگوت "گەیسی". کە بیرەکەش دوای ماوەیەکی زۆر- چونکە گەلەک قووڵ بوو-گەیشتە ئاو، یەکجار خۆشحاڵ بوو. پاش تەواوبوونی کارەکەی گەڕایەوە بۆ ماڵی ئاغای جاف لە کەلار و دواتریش کەلاری بەجێهێشت. مەسەلەی ئەوەی، کە ئەو "وەستا عەلی"یە، خوسرویی ڕووزبێ بووە، ئاغای جاف، کاتی خۆی بۆ باوکمی گێڕابووەوە و منیش لە باوکم بیستبووم. بەهاری ١٩٩٢یش، کە لە ئەڵمانیا بە خزمەتی ئاغای جاف گەیشتم، ئەو باسەی بۆ گێڕامەوە. خوسرویی ڕووزبێ، لە١٠-٥-١٩٥٨ دا لە لایەن ڕێژیمی ئێرانی شاوە شەهید کرا.

8 بانیخێلانی، بیرەوەرییەکانم،ل٢٢٤.

9 بلوریان..، ئاڵەکۆک..،ل٨١.

10 البارزاني..،البارزاني..،ل١٩٦-٢٢٩.

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
18-12-2002 13:15

# سەرەتايەك بۆ خوێندنەوەيەكى نوێى مێژووى چەپى كوردى (عيراق)

ئەمجەد شاكەلی

## ـبەشی چوارەمـ

بۆ بينينى بەشـەكانى تر كليكى ئێره بكە

## هەڵوێستی بارزانی و دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد و هاوبیرانی بەرانبەر کۆمۆنیستەکان دوای کوودێتای بەعسی ١٩٦٣

www.kurdistannet.org

پاش کوودێتای بەعسییەکان لە ساڵی ١٩٦٣دا، ژمارەیەکی زۆر لە کۆمۆنیستە عیراقییەکان، لەترسی قەڵاچۆکردن، هەڵاتن و ڕوویان کردە چیاکانی کوردستان. دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد و مەکتەبە سیاسییەکەی دەیانەویست سووک و باریک ئەو کۆمۆنیستانە-کە کۆمەڵێکیان ئەفسەری گەورەی لەشکر و مرۆڤی لێهاتوو بوون، وەک: سەلیم فەخری، سەعید مەتەر (مطر) ، جەلال باڵتە، تاها بامەڕنی و غەزبان ئەسسەعد (غضبان السعد) و کۆمەڵێکیشیان خەڵکێکی سیاسەتکار بوون، وەک: عەزیز موحەممەد –کە لە کوردستان مایەوە- و عامیر عەبدوڵلا و هەموو ئەندامانی دیکەی کۆمیتەی ناوەندیی، کە چوون بۆ سووریا و لەوێشەوە بۆ سۆڤییێت و هی دیکەش، کە بە هەموو شێوەیەک و بە گیان هاوبەشیی بزاڤە چەکدارییەکەی کوردیان دەکرد- بدەنەوە دەستی بەعسی عیراقەوە و بە کردەوەش ئەو کارەیان ئەنجام دەدا و زۆر لە کۆمۆنیستەکان گیانیان لەدەست دا. لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی مەکتەبی سیاسی پارتیی "ڕێگە بە کۆمۆنیستەکان نەدرا، چەکیان هەبێ و هەلگرن. لە زۆر جێگە پەلامار دران و چەککران و ئیبراهیم ئەحمەد هەر دوای کوودێتای شوباتی ١٩٦٣ی بەعس برووسکەی بۆ هەموو ڕێکخراوەکانی پارتییەکەی ناردبوو و داوای لێ کردبوون کە پتر تەنگ بە کۆمۆنیستەکان هەڵچنن و ئازاریان بدەن"[1]. ئەوەی کە پشت و پەنای ئەو بێچارانە بوو، بارزانی بوو. بارزانی دەرگای بۆ کردنەوە و تەواوی ئەوانەی وا هەڵاتبوون هاتن بۆ لای وی و ئەویش جوامێرانە داڵدەی دان. بارزانی چەکی دانێ و کردنیە پێشمەرگە و بەشداریی شەڕی دژی حوکوومەتی کردن و پلە و پایە و جێگەی بەرز و لەبەرچاویشی لە نێو دەسگا سەربازی و کارگێڕییەکەیشیدا بە هەندێکیان سپارد و بەو کارەیشی پتر مەیلی سۆڤیێتییەکانیشی بە لای شۆڕشی کورددا ڕاکێشا. بەهائەددین نووری دەڵێت:"لەو ناوچانەی، کە لە ژێر دەسەڵاتی بارزانیدا بوون، بارەکە بە شێوەیەکی دیکە بوو و هیچ کۆمۆنیستێک چەک نەکرا، بەڵکە جێگەی مانەوە و خڕبوونەوەیان بۆ دابین کرا و لە بەهرە و زانینیان سوود وەرگیرا. کە منیش بووم بە سکرتێری هەریم لە ناوچەکانی باڵەک و قەرەداغ و گەرمیان و بیتوێن و بادینان، هێزی پێشمەرگەی چەکدارمان هەبوون، کە لە ژێر سەرکردەیەتیی بارزانیدا بوون. بارزانی لە بواری چارەسەرکردنی نەخۆشی و تەکنیکدا، سوودی لە کادرانی کۆمۆنیست وەرگرت"[2]. زەکی خەیری دەڵێت:"بارزانی ئامێزی بۆ کادرانی حیزبی کۆمۆنیست، کە پەنایان بۆ ناوچەی وی بردبوو، گرتەوە و لەو ڕۆژە سەختانەی دوای ساڵانی ١٩٦٣، کە تووشی بوون، پاراستنی. هەرچی مەکتەبی سیاسی پارتی<مەبەست دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی و هاوڕێیانیانە-شاکەلی>شە هەڵوێستێکی ڕێک پێچەوانەیان وەرگرت و تەنانەت نێزیکەی ١٠ کادری کۆمۆنیستی پەناخوازیان سەربڕی"[3]. نایب عەبدوڵلا، لەمەڕ داڵدەدانی کۆمۆنیستەکان لە لایەن بارزانییەوە و هەڵاتنیان لە بەعس و ئیبراهیم ئەحمەدییانەوە دەڵێ:"بەشی زۆری سەرکردەکانی حیزب لە بەغدا و کەرکووک و شارەکانی ترەوە ڕۆشتوون بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بارزانی و شۆڕش لە ناوچەی دەرگەڵە و ڕەواندوز و. . هتد. وە بە یارمەتی بارزانی بنکەی چەکداریشیان کردۆتەوە"[4]. بارزانی دەڵێ:"من لە سۆڤییێت

---

[1] نوري..، مذكرات..، ص٢٤٧.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٨.

[3] خيري..، صدى..،ص٢٣٠.

[4] عەبدوڵلا..، بیرەوەری..، ل١٣٥.

زیاترم بۆ كۆمۆنیسته عیراقییه‌كان كردووه. ڕێگه‌كانی كوردستانی ئازادم بۆ كردنه‌وه و هه‌موو هه‌لاتوو و په‌ناخوازێكم وه‌رگرتن، له كاتێكدا كه ده‌سته‌ی مه‌كته‌بی سیاسی ڕێیان لێ ده‌گرتن و هه‌ندێكیشیان لێ ده‌دانه ده‌سته‌وه"[5]. ئیبراهیم ئه‌حمه‌د ئه‌و قسه‌یه‌ی بارزانی به ته‌واوی و به توندی ده‌داته دواوه، وه‌لێ واقیع لایه‌نگری دیتن و بۆچوونه‌كه‌ی بارزانی بوو، چونكه مه‌كته‌بی سیاسی ده‌یه‌ویست بۆ ماوه‌یه‌ك خۆ به دڵسۆزی پێكهاتنه پێشینه‌كه –كه له نێوان ئیبراهیم ئه‌حمه‌د و تاهیر یه‌حیادا و هه‌ر له سالّی ١٩٦٢وه ساز كرابوو–ی له‌گه‌ڵ ڕێژیمی نوێدا پێشان بدات[6]. ئه‌وجا بۆ ده‌بێ ئیبراهیم ئه‌حمه‌دێك، كه بیه‌وێ چه‌پترین مرۆڤی ئه‌وده‌مه‌ی عیراق و میوانی كوردستانه‌كه‌ی خۆی بداته‌وه ده‌ست به‌عسێكی نه‌ته‌وه‌یی ڕه‌گه‌زپه‌رسته‌وه و چه‌ك بكات و په‌لامار بدات و بكوژێت، به چه‌پ بژمێردرێت؟!. كاتێك كه به‌عس قاسمیان ڕووخاند و خۆیان ده‌سه‌لاتیان له عیراقدا گرته ده‌ست، به‌یاننامه‌ی ژماره ١٣یان ده‌ركرد بۆ قه‌لاچۆكردنی كۆمۆنیسته‌كانی عیراق "مه‌كته‌بی سیاسی پارتیش بلاوكراوه‌یه‌كی ناوخۆیی به هه‌مان ناوه‌ڕۆك ده‌ركردبوو بۆ فشار خستنه‌سه‌ر شیوعییه‌كان و نه‌هێشتنیان له كوردستاندا. ده‌یان هاوڕێمان له گوندی (مالومه) كه باره‌گای مه‌كته‌بی سیاسی لێبوو له زینداندا بوون و ئه‌شكه‌نجه و ئازار ده‌دران و داوای پاكانه‌كردنیان لێده‌كرا و ژماره‌یه‌كی زۆریان له هاوڕێیانمان چه‌ك كرد و هێرشیان كرده سه‌ر چه‌ند بنكه‌یه‌كی پێشمه‌رگه‌كانمان له شاخی (به‌مۆ) ی ناوچه‌ی خانه‌قین و وه‌ڵه‌سمت له ناوچه‌ی شاره‌زوور و هه‌ڵه‌بجه و شوێنه‌كانی تر"[7] و "چه‌ند كۆمۆنیستێك له ناوچه‌ی (به‌مۆ) به‌ده‌ستی پێشمه‌رگه‌كانی پارتیی كوژران. له هه‌موو شتێكیش خراپتر ئه‌وه بوو، كه عه‌لی عه‌سكه‌ری به ده‌مانچه‌كه‌ی خۆی دوو كۆمۆنیستی له‌وانه‌ی، كه دوای شه‌ڕی به‌مۆ به یه‌خسیری كه‌وتبوونه ده‌ستی، كوشتبوون"[8]. حیزبی كۆمۆنیستی عیراق، كه له هاریكاریی و دالده‌دانی سه‌ركردیه‌تی شۆڕشی كورد، ڕێبه‌رایه‌تی بارزانی، دڵنیابوو، ئیدی پشتی لێ ده‌كاته‌وه و به مافی خۆی ده‌زانێت، ئه‌ویش بنكه‌ی پێشمه‌رگه و چه‌كداریی خۆی له هه‌ر شوێنێكی كوردستاندا بكاته‌وه و چالاكیی سیاسی خۆیشی ئه‌نجام بدات. له "به‌مۆ" و ناوچه‌ی خانه‌قینیش ئه‌و كاره ده‌كه‌ن. به‌لام سه‌رانی پارتیی ئه‌و ناوه، كه هه‌موو سه‌ر به ده‌سته‌ی ئیبراهیم ئه‌حمه‌دن و به تایبه‌ت عه‌لی عه‌سكه‌ری، ڕێگه‌یان نادات و ده‌كه‌وێته دژایه‌تیكردنیان. عه‌لی عه‌سكه‌ری به هێزێكی گه‌وره‌وه، هێرش ده‌كاته سه‌ر بنكه‌ی "به‌مۆ"ی حیزبی كۆمۆنیستی عیراق و پاش چه‌ند ڕۆژێك شه‌ڕی نابه‌رابه‌ر، بنكه‌كه ده‌گرن و چه‌ند پێشمه‌رگه‌یه‌كی كۆمۆنیست ده‌كوژن و چه‌ندیشیان لێ بریندار ده‌كه‌ن و پێنج كادری پێشكه‌وتوویشیان كه به یه‌خسیری ده‌یانگرن پاشان ده‌كوژن. هه‌ندێكیشیان، كه یه‌خسیر ده‌كرێن ده‌نێردرێن بۆ زیندانی "ماوه‌ت"، یه‌كێك له‌وانه "عه‌بدولڕه‌حمانی سالّحی خله"ی ئه‌ندام كۆمیته‌ی شاری سلێمانی ده‌بێت. هه‌ندێك له پێشمه‌رگه كۆمۆنیسته‌كان له كاتی ڕاونان و هه‌لاتندا له ئاوی "سیروان" ده‌خنكێن. یه‌كێك له‌وانه"به‌كری حاجی ئه‌حمه‌د نه‌مه‌ڵی" ده‌بێ. هه‌ر دوای ئه‌و ڕووداوانه هێزه‌كانی عه‌لی عه‌سكه‌ری په‌لاماری بنكه‌ی "وه‌ڵه‌سمت" یش ده‌ده‌ن و بنكه‌كه داگیر ده‌كه‌ن و كۆمه‌ڵێكی دی پێشمه‌رگه‌ی كۆمۆنیست ده‌گرن و ده‌كوژن. له نێو گیراوه‌كاندا دووانیان ژن ده‌بن، كه چه‌كدارانی پارتیی ده‌یانده‌ن به ده‌ستی ڕێژیمی به‌عسه‌وه[9]. حه‌مه‌ی عه‌زیز (خاڵه حه‌مه) ، كه یه‌كێكه له خه‌ڵكانی نه‌ته‌وه‌یی كورد و له بزاڤی كوردایه‌تیشدا ڕۆڵی خۆی هه‌بووه، له‌مه‌ڕ ڕه‌وتار و هه‌ڵوێستی بارزانی و ده‌سته‌ی ئیبراهیم ئه‌حمه‌ده‌وه به‌رانبه‌ر كۆمۆنیسته‌كان و ڕووداوه‌كه‌ی "به‌مۆ"وه ده‌ڵێت:"له هه‌موو لایه‌كه‌وه (به‌عسییه‌كان-شاكه‌لی) په‌لاماری كۆمۆنیسته‌كانیاندا، ئه‌وانیش تا توانیان داكۆكیان له خۆیانكرد، هه‌زارانیان لێگیرا و كوژرا، هه‌زارانیش ڕوویان كرده وولاته دراوسێكان و كوردستان، ئه‌وانه‌ی ڕوویانكرده ناوچه ڕزگار كراوه‌كانی قه‌ڵه‌مڕه‌وی به‌هه‌شتی بارزانی په‌نادران و ڕێزیان لێگیرا و مه‌ودای چالاكیشیان درا، ئه‌وانه‌ش ( (له كورده‌كان) ) كه ڕوویانكرده قه‌ڵه‌مڕه‌وی مه‌كته‌بی سیاسی به‌رهه‌ڵستیان لێكرا و شه‌ڕیان له‌گه‌ڵ كرا و لێیان كوژرا و لێیان گیرا، بۆ وێنه ڕۆژێكی هاوینی سالّی ١٩٦٣ چاوم به براده‌ری خۆشه‌ویستم به‌هه‌شتی كاك ئه‌وره‌حمانی سالّحی خله، كه‌وت له‌گه‌ڵ كۆمه‌ڵێك گیراو ئیشی پێده‌كرا، ئه‌ملاو ئه‌ولام ماچكردو لێم پرسی بۆچی و له كوێ گیراوه، ووتی له‌گه‌ڵ هه‌نده‌ك هاورێیانماندا له‌لای سه‌رته‌ك و به‌مۆ بووین، هاتنه سه‌رمان و كوژراو و بریندارمان هه‌بوو، منیان گرت و ناردوویانم بۆ

---

[5] ادامسن،. الحرب،.. ص٧٢-٧٣(المقدمة بقلم جرجيس فتح الله المحامي).
[6] سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل٧٣، په‌راوێزی ژماره ٣٢.
[7] بانیخێلانی.، بیره‌وه‌رییه‌كانم،.. ل٢١٥.
[8] نوري،. مذكرات،.. ص٢٤٧.
[9] عه‌بدوڵلا.، بیره‌وه‌ری،.. ل١٣٩-١٤٥.



www.kurdistannet.org

ئیره"[10]. عەلی عەسکەری لە سەر خڕکردنەوەی ئابوونە و پیتاکیش، کە بە تۆبزی بەسەر گوندنشینەکاندا سەپاندبوویان، دەستی لە کوشتنی خەڵکانی بێتاوانی کۆمۆنیستدا هەبووە. گوندەکانی"شیرەمەڕ، گامێشتەپە، چاوگ، شەکرالی"، کە دانیشتووانەکانیان، سەر بە حیزبی کۆمۆنیستی عیراقی بوونە، لەبەر ملکەچنەبوونیان بۆ ئابوونەدان بە پارتیی، عەلی عەسکەری بە سەرۆکایەتیی هێزێکی چەکداریی گەورەوە، دەوری ئاوایی "چاوگ" دەدا و هێزەکە دەستدەکەن بە تەقە بە نێو ئاواییدا و خەڵکی گوندیش بەرەنگاری ئەو هێزە دەبنەوە. لە ئەنجامدا دوو کەسی کۆمۆنیستی بێچەکی گوندەکە "قەدحە عەلی" و "عەبدوڵلا عینایەت" دەکوژرێن و چەند ماڵێکی کۆمۆنیستی ناسراو دەسووتێنرێن و عەلی عەسکەری داوا دەکات، کە هەموو کۆمۆنیستەکان خۆبدەنەدەستەوە، وەلێ ئەوان ئەو کارە ناکەن و ئیدی کۆمەڵە ماڵە کۆمۆنیستێکی دیکەش لە گونددا، دەسووتێنن و دەکەونە گرتنی خەڵکانی سەر بە حیزبی کۆمۆنیست و ئازاردانیان لەو گوندانەی ئەو دەوروبەرەدا و، هێندە تەنگ بە خەڵکەوە هەڵدەچنن، تا دەبنە هۆی ئەوەی، کە کەسانێکی ناسراوی وەک "حاجی ڕەئووفی نەورۆلی" و "کوێخا عەلی چاوگی" لە ڕقی ڕەوتاری ناپەسەندی سەرانی پارتیی، پەنا ببەنە بەر ئەوەی، کە ببنە جاش و چەک بۆ حوکوومەت هەڵگرن[11]. دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد، بە کوودێتای ٨ شوباتی ١٩٦٣ی بەعسییان شاگەشکە گرتوونی و کۆڵێک کەیفیان پێی ساز بووە و داکۆکیشیان لێ کردووە و بە دەرفەتیشیان زانیوە بۆ کەوتنە پەلاماردانی کۆمۆنیستەکان، وەک ئەوەی تۆڵەی ڕقی خۆیان لە قاسم، لەوان بکەنەوە و خۆیشیان بە نوێنەری بەعس زانیوە لە کوردستاندا. دەکرێ هەڵەبجە وەک نموونەیەک بهێنینەوە. لە هەڵەبجە، کە تەواوی ڕێکخستنەکانی پارتیی و لێپرسراوانی، سەر بە دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد بوون، ڕۆژی یەکەمی کوودێتا، ٨ی شوبات، هەر لەپاش نیوەڕۆوە، هێزی پێشمەرگە و لێپرسراوانی پارتیی لە گوندەکان و ڕێگاکانی دەوروبەری شاری هەڵەبجەدا دامەزران و خۆیان ئامادەکرد. لە ئێوارەدا هەموویان هاتنە نێو شارەوە و جێگا بڵند و گرنگەکان و سەر ڕێگاکانیان گرت و لەناو شاردا بە زۆری بلاوبوونەوە و دەسبەجێ لە بلندگۆی مزگەوتەکانەوە دەستیان بە وتاردان کرد و یەکەم قسەشیان بۆ جەماوەری هەڵەبجە ئەوە بوو، کە ئەوەی ڕوویداوە ڕۆژێکە، ئەوان سالانێکە خوێنی لە پێناودا دەڕێژین و چاوەنۆڕین. فەرمانی جموجووڵنەکردنی هەموو کەس و هێزێکیان دەرکرد و بڕیاری ئەوەیشیان دا، کە ئەوەی بجوڵێتەوە جووڵەی دەبڕن و زۆری تریشیان گوت. بۆ ڕۆژی دووەم شانبەشانی پۆلیس کەوتنە گەڕان و دەیانگوت، کە بۆ پاراستنی ناو شار ئەو کارە دەکەن. بە هەڵسوکەوت و ڕەوتاریان وایان پێشاندەدا، کە ئەوان بۆ خۆیان قاسمیان ڕووخاندووە و دەسەلاتیان گرتووەتە دەست. ئیدی بەو کارەیان کۆمۆنیستەکانیان خستە ڕەوشێکی دژوارەوە، تا ئەو ڕادەیەی، کە نەیانتوانی هیچ جوولانەوەیەک لە دژی کوودێتاکە بکەن، چونکە یەکسەر پارتییەکان لێیان ڕاست دەبوونەوە و خراپیان پێ دەکردن[12]. دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تالەبانی، وەنەبێ هەر لە دوای کوودێتای ٦٣ی بەعس، ئەو هەڵوێستەیان لە حیزبی کۆمۆنیستی عیراق بووبێت"مەکتەبی سیاسی پارتی، هەر لە ساڵی ١٩٦١ەوە دەستیان کرد، بە ڕاونان و کوشتن و بڕینی شیوعییەکان لە شارو شارۆچکەو گوندەکان بە ڕابەرایەتی حیلمی عەلی شەریف، لە چیای بەمۆ و ژاڵەناوو گوندەکانی بەری سیروان، ئەوانەی ئەگیران ڕەوانەی بەندیخانەی گەلالە ئەکران و ئازارو ئەشکەنجە ئەدران. لە ساڵی ١٩٦٤یشدا کە لایەنێکی تری ڕێکخراوی جولانەوەی نیشتمانی دروست بوو کە لە دوای ناوەڕاستی هەفتاکاندا بوو بە (یەکیەتی نیشتمانی ئێستا) . . ئەوانیش هەر لەگەڵ جیابوونەوەیاندا لە پارتی، کەوتنە ڕاونان و کوشت و بڕی شیوعییەکان و گیراوەکانیان ڕەوانەی بەندیخانەکانی بەکرەجۆو چەمی ڕێزان ئەکردو زۆریان بێ سەروشوێن ئەکردن"[13]. وەک بەراوردێک لە نێوان هەڵوێستی مەلا مستەفای بارزانی و مەکتەبی سیاسیی پارتیی دیموکراتی کوردستان —کە ئەودەم بە دەست ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێکانییەوە بوو- بەرانبەر پارتیی کۆمۆنیستی عیراق و هەلاتنی کۆمۆنیستەکان دوای کوودێتای بەعسی ١٩٦٣ بۆ کوردستان، نەوشیروان مستەفا ئەمین، کە بۆ خۆی هەر لە دەسپێکی جیابوونەوەی ئەو تاقمەوە لە پارتیی و تا ئێستاش لەگەڵیان بووە و یەکێکیشە لە سەرکردە و هزرڤان و تیۆریزانەکانیان، دەڵێت:"مەلا مستەفا دالدەی دان و، کارئاسانی بۆ کردن، بەلام ئیبراهیم ئەحمەد ڕێگەی نەدان. بنکەکانیان داخستن و چەکدارەکانیان چەک

---

[10] عەزیز، حەمەی(خالەحەمە)، بیرەوەری، ئاوڕێک لە ڕابوردوویەکی نزیک، باسکار، ژمارە ٣، ١٩٩٩، ل٧٨.

[11] عەبدوڵلا..، بیرەوەری..، ل ١٣٠-١٣٢.

[12] سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٢-١٣٣.

[13] ڕەشید، قادر(ئەبوشوان)، پشتاشان لەنێوان ئازار و بێدەنگیدا، ١٩٩٨،ل٨٦.



www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
18-12-2002 13:15

کردن. لە هەندی شوین شەر و پێکادان روی داو، لەهەردو لا کوژران"[14]. نەوشیروان مستەفا لەبارەی هەمان مەبەستەوە باسی چۆنیەتیی هەڵسوکەوت و ڕەوتاری، مەلا مستەفا و مەکتەبی سیاسی (واتە: ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێیەکانی) ، لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا بەم شێوەیە دەکات:"مەلا مستەفا بە خۆشییەوە، بەرەو پیریان چو، داڵدەی دان و، ماوەی خۆڕێکخستنەوەی دان و، پێویستییەکانی دابین کردن. م س کەوتە تەنگ پی هەلچنین و چەک کردن و گرتنیان و، لە چەند جیگایەک کە بە چەکداری لی ی کو بوبونەوە چوە سەریان"[15]. دۆکتۆر جەمشید حەیدەری، کە بۆ خۆی کۆمۆنیست بووە و لە ساڵی **١٩٦٣** دا لە بەغداوە بۆ کوردستان هەڵاتووە، دەڵێت:"هاوڕێ (بێ) (واتە: بروسک، کە ناوی نهێنیی دۆکتۆر حەیدەری بووە لە حیزبی کۆمۆنیستی عیراقدا-شاکەلی) بۆی (واتە: بۆ دۆکتۆر حەیدەری-شاکەلی) گێڕامەوە کە دەچێتە لای حەمەد ئاغای مێرگە سۆری، دوو میوانی کۆیی لا دەبێ. . . باس دێتە سەر ئەوەی کە حەمەد ئاغا لە کانی گێزیدا رێگەی بە شیوعیەکان داوە بنکە دروست بکەن. ئەوەش وەک ئەو دوو برادەرە بۆی دەچن کە لەگەڵ رێڕەوی شۆڕش ناگونجێ، لێرە مەبەست رێبازی مەکتەبی سیاسی پارتیە (واتە: ئیبراهیم ئەحمەد و تاقمەکەی-شاکەلی) ئەوسا حەمەد ئاغا دەڵێ: نامەی مەلا مستەفام بۆ هاتووە کە نووسیویەتی ئەوەی دوژمنی رژێم بێ، دەستی یارمەتیان بۆ درێژ بکەن، بۆیێ حەمەد ئاغا دەڵێ: ئەگەر بۆم بکرێ گۆشتی بەلەکی خۆمیان دەرخوارد دەدەم و یارمەتیان دەدەم –مەبەستی یارمەتی شیوعیەکانە-و حەمەد ئاغا کاغەزەکەی مەلا مستەفا دەخوێنێتەوە"[16]. ئەحمەد بانیخێلانی، کە بۆ خۆی یەکێکە لەو کۆمۆنیستانەی لە ساڵانی **١٩٤٠** ەکانەوە لە ڕیزی حیزبی کۆمۆنیستی عیراقدا تێدەکۆشێت، لە نێوان هەڵوێستی بارزانی و تاقمی ئیبراهیم ئەحمەددا لە هەمبەر کۆمۆنیستەکانی عیراق، وەها بەراورد دەکات:"لەو کاتەدا کە خەتی (م س) لە حزبی شیوعی دەدا و سەرۆک بارزانی دژی ئەو هێرش و ئازاردانەی شیوعیەکان ڕاوەستاو لە بروسکەیەکدا داوای لە گشت هێزەکانی پارتی و شۆڕش کرد کە یارمەتی حزبی شیوعی بدەن و، هاریکاری و کۆمەکی شیوعیەکان بکەن. بەڵام لە ناوچەی سلێمانی و کەرکووکدا کە خەتی (م س) زاڵ بوو گوێیان بە بروسکە و بڕیارەکەی بارزانی نەدا و لە فشار و هێرش بردنە سەر حزبی شیوعی هەر بەردەوام بوون"[17]. بانیخێلانی وەک کۆمۆنیستێک، کە باسی کۆتایی ساڵی **١٩٦٣** و ئەزموونی خۆی لەگەڵ دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانیدا دەکات، دەڵێت:"ئەو کادر و لێپرسراوە عەسکەرییانەی (پارتی) کە لە راستیدا خەتی (م س) بوون و بە جەلالییەکان دەناسران فشاریان بۆ هێنام و گێچەڵیان بۆ دەسازاندم"[18]. هەرچەندە سۆڤیێتییەکان پێشتر بە ئیبراهیم ئەحمەدیان ڕاگەیاندبوو و داوایان لێ کردبوو، لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا نەرم بن و هاریکارییان بکەن، کۆمەکیان بکەن بۆ ئەوەی لەو کارەساتەی تێی کەوتوون، دەربێن و سەرلەنوێ خۆیان ڕێک بخەنەوە، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد، بە توندی ڕەخنەی لە هەڵوێستی حیزبی کۆمۆنیست بەرانبەر مەسەلەی کورد و لە پشتیوانییان لە قاسم گرتبوو[19] و خۆی و هاوڕێیانیشی ئەو داواکارییەی سۆڤیێتیان پشتگوێ خستبوو و لەسەر تەنگپێهەڵچنین و ڕاونانی کۆمۆنیستان هەر بەردەوام بوون. کاتێک کە عەبدوسسەلام عارف دەسەڵاتی گرتە دەست و خولی یەکەمی بەعس کۆتایی هات و ئاگربەست لە نێوان بزووتنەوەی چەکداریی کورد و عارفدا هەبوو "عارف داوای لە بارزانی کرد ئەو کۆمۆنیستانەی پەنایان بردۆتە کوردستانی ئازاد و لەوێ دەژین، تەسلیمیان کاتەوە، تەسلیم کردنەوەی پەنابەران بە ڕەدوونەرانیان پێچەوانەی داب و نەریتی کوردەوارییە و بارزانی پێی رازی نەبوو. تاڵەبانییەکان<مەبەست تاقمی جەلال تاڵەبانییە نەک هۆزی تاڵەبانی-شاکەلی> ئەوەیان کردە بەهانەیەک و پروپاگەندەیان دەکرد گوایە بارزانیی کۆمۆنیستەکان دادەبەستێت. عارف ئەوەی کردە بەهانەیەک بۆ تۆمەت و بوختان کردن بە بارزانی[20] کە گوایە کۆمۆنیستە و پیاوی سۆڤیێتە و سوورە و. . .

بارزانی لە تەواوی ئەو ماوەیەی **١٩٦٣** کە لەتەک بەعسیشدا گفتوگۆی هەبوو، لە هاریکاری و داڵدەدانی کۆمۆنیستەکان بەردەوام بوو و زۆر دووربینانە دەینۆڕییە ئەو مەسەلەیە و دەیزانی کە "ڕۆژێ لە ڕۆژان لەگەڵ بەعسییەکاندا ڕێک ناکەوێ،

---

14 ئەمین، نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، بەرلین١٩٩٧، ل ٨٠.

15 سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٩.

16 حەیدەری، جەمشید، چەند لاپەڕەیەک لە بیرەوەرییەکانم ١٩٤٩-١٩٦٦، ستۆکهۆڵم ١٩٩٣، ل٤٥-٤٦.

17 بانیخێلانی..، بیرەوەرییەکانم..،ل٢١٦.

18 سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٣.

19 ئەمین..، پەنجەکان..، ل٧٢.

20 نەبەز، جەمال، کوردستان و شۆڕشەکەی، کوردۆ کردوویە بە کوردی، سوید ١٩٨٥، ل ٢٤٠.

www.kurdistannet.org
18-12-2002 13:15

بەڵام بەرانبەر کۆمۆنیستەکان دەبێ هەڵویستی هەبێ. هەر لەبەر ئەو هۆیەشە، کۆمۆنیستەکان خۆشیان دەوێ"[21]. پاش لەتبوونی پارتیی و لادانی دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی لە ساڵی ١٩٦٤دا و، کەوتنیان دوای ماوەیەک بە لای حوکوومەتی عیراقدا، بارزانی –وەک تاکە نیوەندی دەسەلات و تاکە هێز و سەرکردەی بزاڤی چەکداریی کورد لە کوردستاندا- زێتر باوەشی بۆ کۆمۆنیستەکان کردەوە و کۆمەکی کردن. ساڵی ١٩٦٧یش، کە حیزبی کۆمۆنیستی عیراق بوو بە دوو بەشەوە، بارزانی هەردوو بەشەکەی گرتبووە خۆ و هەردوو لایان بە ئازادی بنکە و کادر و چەکداریان لە کوردستان هەبوو و ئازادانە کاری سیاسی و سەربازیی خۆیان دەکرد. تەنانەت کە خەڵکانێک لە نێو حیزبی کۆمۆنیستی عیراقدا ویستوویانە شەڕی چەکدار دژ بە حوکوومەت لە بەغدا و شوێنەکانی دیکەی عیراق ئەنجام بدەن، بارزانی دەستی کۆمەکی بۆ درێژ کردوون. پێش کەرتبوونی حیزبی کۆمۆنیستی عیراق بۆ سەرکردەیەتیی نێوەندی (القیادةالمرکزیة) و کۆمیتەی نێوەندی (اللجنةالمرکزیة) "وا باوبوو کە عەزیز ئەلحاج لەگەڵ حەبیب موحەممەد کەریمدا بە نهێنی هاتووە بۆ لای بارزانی و بە نهێنیش گەڕاوەتەوە و چەند پارچە چەکێکیشی وەرگرتووە و گەیاندوویەتی بە بەغدا"[22]. کەچی لەهەمان کاتدا تاقمی ئیبراهیم-جەلال لەگەڵ هەردوو حیزبە کۆمۆنیستەکاندا ناکۆک بوون. لە کاتێکدا کە حیزبی کۆمۆنیستی عیراق (سەرکردەیەتیی نێوەندی-القیادةالمرکزیة) وەبەر درندەترین شاڵاوی بەعس کەوتبوو و قەڵاچۆ و بنبڕ دەکرا، پارتییەکەی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی لە ترۆپکی هاریکاریدا بوون لەگەڵ بەعسدا و ڕاوی نەیارانی ڕێژیمیان –لەوانەش کۆمۆنیستەکانی قیادەی مەرکەزی- بۆ بەعس دەکرد و تەواوی ئەو کار و کردەوانەشیان بۆ خۆیان بە چەپایەتی و کوردایەتی و شۆڕشگێڕی لە قەڵەم دەدا. کۆمۆنیستە نەریتییە ڕەدووکەوتووەکانی سۆڤیێتی لێژنەی مەرکەزییش لە ساڵانی پاشکۆیەتییاندا بۆ بەعس، هەمان هەڵوێستیان بەرانبەر بە کۆمۆنیستەکانی قیادەی مەرکەزی هەبوو و ئەوان و تاقمی جەلال تاڵەبانی، دووژمانییان لەسەر ئەو کۆمۆنیستانە دەکرد و لەگەڵ بەعسدا لە یەک سەنگەردا، دژایەتییانیان دەکرد و هەوڵی لەنێوبردنیان دەدان[23]. وەک دژەکارێک لەهەمبەر هەڵوێستی نەیارانەی جەلالییان لە حیزبی کۆمۆنیستی عیراقی، سەرکردەیەتیی نێوەندی "القیادةالمرکزیة" و بڕوابوون بە ڕاستی و ڕەوایی خەباتی شۆڕشی کوردستان بە سەرکردەیەتی بارزانی، لە جڤینی فرەوانی کادرانی ئەو حیزبە، لە کانوونی دووەمی ١٩٦٨دا، دوای گفتوگۆ و دەمەتەقەیەکی خەست و دوورودرێژ لەمەڕ پێوەندەکانی ئەو حیزبە، لەگەڵ حیزبە کوردییەکان و حیزبە نەتەوەییە عەرەبییەکان و حیزبی بەعس بە هەردوو باڵەکەیەوە، باڵی سەر بە سووریا و باڵی عەفلەق-ئەلبەکر و حیزبی نیشتمانیی دیموکراتی، جڤینی کادران بڕیاری هاوپەیمانێتی لەگەڵ بزاڤ و حیزبی بارزانی و بڕینی هەموو پێوەندێک لەگەڵ حیزبی تاڵەبانیدا دا[24]، نەک هەر ئەوە بەڵکە حیزبی کۆمۆنیستی عیراق-سەرکردەیەتی نێوەندیی"القیادةالمرکزیة" هەر لە کاتی دامەزراندنیشیەوە لە ١٧-٩-١٩٦٧دا،

---

[21] عەزیز..، خولانەوە..، ل٨٤.

[22] بانیخێلانی..، بیرەوەرییەکانم..،ل.٢٨٤.

[23] الحاج، عزیز، من أوراق الحیاة، باریس ١٩٩٧، ص٥٥،٦٩. ئێوارەیەکی پاییزی ١٩٧٣، لە کەرکووکەوە بۆ سەردانی فەرهادی برام، کە ئەودەم لە حەفتەنامەی بیری نوێی حیزبی کۆمۆنیستی عیراقدا کاری دەکرد، چووم بۆ بنکەی بیری نوێ لە شەقامی ئەسسەعدوونی بەغدا. کە چووم فەرهاد لەوێ نەبوو و ئیدی لەگەڵ کاک جەلال دەبباغ و کاک ڕەفیق سابیردا، کە ئەوانیش لەوێ کاریان دەکرد، دانیشتین. لە ماوەیەدا قەسرولنهایە(قصر النهایة)، کە بەندیخانەیەکی زۆر پیسی دەسگای ئاساییشی عیراق بوو، دوای لەنێوچوونی نازم گزار کرابووە و خەڵک دەیتوانی بچێتە تەماشاکردنی. کاک جەلال دەبباغ چووبووە سەردانی ئەوێ و بۆ ئێمەی دەگێڕایەوە، کە چۆن لەوێ لەسەر دیواری ژوورەکانی ئەو زیندانە، خەڵکە کۆمۆنیستەکان بە خوێنی خۆیان دروشمی بژی حیزبی کۆمۆنیست و بڕۆخێ بەعس و دەیان دروشمی شۆڕشگێرانەی دیکەیان نووسیوە. کاک جەلال ئەوەی لەبیر چووبوو، کە ئەوان(تاقمی لێژنەی مەرکەزی) خۆیان لەگەڵ ڕێژیمی بەعسدا هاریکار و لە بەرەیەکدا بوون. منیش ئەوەم وەبیر هێنایەوە، کە ئەوانە کۆمۆنیستەکانی سەرکردەیەتیی نێوەندیی(القیادةالمرکزیة)ن. ئەوانن کە زیندانی بوون و کوژراون و ئەوان کۆمۆنیستەکانی لێژنەی مەرکەزی(اللجنةالمرکزیة)نین. هەر لە ساڵی ١٩٦٧ەوە، کە دووبەرەکی کەوتە نێو حیزبی کۆمۆنیستی عیراقەوە و ئەو حیزبە بوو بە دوو کەرتەوە، کەرتی سەرکردەیەتی نێوەندیی(القیادةالمرکزیة)، کە بە شۆڕشگێر و کەرتی لێژنەی مەرکەزیی(اللجنةالمرکزیة)، کە بە سازشکار دەناسران. ئەوانەی سەر بە سەرکردەیەتی نێوەندیی(القیادةالمرکزیة) بوون، وەک نیشانەی ترسنۆکی و خۆبەدەستەوەدان، نازناوی "أهل البطانیات- واتە: خێڵی پەتوو یا تاقمی پەتوو " یان لە تاقمی لێژنەی مەرکەزی (اللجنةالمرکزیة) نابوو، چونکە ئەوانە هەمووەم بە خۆ و یەک دوو پەتووەوە ئامادە بوون، کە ئەگەر پۆلیس هات و لە دەرکەیانی دا، یەکسەر و بێ هیچ بەرگرییەک و دەنگەدەنگێک وەدووی کەون بۆ زیندان و لەوێش لێی پاڵ دەنەوە.

[24] الحاج، عزیز، حدث بین نهرین، في تلخیص تجربة حزب القیادةالمرکزیة ایلول١٩٦٧-ربیع١٩٦٩، الجزء الاول،باریس ١٩٩٤، ص١٤٣.

www.kurdistannet.org
18-12-2002 13:15

بەشدار بووە لە بزاڤی کورددا، بە سەرۆکایەتی بارزانی. کە حیزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٨دا جارێکی دیکە دەسەڵاتی گرتەوە دەست و "دەستی بە تەنگپێهەڵچنین و گوشارخستنە سەر کۆمۆنیستەکان و دژایەتی بارزانی (بێگومان بە کاریگەریتی تاڵەبانی) کردەوە و دواتریش، کە حیزبی قیادەی مەرکەزی (سەرکردەیەتی نیوەنیی حیزبی کۆمۆنیستی عیراقی-شاکەلی) کەوتە هەڵوێستی دژایەتی بەعس، بە گوێرەی هێڵی گشتی سیاسەتی ئێمە، کارێکی سروشتی و ژیریێژانە بوو، کە بارزانی بە "هاوپەیمانێکی گرنگ" دابنێین، دژی "دوژمن" واتە، دەسەڵاتی نێوەندی"[25]. نێوانی بارزانی و کۆمۆنیستەکانی عیراق هەمووەدەم باش بووە. ئەحمەد بانیخێڵانی دەڵێت:"پەیوەندی نێوان حزبی ئێمە و پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆک بارزانی، بەگشتی پەیوەندییەکی باش و دۆستانە و برایانە بووە. پێم وایە لە مێژووی سیاسیی کوردستان و عیراقدا، جگە لە حزبی شیوعی و پارتی دیموکرات هیچ دوو حزبێک لە مەیداندا نەبووە هێندەی ئەم دوو حزبە (لەگەڵ ئەو ناکۆکی و پێکدادانەش کە جاروبار روویداوە) پەیوەندی دۆستانە و هاوخەباتی خۆیان پاراستبێ"[26]. پاش کۆنگرەی شەشەمی پارتیی لە تەمووزی ١٩٦٤دا و وەدەرنانی تاقمی ئیبراهیم -جەلال و دانانی کۆمیتەیەکی ناوەندیی نوێ، ئەنجومەنێک بە ناوی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی شۆڕش دامەزرا، کە نوێنەری جیاوازی خەڵکی کوردی تێدا بوو. حیزبی کۆمۆنیستی عیراقیش دەچنە لای بارزانی و پێی ڕادەگەیەنن کە باشتر وابوو نوێنەری ئەوانیش لەو ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنەدا هەبوایە. بارزانییش پێیان دەڵێت:"چۆن ئێوە نوێنەرتان نییە، ئەی ئەز چمە؟ من نوێنەری ئێوەم"[27]. بەوەدا نێزیکایەتیی بارزانی لە کۆمۆنیستەکانەوە تا ڕادەی ئەوەی خۆی بە نوێنەری ئەوان بزانێت و ڕێزگرتنی ئەوان لێی تا ڕادەی ئەوەی بە نوێنەری خۆیان و سەرۆکی هەموو لایەکی بزانن [28]دەردەکەوێت. هەڵوێستی بارزانی بەرانبەر کۆمۆنیستەکان بووبووە هۆی ئەوەی، کە کۆمۆنیستەکان هەمووەدەم بارزانییان خۆش بوێ[29]. بارزانی ڕێز و خۆشەویستییەکی تایبەتی لە نێو دڵ و دەروونی خەڵکدا هەبوو و زۆرجاران خەڵک لە سەر ئەوەی، کە داوای لێ کراوە جنێو یا قسەیەکی خراپ بە بارزانی بڵێ و نەیگوتووە، ژیانی خۆی لە دەست داوە و کوژراوە[30]. بێگومان ئەو خەڵکەی، کە هەڵوێستی وەهایان هەبووە تەنێ کورد و پارتیی نەبوونە، بەڵکە عەرەب و کۆمۆنیستیش هەبوونە، کە هەمان هەڵوێستیان هەبووە و کورد و پارتییش هەبوونە، کە بە پێچەوانەی ئەوانەوە هەڵوێستیان نواندووە. لە سەردەمی قاسمدا، ڕژێم بڕیارێکی دەرکرد، کە دەبێ هەموو مامۆستایانی دەڤەری کوردستان برووسکەی پیرۆزبایی و پشتگیری بۆ حوکوومەت بکەن و دژی بارزانی و شۆڕشی کورد بدوێن و ئەوەی ئەو کارەی جێبەجێ نەکردبا، لە کار دەر دەکرا. حیزبی کۆمۆنیست دژی ئەو کارە بوو و داوای لە ئەندامان و دۆستانی خۆی کرد، کە وەها کارێک نەکەن و ئەوەیشی بیکردایە بە بڕیاری حیزب (کۆمۆنیست) لە حیزب دەردەکرا. مامۆستایانی سەر بە پارتیی و هەندەک کۆمۆنیستیش ئەو کارەیان کرد و برووسکەیان لێدا. کەم کەس ئەو کارەی نەکرد. ئەوانەشی کە نەیانکرد، بەشێکیان گیران و بەشیکیشیان هەڵاتن و خۆیان شاردەوە. یەکێک لەوانەی کە ئەو کارەیان نەکرد، مامۆستایەکی کۆمۆنیستی عەرەب بوو لە سلێمانی، بە نێوی زوهەیر ئەلزوبەیدی "زهير الزبيدي". ئەو پیاوە برووسکەی نەکرد و جنێوی بە بارزانی نەدا. لە سەر ئەوە گیرا و ئەشکەنجەیەکی زۆریان دا و هەواڵەی بەغدا کرا[31]. ئەحمەد بانیخێڵانی لەو بارەیەوە

---

[25] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٣.

[26] بانیخێڵانی..، بیرەوەرییەکانم..، ل٢٧٥-٢٧٦.

[27] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٨.

[28] سەرچاوەی پێشوو.

[29] عەزیز..، خولانەوە..، ل٨٤.

[٣٠] ساڵی ١٩٦٣ لە نێوان کفری و سەرقەڵادا لە گەرمێنی کوردستان و لەو شوێنەی، کە پێی دەڵێن قاتەکانی کفری، شەڕێکی سەخت لە نێوان پێشمەرگە و لەشکری حوکوومەتدا ڕووی دا. بێجگە لە پێشمەرگە، خەڵکانێکی سەر بە پارتیی و عەشایەری ئەو دەوروبەرەش بەشداریی ئەو نەبەردەیان کرد. بێگومان شەڕ لەو دەشتاییە بێئاوەدا و کەمیی و ناڕێکیی هێزی پێشمەرگە، شەڕێکی نابەرانبەر دەبێ. پێشمەرگەیەکی زۆر لەو شەڕەدا شەهید بوون و چەند کەسێکیش یەخسیر کران. یەکێک لەو کەسانەی، کە دەسگیر کرا، عەبەئامە(عەبدوڵڵا ئیسماعیل) بوو. عەبەئامە، خەڵکی کفری بوو و پارتیی بوو. ئەفسەر و سەربازەکانی حوکوومەت، وەک مەرجێک بۆ نەکوشتنی، زۆریان لەگەڵدا بە قسە و پاشان بە لێدان و ئازاردان هەوڵ دا، کە جنێو بە بارزانی بدات، بەڵام ئەو هەر جنێوی نەدا. پاشان کە زانییان ئەو هەر سوورە لە سەر ڕای خۆی بە دارتەلێکەوە هەڵیانواسی و دیسان داوایان لێکردەوە، کە جنێو بدات و هەڕەشەی کوشتنیان لێ کرد، ئەگەر جنێو نەدات، وەلێ ئەو هەر خۆی ڕاگرت و جنێوی بە زاردا نەهات. ئەوجا ئەوانیش گوللەبارانیان کرد و تەواوی عەبەئامەی بیروباوەڕ و ئاوات و لەش و قارەمانێتییان پارچەپارچە کرد.

[31] عەبدوڵڵا..، بیرەوەری..، ل١٢٩-١٣٠.

www.kurdistannet.org
18-12-2002 13:15

دەڵێت:"بەشێک لەو هاوڕێیانەمان لە زیندانا مانەوە تا کودەتاکەی هەشتی شوباتی **١٩٦٣**ی بەسەردا هات، هۆی مانەوە و ئازادنەکرانی ئەو کەسانەی کە لەو دەمەدا و لەسەر کێشەی ئاشتی بۆ کوردستان گیرابوون بەووەوە بەسترابوو، گەر جنێوت بە (سەرۆک بارزانی) بدابا و دژی قسەت بکردبا ئازاد دەکرایت و ئەو کارەشت نەکردبایە لە بەندیخانەدا دەمایتەوە. هەرچەندە هەندێ لەو کەسانەی بەناوی پارتیەوە گیرابوون جنێوی خۆیان دەدا و بەردەبوون، بەڵام شیوعیەکان بە کورد و عەرەبیانەوە، تا سەر رەفزی ئەوەیان کرد جنێو بە (بارزانی) بدەن یان دژی راوەستن"[32]. کۆمۆنیستەکان لە نێوان سەرکردەیەتیی بارزانی و تاقمی ئیبراهیم-جەلالدا هەردەم بارزانی و شۆڕشەکەی ویان پێ ڕاست و دروست و شەرعی بووە و لایەنەکەی دیکەیان پێ چەوت و هەڵە و ناشەرعی بووە[33] و پێشیان وابوو کە"سیاسەتی پشتیوانی کردنی حکومەتی عیراق و دژایەتی کردنی شۆڕش، سیاسەتێکی چەوت و خائینانەیە"[34]. بەهائەددین نووری لەم بارەیەوە دەڵێت:"لە تاوانبارکردنی ئەو یاخیبوونەی، کە دەستەیەکی جیابووەوەی نێو پارتیی بە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم ئەحمەد، دژی بارزانی ڕایانگەیاند دوودڵیمان نەکرد. ئەم یاخیبوونەمان بە ملکەچکردن بۆ حوکوومەت دانا و لە یەکەم ڕاگەیاندنێکیشدا، کە لە لایەن سەرکردەیەتیی ڕێکخراوی هەرێمەوە دەرکرا، بە هەڵوێستێکی خیانەتکارانە نێومان برد. داواشمان لە چەکدارەکانی خۆمان کرد، کە بەشداریی لە شەڕی دژ بەواندا نەکەن"[35].

پاش کوودێتای **١٩٦٨**ی بەعس و لابردنی عەبدوڕڕەحمان عارف لە دەسەڵات، بەعسییەکان"جارێکی دی بە توند و تیژی دەستیان کردەوە بە بەربەرەکانێی کۆمۆنیستەکان. ئەوجا ئەوانیش ناچار بوون سەرکردەیەتیی خۆیان بەجارێک ببەنە نێو چیاکانی کوردستانەوە، و ئەمەش مانای وابوو، کە بێ چەند و چۆن پشتگیریی شۆڕشی کورد بە سەرۆکایەتیی بارزانی بکەن، و بەتایبەتی دژی دەستەی تاڵەبانی بوەستن کە بەڕاستی ئەو دەمە وەک بەتالیۆنێکی بەعس شەڕی شۆڕشی کوردیان دەکرد"[36]. بێجگە لە کۆمۆنیستەکان، کە ڕێز و خۆشەویستییان بۆ بارزانی هەبوو، تەواوی خەڵکانی دیکەی بەرهەڵستکار و دژی ڕێژیمی بەعس وەک نەتەوەییە عەرەب و ناسرییەکانیش پشتیوانیی خۆیان بەرانبەر بارزانی دەردەبڕی و تاقمی ئیبراهیم-جەلالیان بە هاوکاری بەعس و بەرەی خیانەت دادەنا[37]. ئەو بزووتنەوەیەی بارزانی، کە لە نووسین و بڵاوکراوە و ڕاگەیاندنی دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد (جەلالی) و بەعسدا بە قەڵای ڕاسترەوایەتی دادەنرا و دادەنرێ، هەمیشە قەڵایەکی قایمی حەوانەوە و حەشارگەیەکی سەختی تەواوی چەپ و کۆمۆنیست و لیقەوماو و هەڵاتووی عیراق و دەوروبەری عیراق

---

[32] بانیخێڵانی..، بیرەوەرییەکانم..، ل**١٨٦**.
[33] سەرچاوەی پێشوو، ل **٢٥٠**.
[34] سەرچاوەی پێشوو، ل**٢٧٦**.
[35] نوري..، مذكرات..، ص٢٤٩.
[36] نەبەز، جەمال، گۆڤاری کۆمۆنیستانەی یەکێتی ی تێکۆشین، ستۆکهۆڵم **١٩٨٨**، ل **٤٠**.
[37] پاییزی **١٩٦٩**، ساڵی دووەمی خوێندنم بوو لە زانستگەی بەغدا. ڕۆژێک بۆ سەردانی برادەرێکم(کاک مارفی حەمەغەریب)، کە لە سێیەم ساڵی زانستگە دەیخوێند، لە ئەعزەمییە(أعظمیة)وە، کە بەشەناوخۆییەکەمانی لێبوو، چووم بۆ مەیدانی شەهیدان(ساحةالشهدا ٍ) لە بەری کەرخ(الكرخ) کە بەشەناوخۆییەکەی ئەوی لێبوو. لەو ئەپارتمانەی ئەودا کۆمەڵێک برادەری دیکەی هەردووکمانی لێبوون، کە هەموویان عەرەب بوون و وەک بیروباوەڕیش چەپ و ناسری و نەتەوەیی عەرەب و شیعە و لایەنگری ڕێکخراوە فەلەستینییەکان و...بوون، بەڵام هەموو دژ بە دەسەڵاتی بەعس بوون. لە ژوورەکەی کاک مارف دانیشتبووین و سەرگەرمی قسە و باس بووین، لەپڕ کاک شێخ حەمەسەعیدی مامە شێخ حەسەن، کە دۆست و خزمی هەردووکمان –مارف و من- بوو، خۆی کرد بە ژووردا. ئەو لە کەلارەوە هاتبوو و کەلاریش ئەودەم قەڵا و بنگەی جەلالییەکان بوو و کاکەشێخ بۆ خۆیشی هەواداری وان بوو. برادەرە عەرەبەکان ویستیان بیدوێنن و پرسیاری هەواڵ و دەنگوباسی کوردستانیان لێی پرسیی. ئەویش گوتی کە هەواڵ زۆر باشە و دنیا خۆشە و چ باسی خراپ نییە. کوڕەکان پرسییان چۆن و کەی وایە؟ مەگەر شەڕ و هەرا نییە لە کوردستان. کاکەشێخیش هەر زۆر بە دڵنیاییەوە دەیگوت نەخێر شەڕ نییە و جەماعەتی بارزانی تەواوبوون و حیزب(مەبەستی حیزبی جەلالی بوو-شاکەلی) هەموو کوردستانی لەبندەستایە و هیچ نەماوە و بۆ ئەوەی ڕاستیی قسەکەی خۆی بسەلمێنێ و جەخت لە سەر خۆشی و باشیی بارەکە و کۆنترۆڵی جەلالییان و نەمانی لایەنگرانی بارزانی بکات گوتی:"والله كاكه كل كردي جلالي و كل جلالي كردي" واتە: بەخوا کاکە هەموو کوردێک جەلالییە و هەموو جەلالییەکیش کوردە. کوڕەکانیش گوتیان: کاکە هەموو جەلالییەک کوردە، ئەمەیان زۆر ڕاستە، وەلێ بەخوا هەموو کوردێک جەلالی نییە. هەڵوێستی گەلێری و ڕەسمیی شیعەش، کە ئەودەمە خوداڵێخۆشبوو سەیید موحسین ئەلحەکیم، دەمڕاست و ڕێبەریان بوو، ڕێک مەیلی بەلای شۆڕشی کورد و بارزانی و ئاشتی لە کوردستان و دژ بە دەسەڵاتی بەعس - لەو کاتەدا جەلالی لەوپەڕی تێکەڵاوییاندا بوون لەگەڵ بەعسدا- بوو. ساڵانی **١٩٦٨** و **١٩٦٩** من بۆ خۆم بەشداریی ڕێپێوانی حوسەینی و عاشوورام لە باژێڕی کەربەلادا کردووە و ئەو جۆرە دروشمانەم هەم بینیوە و هەم بیستووە و هەمیش گوتووەتەوە.

بووە. تاقمی ئیبراهیم-جەلال هەرچەند نێوی چەپیان لە خۆ نابوو، بەڵام لە ڕاستیدا هێندەی دنیایەک قینیان لە چەپ و چەپایەتی دەبووەوە و تەنانەت چاویان بە چەپی ڕاستەقینەشدا هەڵنەدەهات. عەزیز ئەلحاج، کە سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی عیراق –سەرکردەیەتی نێوەندیی (القیادةالمرکزیة) بوو، بەعس گرتی و ئەویش هەموو نهێنییەکانی حیزبەکەی درکاند و بەتەواوی خۆی دا بە دەستەوە. ئێوارەی ٣-٤-١٩٦٩ هێنایانە سەر تەلەڤزیۆنی بەغدا و زۆر شتی ناشیرینی بەرانبەر بارزانی گوت. ڕۆژنامەی ئەلنوور "کە ئەو کاتە بە (نەوەر) ناوی دەبرا بەواتای قەرەج"[٣٨]، کە بەعسییەکان"لە ساڵی ١٩٦٩دا ڕێ یان بە دار و دەستەی جەلال تاڵەبانی دا ڕۆژنامەیەک بە زمانی عەرەبی لە بەغدا بە نێوی ( (النور) ) ەوە دەر بکەن، بۆ بەربەرەکانێ کردنی سەرکردایەتیی بارزانی. ئەم ڕۆژنامەیە بەتەواوی زوڕناژەنێتیی بەعسییەکانی دەکرد"[٣٩].

ڕۆژی پاشتر، تەنێ بە هۆی ڕق و قین لە کۆمۆنیستەکان، نەک لەبەر هەڵوێستی نوێی عەزیز ئەلحاج، کە ئیدی ئەویش کەوتبووە هەمان سەنگەری ئەلنوورەوە، لەبری ئەوەی بنووسن عەزیز ئەلحاج، وەک –بە حیسابی خۆیان- سووکایەتیپێکردنێک، نووسیبوویان عەزیز ئەلحاج قولی[٤٠]. ڕۆژنامەی ئەلنووری جەلالییان و بیریارانی جەلالی، ئەو سروش و بیر و بۆچوونە "زۆر چەپییە"یان، لە ڕۆژنامەی ئەلسەورە (الثورة) ی ساڵی ١٩٥٩ی شۆڤینییانی عەرەبەوە بۆ بە میرات مابووە. عەزیز ئەلحاج لەو بارەیەوە دەڵێت:"ساڵی ١٩٥٩، دوای ئەوەی قاسم، دەستبەرداری چاوبڕکێ لەگەڵ کۆمۆنیستەکان و بەکارهێنانیان وەک بەرانی شەڕەقۆچ دژ بە ناسری و بەعسییەکان، بوو و گۆڕا و کەوتە سەر ڕێبازی دژایەتییان <مەبەست دژایەتی کۆمۆنیستەکانە-شاکەلی > ڕۆژنامەکانی (وەک ڕۆژنامەی ئەلسەورە"الثورة" ی یونس ئەلتائی"یونس الطائي") ، بۆ ناوزڕاندنی من و تانووت و گومانکردن لە عیراقیبوونم، پێشبڕکێیان دەکرد، تا ئەوەی کە ناوی (قولی) یان لە بری (عەلی) بۆ باپیرم داهێنا. ئەوەش وەک بەشێک لە هێرشکردنە سەر حیزبی کۆمۆنیست"[٤١]. خەیروڵڵا تولفاح (خیرواللە طلفاح) یش لە کتێبێکیدا بە نێوی ئەششعووبییە (الشعوبیة) ، بۆ سووکایەتیپێکردن و کەمکردنەوەی ڕۆڵی سیاسیی عەزیز ئەلحاج بە"عزیزالحاج قلي"نێوی دەبا[٤٢]. هێشتا ئەو کارەی ئەلنوو و تولفاح و ڕۆژنامەی ئەسسەورە، لەچاو کوشتنی خەڵکی بێتاواندا –کە لە بیرگەی خەڵکدا هێشتا کاڵ نەبووەتەوە و نەسڕاوەتەوە- دەکاتە هیچ. لە ساڵی ١٩٦٨دا لە سلێمانی و لە شەقامی سابوونکەران و لەبەردەمی حەمامی موفتیدا، عەلی عەسکەری، کە یەکێک بوو لە سەرانی جەلالی، بە ڕێککەوت تووشی حەمەکوڵەباڵ –بەرپرسیی ناوچەی هەڵەبجەی حیزبی کۆمۆنیستی عیراق (سەرکردەیەتیی نێوەندی-القیادةالمرکزیة) - دەبێت، هەر لەوێدا و بە بەرچاوی خەڵکانێکی زۆرەوە حەمەکوڵەباڵ دەکوژێت[٤٣]. دیارە پێشتریش دەستی جەلالییان بە خوێنی کۆمۆنیستەکان سوور بووە و ئەوەی حەمەکوڵەباڵ نە یەکەم ڕووداو و نە دوا ڕووداویش بووە. ساڵی ١٩٦٧، لە هەڵەبجە و لە تۆڵەی "مەجیدی مەلا حامید"، کە بە دەستی ژنێک، کە گوایە کوڕەکەی چەند شەوێک پێشتر بەدەستی ئەو کوژرابوو، کۆکۆییە جەلالییەکان"عوسمانی حاجی حەمە ئەمین و دوو کوڕی خواجە حوسەین، لە ماڵ و دوکانی خۆیاندا، بەبێ تاوان کوشتن. ئەم سیانە هیچ پەیوەندییەکیان بە تیرۆرکردنی ئەو لێپرساوەی جەلالییەکانەوە نەبوو. ئەوان تەنیا ئەندامی حیزبی شوعی عێراق بوون و کۆنە کێشەیەکی عەشیرەتیشی لە پشتەوە بوو!"[٤٤]. وەک نموونەیەکی دیکەی ڕقی خەستی جەلالییان لە حیزبی کۆمۆنیستی عیراقی" سەرکردەیەتی نێوەندی:القیادةالمرکزیة "، دەکرێ ئەم وێنەیەش بخەینە بەرچاو. ئەکرەم موحەممەد ئەمین قادر، کە بە ئەکرەمی حەپسە بەناوبانگ بوو، یەکێک بوو لە لاوە کۆمۆنیستە سەرسەخت و جەربەزە و بوێر و شۆڕشگێڕەکانی دەڤەری سلێمانی، کە هەمیشە دوژمن لێی دەترسا. کاک ماجیدی برای ئەکرەمی حەپسە، لەمەڕ دوو ڕووداوەوە، کە ئەکرەمی حەپسە و مستەفا چاوڕەشی پوورزای، کە هەردووکیان ئەو دەمە، سەر بە حیزبی کۆمۆنیستی عیراق "سەرکردەیەتی نێوەندی: القیادةالمرکزیة" بوون و لە سەر دەستی جەلالییان

---

[38] هەریری..، بۆ ئەوەی..،ل ٩٦. هەژاری موکریانی ئەو ناوەی لێنابوو.

[39] نەبەز..، گۆڤاری..، ل١٥، ژێدەرەکان.

[40] ئەمە مامۆستای شەهید مەجید کەریم ئەحمەد ئەو کاتی بۆی گێڕامەوە.

[41] الحاج، د.عزیز، ذاکرةالنخیل، الموسسةالعربیةللدراسات والنشر، بیروت١٩٩٣،ص٣٥.

[42] علي منهل، القدس العربي،١٥-٥-١٩٩٦.

[43] محەمەد، کامەران، شاعیر و دەسەڵات، رابوون، ژمارە ١٧، ١٩٩٦، ل ٥٧.

[44] نەجمەدین، پشکۆ، لە سێبەری دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان، سوێد ١٩٩٧، ل١٥.

www.kurdistannet.org
18-12-2002 13:15

تووشی بوون، وەک فیلمێکی سینەمایی دەگێڕێتەوە و دەڵێ : "کاتێک جەلالییەکان بوونە پاشکۆی ڕێژیمی بەعس و بوونە پیاوکوژیان، کەوتبوونە ڕاوی خەڵکی دیموکرات و کۆمۆنیستەکان. بێگومان ئەکرەمی حەپسە و کاک مستەفا و هاوڕێکانیشیان لەو ڕاونان و هەوڵی کوشتنانە بێبەش نەبوون. دوای چەند جارێک لە هەوڵی کوشتن و لەناوبردنیان، پاییزی ١٩٦٧ جارێک جەلالییان بە کۆمەڵێکی ١٥-٢٠ کەسەوە، هاتنە سەر ماڵمان<لە گەڕەکی سابوونکەران لە سلێمانی-شاکەلی>، بۆ گرتن و کوشتنی ئەکرەم. ئەو شەوە لە هاوڕێیانی خۆی کەسی لەگەڵ نەبوو. تەنیا بوو و تەنیا دەمانچەیەکیشی پێبوو. هەموو لە هەیوان دانیشتبووین. کە چەکدارانی جەلالی هاتن، ئەکرەم خۆی خستە ژوورەوە و دەمانچەکەی ئامادە کرد. لە پاڵ پەنجەرەکەدا دانیشت و هاواری لێکردن، کە بڕۆن، دەنا یەک لە دوای یەک هەموویان دەکوژێت. پاش ماوەیەک هاوار و دەنگەدەنگ، جاشەکانی ٦٦ بە سەرشۆڕی و لەترسا ماڵەوەیان بەجێهێشت و ڕایان کرد. جاری دووەم لە ساڵی ١٩٦٨دا بوو. جەژنی ڕەمەزان و زستان بوو. جەلالییان بە هێزێکی زۆر و بێژمارەوە دووبارە هاتنەوە سەرمان. ماڵەکەمان دوو دەرگای هەبوو. یەکێکیان لە سەر جادەی سەرەکی بوو و ئەوی تریان لە سەر کۆلانێکی باریک و تەسک بوو. بەرانبەر بە ماڵێکی دی. کە لە دەرگا درا و باوکم بەرەو دەرگاکە دەچوو بیکاتەوە، لە دەرگای دووەم درا. ئەکرەمی برام هاواری کرد: باوکە وەرە ژوورەوە دەرگا نەکەیتەوە! ئەکرەم هەستی کرد مەسەلە چییە. کاتێک لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوەمان کرد، دەبینین جاشوولکەکان بلاوبوونەتەوە و سەر جادە و سەربان و هەموو لایەکیان گرتووە. هەر لەو کاتەدا کاک مستەفا عەلائەددینی گەرمکەرەوەی ژوورەکە و کارەبای هەموو کوژاندەوە. هەرچی نوێن و شتی گەورەی نێوماڵ هەبوون، بۆ نموونە مەکینەی درووومان، خرانە بەر دەرگا و پەنجەرە بچووکەکەی، کە بەسەر کۆلانەکەدا دەیڕوانی. پاش چەندجارێک لە دەرگادان، جەلالییان هاواریان کرد: ئێوە لە ماڵەوەن، وەرنە دەرەوە، بە سەری مەلا مستەفا، بە بارزانی هیچتان لێ ناکەین<سوێندخواردنیان بە مەلا مستەفا و بە بارزانی، بۆ ئەوە بووە خۆیان وا پیشان بدەن، کە پێشمەرگەی بارزانی و پارتین، چونکە پارتی و بارزانی لەگەڵ هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی قیادەی مەرکەزی و لێژنەی مەرکەزیشدا نێوانیان باش و خۆش بوو-شاکەلی >. ئەکرەم و کاک مستەفا تکایان لێکردن، کە بڕۆن و پێیان گوتن، کە هەرگیز خۆ بەدەستەوە نادەن. ئەم بەزمە زۆری خایاند، بەلاّم بێسوود بوو. تکایان لێکردن، تەقە نەکەن، چونکە ژن و منداڵ و پیری لێیە، بەلاّم ئەو خوێنڕێژانە هیچیان بە خەیالدا نەدەهات و دەستیان کرد بە دەستڕێژکردن. ئیتر لە تەواوی پەنجەرە و دەرگای سەر جادەی سەرەکی و کۆلانەوە تەقە و دەسڕێژمان لێدەکرا. باوکم، دایکم، نەسرین و پەروینی خوشکم، زاهیرە پوورم، کچە پوورێکم، ئەکرەم و کاک مستەفا و خۆم لە نێو ماڵەکەدا بووین. تەقە و دەستڕێژیان زۆری خایاند. من و زاهیرە پوورزام بریندار کراین. هەردووکمان فیشەک بەر قاچمان کەوت. من لە گۆشتی ڕانمی دا و دەرچوو، بەلاّم زاهیر لە ئێسکی ڕانی دا و ئێستاش ئەو ڕانە پێکراوەی ٥ سێنتیمیتر لە ڕانەکەی تری کورتترە و دەشەلێت. ئەکرەم و کاک مستەفا هەر هاواریان بەسەردا دەکردن، کە بڕۆن و ئیدی واز بێنن، دەنا دەیانکوژن، بەلاّم ئەوان هەر بەردەوام بوون. لەبەر ئەوەی خانووەکەی ئێمە بەرز بوو، ئەکرەم و کاک مستەفا دەیانتوانی بە ئاسانی زۆریان لێ بکوژن، بەلاّم خۆیان نەیاندەویست ئەو کارە بکەن. یەکێکیان، کە هەر وازی نەدەهێنا و دزەدزەی دەکرد، خۆی گەیاندە بەر دەرگای ژوورەکە و هەر دەستڕێژی دەکرد. هەرچەندە چەند جارێک ئەکرەم و کاک مستەفا هاواریان لێ کرد و داوایان لێ کرد بگەڕێتەوە، بەلاّم کابرا کەللەڕەق و بەقین بوو و هەر ملی دەنا، ئیدی لەو بەینەدا کوژرا. پاش چەند سەعاتێک بێدەسەلاتانە و سەرشۆڕانە، جەلالییان گەڕانە دواوە و ١٠٠-٢٠٠ میترێک دوورکەوتنەوە. هەر لەو کاتەدا خەڵکی گەڕەک بە کۆمەڵ و ورووژم خۆیان کرد بە ماڵدا و پۆلیسیش بەسەردا هات و ئێمەیان خستە نێو ئۆتۆمبیلەکانی پۆلیسەوە و بردیانین و ئەکرەم و کاک مستەفاش تێکەڵ بە خەڵکی کۆلان بوون و بۆ خۆیان دزەیان کرد و دەرچوون"[٤٥]. بێگومان دوژمنایەتیی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و پێڕەوانیان و وەچەکانی دواتریشیان بە کۆمۆنیستە عیراقییەکان، هێندە لە بەرچاو و زەق بووە، کە بە هیچ

[٤٥] کاک "ماجید موحەممەد ئەمین قادر" ی برای شەهید "ئەکرەمی حەپسە"، کە ئێستا نیشتەجێی ئەڵمانیایە، ئەو باسەی لە نامەیەکیدا، لە کۆتایی ١٩٩٩دا، بۆ کاک "بەختیار مستەفا" ی نیشتەجێی سوێد نووسیوە. کاک ماجید، خۆیشی بە تەلەفۆن ئەو باسەی بۆ خۆم گێڕاوەتەوە. ئەکرەمی حەپسە، لە ١٠-١٢-١٩٨٥دا، لە لایەن ڕێژیمی بەعسی بەغداوە لە سێدارە درا و شەهید بوو. شەهید ئەکرەمی حەپسە، دوای دوورکەوتنەوەی لە حیزبی کۆمۆنیستی عیراقی"سەرکردەیەتی نێوەندی:القيادةالمركزية"، ماوەیەک لەگەڵ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا دەبێت و دواتر وازیان لێ دێنێ و وەک چەپ و مارکسییەکی سەربەخۆ دەمێنێتەوە. لە زیندانیشدا و تا شەهیدبوونیشی، ورەبەرز و خۆڕاگر دەبێت. مستەفا چاوڕەش، کە سەر بە هەمان حیزبی کۆمۆنیست دەبێت، دواتر دەچێتە ڕیزی کۆمەڵە و یەکیەتی نیشتمانی کوردستانەوە و تا ئێستاش یەکێکە لە سەرانی ئەوان.

www.kurdistannet.org
18-12-2002 13:15

شتێک نەشاردراوەتەوە"دوژمنترین تاقمی هوردە بۆرژوای کوردستانی بە هوردە بۆرژوای کوردی خۆ بە عێراقی زان، دەستەی ( (یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستانی) ) یە بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی"[٤٦]. ڕووداوەکانی ١٩٨٣ی پشتاشانیش، کە هەر لە ناوەڕاستی مانگی نیسانی ١٩٨٣وە نیشانەکانی وەدەرکەوتبوو و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بە پێزانین و چرای کەسکی حوکوومەتی بەعس، ڕێگەی بۆ خۆش دەکرد و نەوشیروان مستەفای بۆ تەرخان کردبوو و ئەویش چالاکانە خەریکی کۆکردنەوەی هێزێکی گەورەبوو بۆ پەلامارێکی لە ناکاو و تەواوی ئەو کەلوپەل و پێویستییە سەربازییە پرتفاق و ڕێکوپێکەی یەکیەتیش لە ناوچەکەدا بۆ ئەو خۆئامادەکردنە، کە لە ڕێژێمی بەعسەوە نێردرابوو و لە ڕێگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە (حدکا) بە یەکیەتیی گەیشتبوون[٤٧]، سەلماندنێکی ئاشکرا و لەبەرچاوی ئەو ڕقە خەستەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە درێژەپێدانی بیروباوەڕی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانییە، لە هەموو چەپ و کۆمۆنیستێک. نەوشیروان مستەفا، کە لەوەتی لە نێو شۆڕشی کورددا بووە تا ئەو کاتەی پشتاشان و ئەوانە "جگە لە شەڕی چەنگیان لە هیچ شەڕێکی دژی ڕژیم بەشداری نەکردووە لە کوردستان"[٤٨]، لەژێر دروشمی "تۆڵە بەسەبرە ئەمما بە زەبرە"دا، هێرشی دڕندانەی خۆی لە پشتاشان دەستپێکرد و بۆ ئەوەی دەست نەپارێزی و قڕان بخاتە نێو کۆمۆنیستەکان و حیزبە کوردییە نەیارەکانی دیکە و تاقیان لێ ببڕێت، دروشمی"با پەرێزمان پاکژ بێت"یشی بە سەر دروشمی پیشوویدا کرد "نکۆڵی لەوە دەکات کە لە شەڕی ( (پشتاشان) ) دا هیچ دیلێک کوژرابێت، کەچی هەم خودی چەکدارەکانی یەکێتی و هەم ئەو ئافرەتانەی حشع<واتە: حیزبی شیووعی عیراقی-شاکەلی> کە ئێستا ماون و هەندێکیان لە هەندەران دەژین، شایەتی زیندووی گوللەباران کردنی کۆمەڵێک چەکداری بەدیلگیراوی ( (جود) ) ن"[٤٩]. کوشتنی دەیان لاو و ژن و کچی کورد و عەرەب و کادری بژیشکی و دیل و سووکایەتی و یاریکردن بە لاشەکانیان لەو ڕووداوانەدا، بێجگە لە سادیزم وەک چوارچێوەی دیتن و سروشتی بیرکردنەوەی هێڵی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی و پێڕەوانیان، شتێکی دیکە ناگەیەنێت[٥٠]. ئەو سادیزمە ئەگەر لە خەڵکانی دیکەدا کەمتر وەدیار کەوێت، لەکن نەوشیروان مستەفای ڕێبەری ئەو شەڕانە، وەک ڕۆژی نیوەڕۆ خویا و لەبەرچاوە. نەوشیروان" فەرمانی تاڵان کردنی ئاشقۆڵکە و قرناقە و پشت ئاشانی دەرکرد و جل و پێڵاو لەبەر شەهید دابکەنن و ئەگەر شەهیدێک یەک دیناری پێبێ لە گیرفانی دەردەکرا. ژن دەکوژرا و

---

[٤٦] نەبەز، جەمال، بیری نەتەوەیی ی کوردی نە بیری "قەومیەت"ی ڕۆژهەلاتی و نە بیری"ناسیۆنالیزم"ی ڕۆژاوایی یە، ستۆکهۆڵم ١٩٨٤، ل ٢٦١.

[47] ڕەشید، قادر(ئەبوشوان)، پشتاشان لەنێوان ئازار و بێدەنگیدا، ١٩٩٨،ل ١٠-١١.

[٤٨] محمود، محمد حاجی، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی یەکەم ١٩٨٢-١٩٨٦، ل ١٧٠-١٧١. ساڵ و شوێنی چاپ و نێوی چاپخانەی نەنووسراوە.

[٤٩] نەجمەدین.،. لە سێبەری .،. ل٥٩. )). جود: واتە: بەرەی نیشتمانیی دیموکراتی: الجبهةالوطنيةالديمقراطية، کە پێکهاتبوو لە: حیزبی کۆمۆنیستی عیراق، پارتیی دیموکراتی کوردستان، حیزبی سۆسیالیستی کوردستان و پاسۆک.

[٥٠] ڕەسول، فاتح، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد، بەرگی سێیەم، سوید ١٩٩٤، ل ٢٦٠-٢٦٤. فاتیح ڕەسووڵ، کە ناوی ٨٢ کەسی لە کوژراوانی حیزبی کۆمۆنیست، کە ٤٦یان عەرەبن و ٣٦یان کورد، ڕیز کردووە و نامەکانی نەوشیروان مستەفا و سەرانی دیکەی یەکێتی و بەیاننامەکانی حیزبی کۆمۆنیست و پاسۆک و سۆسیالیست و ئەوانی دیکە، ڕادەی توندڕۆیی و تاکڕەوی و یەکملیی و شەرفرۆشتنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان(بیروباوەڕی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی) پێشان دەدەن. سەرباری ئەو هەڵوێستە دوژمنانەی یەکێتی لە کۆمۆنیستەکان و ئەو هەموو شتانەی کە ڕوویانداوە، مرۆڤ کە هەرسێ بەرگی کتێبەکەی فاتیح ڕەسووڵ(چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد) دەخوێنێتەوە، هەڵوێستی ناشۆڕشگێڕانە و سازشکارانە و مەراییکارانە و تەنانەت جەلالییانەی نووسەری ئەو کتێبەی بۆ دەردەکەوێت. بێگومان تەنێ هەڵوێستی فاتیح ڕەسووڵ وا نەبووە، بەڵکە هەڵوێستی هەندێک لە سەرانی حیزبەکەی فاتیح ڕەسووڵ، کە لەتاو گیانی خۆیان نواندیان پاش گرتنیان لە لایەن هێزەکانی جەلالییەوە- ئەو بڵاوکراوەیەی کە لە لایەن مەلا ئەحمەدی بانیخێلانی و کەریم ئەحمەدەوە لەگەڵ جەلال تاڵەبانیدا مۆر کرابوو - کە هێشتا خوێنی هاوڕێیانی حیزبەکەیان لە پشتاشان وشک نەبووبووەوە، هیچ لەوەی فاتیح ڕەسووڵ شۆڕشگێڕانەتر نەبووە ئەگەر ترسنۆکانەتر نەبووبێت. ڕێککەوتنی "بەهائەددین نووری"یش لەگەڵ مەلا بەختیاردا، هەر دەکەوێتە ڕیزی ئەو هەڵوێستە ناشۆڕشگێڕانەی سەرانی کۆمۆنیستەکانەوە. ساڵی ١٩٨٧ لە ئۆردووگای سەریاسی لای کرماشان، سێ چوار لاوی خەڵکی هەڵەبجە و سلێمانی، کە کاتی خۆی وەک سەربازی هەڵاتوو لەو دەمەی ڕووداوەکانی پشتاشاندا ڕێیان دەکەوێتە بەرەگاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بۆیان گێڕامەوە، کە هەندەک لەو ژنانەی، کە بە دەستی چەکدارەکانی یەکێتی کوژراون، ئاوس دەبن و ئەو چەکدارانە هەر بە قەمەی تفەنگەکانیان زگیان دەدڕن. هەروەها هەندێ لەو کۆمۆنیستانەی، کە چەکدارانی یەکێتی بە یەخسیری دەیانبەن بۆ بارەگاکانی خۆیان و هەواڵ دەدەن بە نەوشیروان مستەفا، کە ڕێبەری شەڕی براکوژی و سەرکردەی هێزەکای یەکێتی دەبێت، کە ئەو یەخسیرانەیان هێناوە، ئەویش دەپرسێت: ئەوانە کێن؟ دەڵێن: کۆمۆنیستەکانن. ئەویش دەڵێت: ئەو سەگانەتان بۆ گەیاندووەتە ئێرە، دەبوو هەر لە ڕێگە لە کۆڵتان بکردنایەوە، بڕۆن تەواویان کەن. دوای چەند دەقیقەیەک دەنگی دەستڕێژ وهاڕەی گوللە دەبیسترێت و یەخسیرەکان تەواو دەکرێن.

سوكايەتی پێ دەكرا"[51]. هەڵوێستی پێشمەرگەیەكی كۆمۆنیستی عەرەبی خەڵكی ناسرییە (الناصریة) ، كە جەلالییان بە دیل دەیگرن، گەلێک لە هەڵوێستی سەرانی حیزبی كۆمۆنیست بوێرانەتر بووە. سابیر كۆكەیی، كە چەكداری یەكێتی نیشتمانی كوردستان بووە و بەشداریی شەڕەكانیانی كردووە لەمەڕ شەڕی قڕناقا و پشتاشانەوە و ئازایەتی ئەو پێشمەرگەیەوە دەڵێت:"لە ئاكامی هێرشەكە دیلێكی بەرەی جودمان دەستگیر كرد، دەرچوو شیوعی و عەرەب بوو، زۆر ئازا بوو، ئەم بەردو ئەو بەردی لەگەڵ دەكردین تا گرتمان هەشت (مەخزەن) ی لە چەكەكەی تەقاندبوو. هۆی خۆبەدەستەوە نەدانیمان لێ پرسی، لە وەڵامدا ووتی: زەمیرم قەبووڵ ناكات تەسلیم بە جەلالیەت بم. . كابرای عارەب قەبووڵی نەبوو خۆ بە دەست جەلالیەت بدات، بەڵام ئەحمەد بانیخێلانی و بەهاددین نوری (سەركردایەتی كرێكارانی جیهانی) لەگرتنیاندا داوایان كردبوو بیان بەن بۆ لای هەڤاڵی تێكۆشەر جەلال تالەبانی"[52]. ئەحمەد بانیخێلانی و كەریم ئەحمەد، نەک بەهائەددین نووری، وەک سابیر كۆكەیی دەڵێ، لە ٨-٥-١٩٨٣دا گیران و لەگەڵ جەلال تاڵەبانیدا ڕاگەیاندنێكی هاوبەشیان دەركرد و تیایدا دژی شەڕی نێوخۆ ڕاوەستان و داوای دۆستایەتییان"دۆستایەتی دیل و دیلگر!" لەگەڵ یەكێتیدا كرد. كۆمۆنیستەكان و بەتایبەت ئەوانەی خوارەوەیان ئەو كارەیان پێ خراپ بوو و بە ناڕاست و نارەوایان زانی[53]. دیارە تەنیا پێشمەرگەپیاوەكان نەبوونە، كە ئازایەتی بنوێنن، بەڵكە پێشمەرگەژنەكانیش ئازایەتییان نواندووە. لەنێو ئەو ژنەكۆمۆنیستانەدا، كە جەلالییان بە یەخسیری دەیانگرن، "فریشتە" ناوێک و "فەیرووز خانمی خێزانی فاتیح ڕەسووڵ" دەبن، كە بەدیلی دەیانبەن بۆ بارەگاكانی خۆیان و لەوێش سووكایەتییان پێدەكەن، بەڵام ئەوان هەڵوێستێكی مەردانەیان دەبێت و سەرزەنشتی سەركردە و چەكدارەكانی یەكیەتیی دەكەن و ڕیسوایان دەكەن[54]. هەر لەو سەروبەندەدا، كە "ڕێزی یەكجار زۆری جەلالییان لە ژن و لە شەهید و لە كۆمۆنیست و لە فەرهەنگی مرۆڤ و ئیسلام و كورد!!!" پێشان دەدا، دەكرێ باسی "عەشتار" بكرێت، كە كچەپێشمەرگەیەكەی كۆمۆنیست و عەرەب دەبێت و "لە سەنگەرەكەیدا شەهیدیان كرد، لە تەنیشت تۆپە دوورهاوێژەكەیەوە، كە نەوشیروانی سەغڵەت كردبو و. چەكدارەكانی ینک كە دێنە ناو گوندەكەی پشتاشانەوە، بە پاچ و پیمەڕە ئەكەونە گۆڕی ئەو شەهیدە. . بۆ دەرهێنانی تەرمەكەی و بە حسابی خۆیان لەگەڵ تەرمەكەیدا چەک شاراوەتەوە، تەرمەكەش هەروا بەجێئەهێڵن و كە لە دواییدا چەند كەسێكی خێرخوازی گوندەكە دیسان تەرمەكە ئەخەنەوە ناو گۆڕەكەو دایئەپۆشنەوە"[55]. لە مانگی ٧-١٩٨٤دا، لە شەڕێكدا لە نێوان هێزێكی حیزبی سۆسیالیست و هێزێكی حیزبی كۆمۆنیستی عیراق لە لایەک و هێزی یەكێتی نیشتمانی كوردستان لە لایەكی دیكەوە، لە دەشتی هەولێر و شەقلاوە و قەلاسنجە و دەوروبەری، پاش شەڕ و پێكدادانێكی دوو ڕۆژی و زیانێكی زۆر لە هەموو لایەک، هێزەكەی یەكێتی، كە پتر زیانی لێدەكەوێت، دیسان خۆ كۆدەكاتەوە و پەلامار دەداتەوە و زیانێكی زۆر بە هێزەكەی حیزبی كۆمۆنیست دەگەیەنێت. موحەممەدی حاجی مەحموود، كە ئەو كاتی یەكێک بوو لە سەرانی حیزبی سۆسیالیستی كوردستان و لە ڕێبەرە سەربازییەكانی ئەو حیزبەش بوو، لەمەڕ دیلكوشتن و ڕەوتاری چەكدارانی یەكیەتیی لەهەمبەر كۆمۆنیستەكانەوە دەڵێت:"ئەو هێزەی حزبی شیوعی بەتایبەتی ئەوانەیان عەرەب بون لە تینوێتی دا ماندوبون و زۆر لەو پێشمەرگانە لە تینوێتی دا میزی خۆیان دەخواردەوە، (٩) كەس لە حزبی شیوعی گیران و پاشان هەر لەوێ یەكێتی گولەبارانی كردن"[56]. یەكیەتیی نیشتمانیی كوردستان، زۆر پاش شەڕی پشتاشانیش هەر شەڕی بە كۆمۆنیستەكان فرۆشتووە و هەوڵی لەنێوبردنیانی داوە و بەدیلی كوشتوونی. ڕێباز، كە كادر و فەرماندەیەكی یەكیەتیی نیشتمانیی كوردستان بوو، لە بیرەوەرییەكانی خۆیدا بە نێوی (قەندیل بەغدای هەژاند) وشەی (دیلكوژەكان) بۆ چەكدارانی یەكیەتیی نیشتمانیی كوردستان، بەكار دێنێت و بە شەرمەوە باس لە دیلكوشتن و ئەو شەڕانە دەكات كە لە ٢-٦-١٩٨٥دا، واتە لە سەردەم و كاتی گفتوگۆی یەكیەتیی و حوكوومەتی بەعسدا دژ بە حزبی كۆمۆنیستی عیراق كران. لە برووسكەیەكیدا دەڵێت:" لە

[51] محمود.، ڕۆژمێری.،ل١٧٠-١٧١.

[52] كۆكەیی، سابیر، ناڵەی پێشمەرگەیەک بۆ مێژوو، بەشی یەكەم، ٢٠٠١، ل١٤٧ و١٤٨. كۆكەیی، لە باسی بەدیلگرتنی سەرانی حیزبی كۆمۆنیستدا، كە دەڵێ : ئەحمەد بانیخێلانی و بەهائەددین نووری بوون، شاشە. ئەحمەد بانیخێلانی و كەریم ئەحمەد بوون، نەک بەهائەددین نووری.

[53] محمود.، ڕۆژمێری.، ل١١٧.

[54] ڕەشید.، پشتاشان.،ل١٦-١٧.

[55] سەرچاوەی پێشوو.

[56] محمود.، ڕۆژمێری.،ل٢٠٥-٢٠٦.

www.kurdistannet.org
18-12-2002 13:15

ڕێبازەوە بۆ مەڵبەندی چوار ( (مام هیدایەتمان بە دیل گرتووە، تکایە فەرمان بدەن!) ) ، لە مەڵبەندی چوارەوە بۆ کاک ڕێباز ( (مام هیدایەت لە گوندەکەی خۆیان بکوژن!) ) . مام هیدایەت چەکدارێکی حشع<حیزبی کۆمۆنیستی عیراق-شاکەلی> بووە و برووسکەکەش لە ماڵی خۆیاندا کراوە"[٥٧]. نەوشیروان مستەفا دەڵێت:"تەقەلا دەدەین خۆمان لە بیروڕای چەپگەری توندوتیژ ڕزگار بکەین. دژی بیر و ئایدیۆلۆژیای (ماو) ین، پەیوەندیمان بە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران هەیە، لە کردەوە و هەڵوێستی هەرزەکارانەیان رازی نین"[٥٨]. وەک هاوکێشەیەکی ماتماتیکی، یەک هەنگاو دوورکەوتنەوە لە بیروباوەڕی چەپ و کۆمۆنیزم و هەڵوێستی هەرزەکارانەی ماویزم بەلای هێڵی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانییەوە، دەکاتە یەک هەنگاو –ئەگەر دوو هەنگاویش نەبێت- نێزیکبوونەوە لە داپڵۆسین و لەنێوبردن و کوشتنی خەڵکانی چەپ و کۆمۆنیست، واتە: باجی ئەو دوورکەوتنەوەیە چەپ و کۆمۆنیستان دەیدەن. کوشتنی (ئەبووبەکر عەلی) شاعیریش، کە داکۆکی لە خەڵکانی چەوساوە و چینی پێشێلکراوی خانووە قوڕەکانی شاری سلێمانی دەکرد و مرۆڤێکی چەپ و هەواداری کۆمۆنیستە کرێکارییەکان بوو، لە ساڵی ١٩٩٤دا، لەسەر دەستی چەکدارەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر بەشێکە لە دوژمنایەتیکردنی چەپایەتی و کۆمۆنیزم و چەپ و کۆمۆنیستان.

---

[57] نەجمەدین..، لە سێبەری ..، ل ٦٠-٦١.

[٥٨] رەسول،فاتح، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان، ڕووداو و بەڵگەنامە ١٩٨٠ و ١٩٨١، بەرگی دووەم، سوید١٩٩٢،ل١١٥.

www.kurdistannet.org
2-1-2003 1:29

# سەرەتایەک بۆ خوێندنەوەیەکی نوێی مێژووی چەپی کوردی (عیراق)

ئەمجەد شاکەلی

## _ بەشی پێنجەم _ بۆ بینینی بەشەکانی تر کلیکی ئێرە بکە

### پێوەندی ئیبراهیم ئەحمەد و دەستەکەی بە ئێرانی سەردەمی شا و ساواکەوە

مێژووی پێوەندی ئیبراهیم ئەحمەد و هاوبیرانی، لەگەڵ ئێرانی سەردەمی شا –یا ڕاستتر ساواکی ئێرانی شا- دا، گەلێک کۆنە و سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سالانی ١٩٤٠ەکان و ١٩٥٠کان. سەرهەنگ عیسا پەژمان، کە کابرایەکی کوردی خەڵکی شاری سنە و کە لە بنەچەدا لە بنەماڵەیەکی جوولەکە بوو[١] و ساواکییەکی ئێرانی بوو، هەر زۆر زوو توانیویەتی، پێوەند بە ئیبراهیم ئەحمەدەوە بکات و وردەوردە نێوان، هەم لەگەڵ ئەو و هەم لەگەڵ هاوبیرانیشیدا ساز بکات. پەژمان لە سەفەرێکیدا، بە ناوێکی خوازراوەوە و، وەک مامۆستای جوگرافیا و مێژوو و، بە بیانووی لێکۆڵینەوە لە بارەی مێژوو و جوگرافیای کوردستانی عیراقەوە، دەچێتە کەرکووک و لە دادگەی کەرکووک، چاوی بە ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێری ئەودەمی پارتیی، کە لەبەر چالاکیی سیاسی لە سلێمانییەوە بۆ کەرکووک دوورخراوەتەوە و لە کەرکووک کاری پارێزەری دەکات، دەکەوێ و گفتوگۆی لەگەڵ دەکات[٢]. ئەو بینین و گفتوگۆیە، وەک ئیبراهیم ئەحمەد لە کۆڕێکدا لە ستۆکهۆڵم لە بەهاری ١٩٩٧دا گوتبووی، ساڵی ١٩٥٤ ئەنجام دراوە. ئیبراهیم ئەحمەد دۆستایەتی خۆی و عیسا پەژمان دەگەڕێنێتەوە بۆ مێژوویەکی کۆنتر و لە بارەی پەژمانەوە دەڵێت:"عیسا پەژمان ڕەفیقمە هەر ڕەفیق! عیسا پەژمان لە ١٩٤٧ و ٤٨ەوە ئەمن دەناسێ، هاتبوو بۆ دیتنی من لە کەرکووکی لەپاش بەربوونم لە حەپسخانە. . "[٣]. کە باس لە پێوەندی دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد و ساواک بکرێت، بێ ئاوڕدانەوە لە عەبدوڕڕەحمان زەبیحی و بێ بەسەرکردنەوەی وی، کارێکی ناتەواو دەبێت. دەکرێ تا ڕادەیەک زەبیحی بە کلیل و هەڵسووڕێنەری ئەو پێوەندە پێناسە بکرێت. زەبیحی یەکێک بوو لەو کەسانەی کە زۆر لە ئیبراهیم ئەحمەدەوە نێزیک بوو و سەر بە بیروباوەڕی ئەو تاقمە بوو و لە هەرە چالاکەکانیان بوو. زەبیحی لە نێو ئەو تاقمەدا نێوی عولەما[٤] ی لێ نرابوو. لە بارەی نێوبردنی زەبیحی بە عولەما، ئیبراهیم ئەحمەد پێی وایە، کە لەبەر ئەوەی ئەو (زەبیحی) هەموو شتێکی دەزانی و لە هەموو شتێکدا شارەزا بوو، بۆیە پێی دەگوترا عولەما و گوایە برادەرانی ئەوان ئەو ناوەیان لێ ناوە[٥]. عەبدوڵڵا ئیسماعیل (مەلا ماتۆر) لە بارەی ئەو عولەمایەوە دەڵێت:"وەڵاهی کاک برایم ئەحمەد ناوی لێ نابوو، گوتی کاکە عولەمایە، عولەما! عالمە هەموو شت دەزانێ و. . . ئەو عولەمایە لەوێڕا هات"[٦]. جەلال تاڵەبانی لە بارەی نێوی عولەماوە دیتنێکی دیکەی هەیە و پێی وایە کە بەشیر موشیر ئەو ناوەی لێ ناوە و دەڵێت:"ئەتۆ ئەگەر تەماشای کەی کابرایەک کە هیچی نەخوێندووە ئەو هەموو شتانەی چۆن زانیوە؟! دەبێ چ بلیمەتێک بووبێ؟! بە گاڵتە نەبوو بەشیر موشیر پێی دەگوت عولەمای ئاخر زەمان ناوەکەی لەوەوە هاتبوو دەیگوت ئەو پیاوە عولەمایە"[٧]. عەبدوڕڕەحمان زەبیحی، خەڵکی مەهاباد بوو، و یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی "کۆمەڵەی ژێکاف" و تا هەڵوەشاندنەوەیشی سکرتێری بوو. بەڕێوەبەری گۆڤاری "نیشتمان"یش بوو. لە پاش گۆڕینی نێوی "ژێکاف" بۆ "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران"، بوو بە ئەندامی کۆمیتەی نێوەندیی ئەم حیزبە. لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە زستانی ١٩٤٧دا، لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا هەڵات و بە نهێنی هاتە سیتەک و لای شێخ لەتیفی شێخ مەحموود بووبوو

---

[1] شارباژێڕی، ح، بوختانەکانی کاک ئەمیر بێ وەڵام نامێننەوە، مامۆستای کورد، ژمارە ٩، بەهاری ١٩٩٠، ل٢٢.

[2] پژمان، سرهنگ ستاد عیسی، اسرار بستن پیمان ١٩٧٥ الجزیره، پاریس، انتشارات نیما، ص ٦٢-٦٣.

[٣] کەریمی، عەلی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولرەحمان زەبیحی(مامۆستا عولەما)، چاپی یەکەم، بنکەی چاپەمەنی زاگرۆس، گۆتێنبێرگ، سوێد ١٩٩٩، ل ٢٨٤.

[4] لە نێو خەڵکیشدا زۆرجاران بە "عولەمێ" نێو دەبرا.

[5] کەریمی..، ژیان..، ل٢٩٦.

[6] سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٦.

[7] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٦.

به پەنابەر. پاش ماوەیەک چوو بۆ بەغدا و بە نێوی "قادر"ەوە لە گازینۆی عەبدوڵلا، کە خاوەنەکەی کوردێکی سنەیی بوو، کاری دەکرد. لە ساڵی **١٩٥٦**دا زەبیحی هەڵات بۆ سووریا. لە دیمەشق لە هوتێلێک بە نێوی فلستین و شەرقولئوردن "فلسطين و شرق الاردن"، کە خاوەنەکەی کوردێکی دیمەشقی بوو بە نێوی"ئەبوو ئەییووب"، گیرسایەوە و بە نێوی "عیسا عەرەفات"ەوە کاری بۆ خاوەن هوتێلەکە دەکرد. پاش کوودێتای **١٤**ی تەممووزی **١٩٥٨**، زەبیحی گەڕایەوە بۆ بەغدا و ئەمجارەیان خۆی نێونابوو عیسا ئەززەبیحی "عيسى الذبيحي" و بە نێوی گەلی کوردی سووریاوە لەبەردەم عەبدولکەریم قاسمدا، وتارێکی خوێندەوە. پاشان لە نێو ڕیزەکانی پارتیی دیموکراتی کوردستانی عیراقدا دەستی بەکار کرد[8]. زەبیحی ماوەیەک لێپرسراوی لقی کەرکووک و ماوەیەک بەرپرسی لقی بەغدای پارتیی دەبێ و لە پارتییە جەلالییەکەیشدا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی دەبێ. لە کاتێکدا کە دەبوو زەبیحی خۆی لە ئێران و ئێرانی ساواک ڤەشێرێ، بە پێچەوانەوە لەگەڵ عیسا پەژمان –واتە: ساواک-دا پێوەندێکی بەهێزی دەبێ و نێوانی لەگەڵدا گەلەک خۆش دەبێ. لە ساڵانی پێش کوودێتای **١٤**ی تەممووزی **١٩٥٨**، پەژمان لە یەکێک لە هوتێلەکانی دیمەشقدا بە دیداری زەبیحی – سەرکردەیەکی هەلاتووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی دژی ڕێژیمی شا!- دەگات و بە ناوی خوازراوەوە یەکدی دەبینن و قسان دەکەن. هەژاری موکریانی دەڵێ:"زەبیحی کە لە ڕێگەی موسڵەوە خۆی گەیاندە سووریا و لە ماڵە حاجی دامەزرا پێناسی مردوێکی بەناو عیسا عەرەفات پەیدا کرد و خۆی گەیاندە شام"[9]. دوای ساڵی **١٩٥٨** کە پەژمان وەک وابەستەی سوپایی ئێران –لە ڕاستیدا وەک کارمەندێکی ساواک- لە باڵیوزخانەی ئێران لە بەغدا کار دەکات، لەگەڵ زەبیحیدا یەکدی دەبیننەوە و قسە و باس دەکەن و ئەو دەمە بە ناوی ڕاستیی خۆیانەوە لەگەڵ یەکدی دەدوێن و زۆریش لە یەکدی دڵنیا دەبن. پەژمان لەو دیدارەدا دیتن و سیاسەتەکانی ئێران بەرانبەر بە کورد و ڕەوتیی فەرهەنگی و ئەدەبی و ڕاگەیاندنی لەگەڵدا باس دەکات و بۆ ڕوون دەکاتەوە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی وییەوە (زەبیحی) بگاتەوە بە سەرانی دیکەی پارتیی[10]. بەو چاوپێکەوتنەی زەبیحی، وەک پەژمان خۆی دەڵێ، دەروازەی هاتوچۆ و دۆستایەتی لەگەڵ پارتیی دیموکراتی کوردستانی عیراقدا بۆ کرایەوە و لەو دەروازەیەوە چووە مەیدانی سیاسەتی پارتییەوە. زەبیحی یەکێک بووە لەو کەسانەی، کە بۆ هاتنی پەژمان (واتە: ساواک) بۆ نێو سیاسەتی پارتیی، کۆمەکێکی زۆری کردووە و ئەگەر دیتن و تێگەیشتن و بۆچوونی ئەو نەبووایە، ئەوا هاتنە نێو ئەو مەیدانە بۆ پەژمان (ساواک) کارێکی هاسان نەدەبوو[11] و تەواوی ئەو زانیاری و ئاگادارییانەش لەمەڕ مەسەلەی کورد و حوکوومەتی عیراقەوە، کە پەژمان ویستوونی، بە زۆری لە ڕێگەی زەبیحی و یەدوڵلا فەیلییەوە وەدەستی هێناوە[12]، بێگومان زێتریش لە ڕێگەی زەبیحییەوە، کە ڕێک وەک ساواکییەک، کاری بۆ پەژمان کردووە. هەژاری موکریانی گفتوگۆیەکی نێوان خۆی و زەبیحی بڵاو دەکاتەوە، کە پتر پێوەندی زەبیحی بە ئێران و ساواکەوە دەسەلمێنێ و جەخت دەکات، هەژار دەڵێ:"شەوێک گوتم: زەبیحی من هەر دەرۆمەوە کێوان، لە کوی ناسیانم و گرتیانم تۆ سەلامەت، بەلکو دەربازیش بوم. .

گوتی: مەلا ڕێگە زۆر خەتەرە، وەرە دەگەڵ من بچینە تاران!

- یانی دەتەوێ عەجەم ئیعدامان بکەن؟!

- نا مەلا، سیاسەت زۆر گۆڕاوە. من خۆم جارێک چومە تاران و میوانی شاهەنشا بووم. ئێستاش من خەبەر دەنێرم ماشێن دێتە سنووری خانەقین، لێرەوە دەچینە خانەقین کە ڕێگەکەی ئەمینە، لەوێوە دەمان گەیەننە تاران"[13]. عیسا پەژمان لە دوو نامەیدا بۆ، عەلی کەریمی، نووسەری کتێبی "ژیان و بەسەرهاتی عەبدوڕەحمان زەبیحی (مامۆستا عولەما) "، پەردە لە سەر

---

[8] نەبەز..، گۆڤاری..،ل**٦٨-٦٩**.

[9] هەژار..، چێشتی..، ل**٢٢٤**.

[10] پژمان..، اسرار..،ص٦٨-٧٠.

[11] سەرچاوەی پێشوو، ل **٧٠**.

[12] سەرچاوەی پێشوو، ل**١٦٥**.

[13] هەژار..، چێشتی..، ل**٤٥٨**.

ساواکیبوونی زەبیحی –سەر بە باڵی چەپی کوردایەتی[١٤]- و ڕۆڵی گرنگی وی و پێوەندی ساواک و سەرانی پارتیی (دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی) هەڵدەماڵێ و بە ڕاشکاوی باسی دەکات و هیچ گومانێک لەو مەسەلانەدا ناهێڵێتەوە. پەژمان لە نامەی یەکەمیدا دەنووسێت:"ئەمن لە ساڵی ١٩٥٩ ساڵێک دوای قەومانی کودەتا (ئینقلاب) ی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی عێراق بۆ هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی مێژوویی و جوگرافیایی، کۆمەڵایەتی و بابەتەکانی دیکەی گیروگرفتی عێراق و ناوچەکانی باکووری عێراق چوومە عێراق. هەڵبەت لە توێژینەوەی ناوچەکانی ڕۆژاوای ئێران و ئەو زانیارییانەی لە بەردەستم دا بوون بەتەواوی لەگەڵ ناوی عەبدوڕەحمان زەبیحی ئاشنا بووم. کاتێک چوومە دیمشق و خەریکی تەدارەکی لێکۆڵینەوە لەسەر ناوچە جۆر بە جۆرەکانی سووریا و بە تایبەتی ناوچە کوردنشینەکانی ئەوێ بووم، لە هوتێل تووشی خودالێخۆشبوو زەبیحی هاتم. ئەو خۆی وەک عیسا عەرەفات و خەڵکی مەهاباد ناساند و هاتە دیوەکەی من و بە ڕاشکاوی و بە ڕەوتی پیاو و پیاوەتی گوتی ڕاکردووە و خەڵکی مەهابادە و باسی زەمانی حکوومەتی قازی محەمەد و هتدی هێنا گۆڕی. ڕۆژێک دوایە لە شەقامێکی دیمشق تووشی کوردێکی ناسیاو بووم، ئەو بوو کە لە توێی قسەکانی دا ناوی ڕاستەقینەی عەبدوڕەحمانی پێ گوتم. ئەمن هیچ بەرووم دا نەداوە و دوای دووسێ ڕۆژ کە یەکترمان دەدی ئەمن چوومە بەیرووت و ئیتر ئەوم نەدیتەوە. لە ساڵی ١٩٦٠ کاتێک مەئموورییەتی عێراقم درایە وەکوو ئاتاشەی عەسکەری ئێران لە بەغدا و چوومە ئەوێ لە جێژنێکی نەورۆزدا کە بانگ کرابووم و جەلال تاڵەبانی بانگ هێشتنی کردبووم تووشی زەبیحی بووم و پێی گوتم کە ئەندامی لێژنەی ناوەندی یە و هەموو شەوەکە بە تەنیشت یەکترییەوە بووین"[١٥]. پەژمان لە نامەی دووەمیدا دەنووسێت:"من لە دیمشق لەگەڵی (واتە:زەبیحی-شاکەلی) بوومە ئاشنا و دوایە لە بەغدا بووینە دۆست. ماوەی پێنج ساڵ کە وەک ئاتاشەی عەسکەری لە عێراق بووم لەگەڵ بەرێزیان هاوکاری نزیکم هەبوو"[١٦]. زەبیحی پیاوێکی گومانلێکراو و داخراو بووە و گومانی ئەوەی لێ دەکرێ، کە هەر لە سەردەمی ژ. ک یشدا پێوەندی بە ئینگلیزەوە بوو بێت. غەنی بلووریان لەو بارەوە دەڵێ:"ڕۆژێک خەریک بووم لە بەشی ڕاگەیاندنی دەبیرخانەی ژ. ک کارم دەکرد، لەوێ چاوم بە نامەیەک کەوت کە بە زمانی ئینگلیسی نووسرابوو. زەبیحی و دلشاد خەریک بوون بە یارمەتی وەرگرتن لە ( (دیکشنێر) ) (فەرهەنگی زمان) دەیانکرد بە کوردی. من کارەکەم تەواو بوو وەک ڕۆژانی پێشوو چوومە لای میرحاج و مستەفا خۆشناو.

میرحاج گوتی:

- ( (ئەمڕۆ زوو کارەکەت بەجێ هێشتووە؟) ) .

- هەڤاڵان خەریکی وەرگێڕانی نامەیەکی ئینگلیسی بوون و چونکە منیش کارم نەبوو، پێمخۆش بوو بێمە لای ئێوە. ئەو گوتنەی من سەرنجی میرحاجی ڕاکێشا و گوتی:

- ( (نەتزانی نامەکە لە کوێوە هاتووە؟) ) .

ژێرەکەی مۆر کردوە. میرحاج گوتی: ( (Line- نا، بەڵام میستر ( (لاین) )

- ( (لاین بە نوێنەرایەتی پاشای ئینگلستان عێراق سەرپەرشتی دەکات) ) .

بەر لەو ڕووداوە زۆر جاران زەبیحی کە لە ( (تەورێز) ) گۆڤاری ( (نیشتمان) ) ی چاپ دەکرد، سەری ( (کۆنسولی ئینگلیس) ) یشی داوە. جارێکیش قازی بەناوی سەرۆکی ژ. ک، ( (عەلی ریحانی) ) و ڕەحمانی زەبیحی نارد بۆ لای کۆنسولی ئینگلستان لە تەورێزکە داوایان لێ بکەن دەوڵەتەکەیان هان بدەن یارمەتی بە بزووتنەوەی کورد بکات) ) "[١٧]. زەبیحی سەرێکی هەبوو و هەزار سەودا، بێجگە لە ساواک، لە هەمان کاتدا پێوەندی بە چەندین لایەن و خەڵکانی دیکەشەوە هەبووە. لەگەڵ دەسگا سیخوڕییەکانی عێراقیشدا پێوەندی هەبوو و کاری بۆ وانیش کردووە، واتە: دووسەرە –و زێتریش- کاری کردووە. تەنانەت لە دوا ساڵەکانی تەمەنیشیدا چووەتە نێو یەکێ لە حیزبە کارتۆنییەکانی سەر بە ڕێژیمی عێراقیشەوە[١٨].

---

[١٤] کەریمی.، ژیان.، پیشەکی، ل٢٥. ئەمیری حەسەنپوور، پێی وایە، کە زەبیحی چ لە کۆمەڵی ژ.ک دا و چ دوای وی لە باڵی چەپی کوردایەتیدا بووە. بێگومان تەنێ لەبەر ئەوەی، کە لە پارتییە جەلالییەکەدا کاری کردووە، دەنا خۆ ژ.ک بە هیچ جۆرێک چەپ نەبووە. ڕەنگە زەبیحی لە باڵی چەپی ساواکدا بوو بێت، نەک باڵی چەپی کوردایەتی.

[15] سەرچاوەی پێشوو، نامەی پەژمان لە ١٢-١١-١٩٩٥دا، ل٦٤٥-٦٤٦.

[16] سەرچاوەی پێشوو، نامەی پەژمان لە ٧-١-١٩٩٦دا، ل٦٤٧-٦٤٨.

[17] بلوریان.، ئاڵەکۆک.،ل٥٢.

[18] ئەمین.، لە کەناری.، ل١٤.

www.kurdistannet.org

لەبارەی پێوەندی زەبیحی و دەسگا سیخوڕییەکانی عیراقەوە، عەبدوڵلا ئیسماعیل (مەلا ماتۆر) دەڵێ:"ئەو پیاوە (واتە: زەبیحی-شاکەلی) لەگەر (واتە: لەگەڵ-شاکەلی) ئەو جیهازە تایبەتیکانی حکومەت (واتە: ئەمن و موخابەراتی عیراق-شاکەلی) زۆر تێکەر (واتە: تێکەڵ-شاکەلی) بوو زۆریان خاتر دەگرت حەتا ئاخر جار پڕ جیبێک کەلاشینکۆف بە مەخزەنەوە بە فیشەکەوە پێیاندا نارد لە بۆ عیزەدین حوسێنی!. . . لێرە سیلاح و میلاحی لەوانە وەردەگرت دەیبرد بۆ عیزەدین و دوایی لەگەڵ مام جەلال شتی دیکە دەبوو، هەر لەو شتەدا تێدا چوو"[19]. لەبارەی بزربوون و تێداچوونی زەبیحییەوە، جەمال نەبەز دەڵێت:"زەبیحی چونکە زۆری حەز بە خۆدەرخستن دەکرد، لووتی لە هەموو شتێک دەژەند و لە هەموو ئاشێکدا بەرداش بوو، و ئەوەش بوو بە هۆی لەنێوچوونی لە سەرەتای هەشتاکاندا. لە بارەی بێ سەروشوێنی زەبیحی یەوە چەند چیرۆکێک دەگێڕنەوە، بەلام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە زەبیحی پاش رووخانی رژێمی شایەتی لە ئێراندا هەل هەڵکەوت بۆی، خۆی بخاتە کایەی ناکۆکی ی نێوان رژێمی بەعسی ی عێراق و رژێمی ئیسلامی ی ئێرانەوە و بەنێوی ئەوەوە کە گوایە دەتوانێ کوردی ئێران لە رژێمی ئیسلامی هان بدات کەوتە جرتوفرت، و چەک و پارەیەکی زۆری لە بەعسی یەکان وەرگرت. یەکێک لەوانەی کە ئاگای لە هەڵسوکەوتی ئەم دوایی یەی زەبیحی بوو، پێمی ڕاگەیاند کە زەبیحی هێندێکی لەو چەکانەی لە بەعسی یەکانی وەرگرتبوو دابووی بە جەلال تاڵەبانی کە ئەودەمە هاوکاری سووریا بوو و هەوڵی خۆنێزیکخستنەوەشی دەدا لە رژێمی ئیسلامی ی ئێران. ئەو سەرچاوەیە گوتی، کە بەعسی یەکان بەمەیان زانی، بە خشکەیی شوێنەونیان کرد"[20]. زەبیحی، لەگەڵ زۆرینەی دەسگا سیخوڕییەکانی عیراقدا، کە سەر بە ڕێژیمگەلێکی جیاواز بوونە، پێوەندی هەبووە. لەمەڕ ئەو پێوەندانەوە، جەمال نەبەز دەڵێت:"لە ١٩٥٩ و ١٩٦٠دا خۆی نێزیک کردەوە لە داوودەزگەی قاسم و ئەمنی عێراق و کەوتە راپۆرتدان لە دژی ئەو کوردانەی کە وەک ئەو "محافەزەی جمهوریەت"یان بە "سەرکردەیەتی ی کاکە کەریم" نەدەکرد<واتە: کوردە نەتەوەییەکان-شاکەلی>، لە نێو ئەوانەدا نووسەری ئەم ووتارە<واتە: جەمال نەبەز خۆی-شاکەلی>. زەبیحی لە شەستەکاندا خۆی خستە نێو دەستەی جەلال تاڵەبانی یەوە و لەوەشەوە خۆی لە دەزگەی رژێمی عارف وبەعس نێزیک کردەوە، کە ئەودەمە بە یارمەتی ی جەلال شەڕی بارزانی یان دەکرد و ئەوجا کەوتە ووتارنووسین دژی بارزانی و هەژاری کۆنە هاوڕێ ی. لە پاش بەیانی ئازار خۆی خستە نێو دەزگەی "کۆڕی زانیاری ی کورد"ەوە. . . ئەمجارە خۆی کردە زمانەوان"[21]. زەبیحی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەستەی دوکتۆر مەحموودی پەناهیان "محمود پناهیان"، کە ژەنەراڵێک بوو و لە ئازەربایجانی سۆڤییەتەوە هاتبووە عیراق و خۆی بە نوێنەری هەموو ئێرانییەک دەزانی و بە ناوی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانەوە قسەی دەکرد و مورادی ڕەزماوەر "مراد رزم اور"، کە ئەویش خۆی کردبووە دەمڕاست و دەیویست لە ڕێگەی لێقەوماوانی کوردستانی ئێرانەوە دەسگا و دەبدەبەیەک بۆخۆی ساز بکات و ئەوانە[22]، کە زۆربەیان پیاو و بەکرێگیراوی ڕێژیمی ئێران بوون، هاوکاری دەکرد و لەگەڵ موخابەرات و ئەمنی عیراقیشدا هێندە تێکەڵ بوو تا ئەو ڕادەیەی، وەک مەلا ماتۆر دەڵێ:"دەیانبردە جێگای زۆر سرڕی، لە کوللیەی ئەمنی قەومی مەحازەرەی دەدا، شتی دەنووسی"[23]. حەمەدەمین سیراجی دەڵێ:"زەبیحی لەگەڵ شێخ جەلالی حوسەینی (برای شێخ عیزەدین) و کوڕی شێخ عوسمانی بیارە هاتووچۆی منظومەی بعثي سلێمانی دەکرد"[24]. وەک مرۆڤێک زەبیحی "کابرایەکی زۆرزان و فێڵباز بوو، بەلام هەتا بڵێیت لەخۆبایی و خۆبەزلگرتوو بوو، ئەمەش هۆیەک بوو لەو هۆیانەی کە گیروگرفتیان دروستدەکرد بۆی. بێجگەلەوەش سوروشتێکی بۆقلەموونی یانەی هەبوو، لە گچکەترین شت کە بە دڵی نەبووبایە تووڕەدەبوو و دەستی بە جنێودان دەکرد. بۆ وێنە هەرکەسێک تەماتەی بەکاڵی بخواردایە دەستی دەکرد بە جنێوپێدانی. لە باری خۆکەسی (شخصي) شەوە، زۆر سپڵە و پێنەزان بوو. لە پەنجاکاندا، چ لە بەغدا و چ لە دیمەشق، بەنێوی ئەوەوە کە پێم وابوو مرۆڤێکی دەربەدەرە، خزمەتم کردبوو، ئەویش ئەو دەمە وا خۆی پێشان دەدا کە نەک هەر دۆستمە بەڵکوو براشمە،

---

[19] کەریمی،. ژیان،. ل١٦٩-١٧٩.

[20] نەبەز،. گۆڤاری،. ل٦٩.

[21] نەبەز،. گۆڤاری،. ل٦٩.

[22] حیسامی، کەریم، لە بیرەوەریەکانم ١٩٧٠-١٩٧٥، بەرگی چوارەم، ستۆکهۆڵم ١٩٩٠، چاپخانەی شیلان، ل١٩. ئەو "موراد ڕەزم ئاوەر"ە هەر "دوکتۆر موراد عەزیز"ەکەی نێو پارتیی دیموکراتیی کوردستانە.

[23] سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٨.

[24] سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٢-٢١٣.

www.kurdistannet.org
2-1-2003 1:29

کەچی لە دەورانی قاسمی دیکتاتۆردا نەپرنگایەوە لە جاسووسی کردن بەسەرمەوە بۆ دەزگەی قاسم و رژێمە دیکتاتۆری یەکەی"[٢٥]. پەژمان بێجگە لەو دوو کەسە، زەبیحی و فەیلی، جارجاریش حیلمی عەلی شەریفی دیوە. وا دیارە پەژمان ویستبێتی هەموو سەرانی پارتیی بئەزموونێ و وردەوردە بەرەو لای خۆی (ساواک) ڕاپانکێشی و ئەگەر بەتەواوەتییش بە ساواکەوە گرێ نەدرێن، ئەوا بیانخاتە گەڕ و خزمەتی کاری ساواکەوە. هەر بۆیەش هەر جارەی یەکێک لەوان دەبینێت و لەگەڵیدا وەک خۆی دەڵێ:"مذاکرات" گفتوگۆ دەکات. لە ماڵی یەکێک لە سەرۆک هۆزەکانی کوردی نیشتەجێی بەغدا، پەژمان لەگەڵ عومەر دەبابەدا، دادەنیشێ و بە درێژی لەبارەی کورد و کوردستانەوە قسان دەکەن[٢٦]. دوای دەرچوونی عیراق لە پەیمانی بەغدا "پێوەندی نێوان عیراق و ئێران تێکچوو و شای ئێران دوژمنایەتی عیراقی دەکرد، و بە کۆمەک و دنەدانی بریتانیا و دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکانی دیکە، هەموو جۆرە پیلانێکی دژ بە شۆڕشی تەمووز ساز دەکرد. عیراقیش بەرانبەر بەوە کۆمەکی بە لایەنە پێشکەوتنخوازەکانی ئێرانی دەکرد و ڕادیۆیەک بە زمانی فارسی کرابووەوە و پرۆگرامەکانی دژی شا ئاراستە دەکرد. عیراق ئەو دەمە بووبووە قەڵای تێکۆشانی توودەیی و لایەنە ئێرانییەکانی دیکە، هەمووشیان دۆستی نێزیکی مەلا مستەفا بوون و زۆرجاران سەردانیان دەکرد. سەرکردەیەتی پارتیی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش هاتبوون بۆ عیراق و دەستیان بە جووڵانەوە و خەبات کردبوو و مەلا مستەفاش لە کارەکانیاندا کۆمەکی دەکردن"[٢٧]. تەواوی ئەوانە و دەرچوونی عیراق لە پەیمانی بەغدا و یاسای دابەشکردنی زەوی و قانوونی ژمارە ٨٠ی نەفت –کە پشکنین و گەڕانی بەدووی نەفتدا لە تەواوی ئەو زەوییانەی، کە پێشتر نەپشکێندرابوون لە عیراقدا، لە کۆمپانییە نەفتییەکان قەدەغە کرد– و هەموو گۆڕانە گەلی و باشەکان، بوونە هۆی ئەوەی، کە ڕۆژاوا و کۆمپانییە نەفتییەکان و ئێران بە جیددی بیر لە ڕووخاندنی ڕێژیمی قاسم بکەنەوە. بۆ ئەو مەبەستە ساواک نەخشەیەک بە نێوی نەخشەی کەسک "طرح سبز"[٢٨] دادەنێت. مەبەست لەو نەخشەیە، ڕووخاندنی ڕێژیمی قاسم و گێڕانەوە یا هێنانە سەر کاری، ڕێژیمێکی سەر بە ڕۆژاوایە بۆ عیراق و لەو ڕێگەیەشەوە مسۆگەرکردنی بەرژەوەند و قازانج و ئاسایشی دەوڵەتی ئێران بووە. بۆ ئەنجامدانی ئەو نەخشەی کەسکە، یاخیبوونی ١٩٦١یان بەرپا کرد و ساواک چالاکانە دەستی بەکار کرد. پەژمان بە بینینی سەرانی پارتیی و هاندانیان دژی حوکوومەتی قاسم و داواکردنی لەوان و لە سەرۆکهۆزە کوردەکانی نیشتەجێی بەغدا، بۆ بەجێهێشتنی بەغدا و چوونە چیا و دەستدانە چەک، ڕۆڵێکی مەزنی لەو بوارەدا بینیوە. سەرەتای یاخیبوونەکەش بە شێوەی جووڵانەوەیەکی چەکدارانە دەستی پێکرد. جووڵانەوەکە لە لایەن "تاقمێکی دەرەبەگی وەک شێخ حەسەنی بۆسکین، عەباسی مامەنداغا، عەلیاغای مەنگوڕ، ئیسماعیلی سواراغا و ئەنوەر بەگی پیتواتە، سەرکردەیەتییان دەکرد. ئەم تاقمە چەند یەکەیەکی چەکداریان دروست کرد و کەوتنە هاندانی خەڵک بۆ چەک هەڵگرتن و چوونە سەر چیای هەیبەت سوڵتان و خۆیشیان لە تەقتەق و ناوچەکانی دیکەی کەرکووک بڵاوکردەوە. حەمەڕەشیدخانی بانەش هێزێکی چەکداری سازکرد و لە دەربەندیخان شوێنی خۆیان گرت. چەکدارەکانی برایم چەرمەگا و کوێخاسمایلی تەلانیش لە ناوچەی دەربەندی بازیان بڵاوبوونەوە"[٢٩]. جەختکردنی سەرانی پارتیی لە سەر قۆستنەوەی ئاژاوەیەک، کە هەندێ ئاغا و دەرەبەگ، بە هاندانی ساواک دژ بە ڕێژیمی قاسم بەرپایان کردبوو، نیشانەیەکی تەواوی وابەستەیی سەرانی پارتییە بە ساواکەوە و کە بە هەموو شێوەیەک ویستوویانە یاخیبوونێک سازکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجە تایبەتییەکانی خۆیان. نووری شاوەیس دەڵێ: "جەلال تاڵەبانیمان نارد بۆ کوردستان بۆ ئەوەی ڕێگە بگرێ لە سازبوونی بشێوی لە بارودۆخی کوردستاندا و بۆ ئارامکردنەوەی جەماوەری تووڕە و هەڵنەگرتنی چەک دژی حوکوومەت. بە نامەیەکی کتوپڕ بۆی ڕوون کردینەوە، کە پابەندی بڕیارەکانی کۆمیتەی نێوەندیی دەبێت، بەڵام پێی وایە کە هەلومەرجی شۆڕش ڕەسیوە و جەماوەریش ئامادەی چەکهەڵگرتنن. ئێمە بێجگە لەو دەستەیەی، کە سدیق میرانیان کوشت و لە ڕووی سەربازییەوە مەلا ماتۆر سەرکردەیەتی دەکردن، پێشمەرگەی چەکداری ڕێکخراومان نەبوو. بەهۆی عومەر دەبابەوە نامەیەکمان بۆ جەلال تاڵەبانی نارد و تێیدا نووسیمان کە

---

25 نەبەز.، گۆڤاری..، ل٦٩.

26 پژمان.، اسرار..،ص١٠٤.

27 شاویس..، من..،ص٧٠–٧١.

28 پژمان.، اسرار.، ص ١٢٦.

29 شاویس..، من..، ص ٨١.

www.kurdistannet.org
2-1-2003 1:29

ئەو لە پێڕەو و پرۆگرامی پارتیی لایداوە و سەرەڕای ئەوەش بارزانی بەوەی کە ئەو <واتە: تاڵەبانی-شاکەلی> داوای دەکات، قایل نییە. لێ عومەر <واتە: دەبابە-شاکەلی> کاتێک گەیشتێ، کە ئیدی کات بەسەر چووبوو و هێرش پێش گەیشتنی ئەو دەستی پێ کردبوو"[٣٠]. هەژاری موکریانی لەبارەی دەستپێکردنی یاخیبوونی ١٩٦١ەوە دەڵێ:"حیزبی شیوعی دنەی فەلاحانی سولەیمانی دا کە دژی ماڵیاتی زەوی خۆپێشاندانێک ڕێک خەن. زانیمانەوە کە حیزبی پارتی لە سولەیمانی سەرۆکایەتی خۆپێشاندەرانی کردوە و هاتوون ڕێگەی دەربەندی خانیان گرتوە و بۆتە تەقە و پیاو کوژراوە و حیزب و خۆپێشاندەر شکاون، قەدەرێک پاش ئەو شکانە، نوری شاوەیس هاتە بەغدا کە لە لایەن حیزبەوە وتووێژ دەگەڵ قاسم بکا. دەگەڵ عەبدوللا کانی مارانی چوینە لای. چۆنمان لێ بیست پوختەکەی دەگێڕمەوە:<بە هەزاران وەرزێر و خاوەن مولک بە چەکەوە کۆ بۆتەوە دژی باجی زەوی شیعاریان دەدا. حیزب هەرچەندە بڕیاری دابو خۆی توشی شەڕ نەکا، مەلا مستەفاش هەرگیز بە شەڕ دەست پێکردن ڕازی نەبوە، بەڵام دیتمان ئەگەر ئێمە سەرکردایەتی ئەو گەلە کۆمەکیە نەکەین، حیزبی شیوعی دەیباتەوە و ئێمە بە یەکجاری شکست دەخۆین. ناچار خۆمان لێ کرد بە ساحیب. کەچی هەر دەگەڵ تەقە قەوما و پیاو کوژرا، هەرچی ئاغا و رەعیەتن، هەر کەسە بونە دزی گای خۆیان و غەیب بون. حەفتا کەس ئەندامی پارتی نەبێ کە لە مەیدان چەقین و لە تاریکایی شەودا سەنگەریان چۆڵ کرد. شەڕێکی خۆترێن بو، بە زۆر بە ملمان دا هات. . > بیستمەوە کە شەوی شکانەکە جەلال تاڵەبانی و نوری ئەحمەد تەها، بە سواری جیپ بە دەشتی سولەیمانی دا گەڕابون، جوێنیان بە مەلا مستەفا دابوو: خۆی لە بارزان مانگی پێنج سەد دینار وەردەگرێ و ئێمەی فرۆشت، ئەدی بۆچی نایە شەڕ بکات؟!"[٣١]. بەمەدا دەردەکەوێ، کە بارزانی بێجگە لەوەی لەگەڵ ئەوەدا نەبووە، کە شەڕی چەکدار دژی ڕێژیمی قاسم بەرپا بکرێت[٣٢]، بەوەشی نەزانیوە، کە سەرانی پارتیی لە بنەوە و لە ڕێگەی ساواکەوە بە تەمای سازکردنی یاخیبوونن. بێجگە لەوەش لە نێو سەرانی پارتییشدا هەموان بەو کارەیان نەزانیوە. ئەوەتا نووری شاوەیس وای دەداتە قەڵەم، کە بە ملیاندا هاتووە و تووش بوون. وەلێ جەلال تاڵەبانی، کە لە ئاگاداران و بەشێک لە نەخشەکە بووە، زانیویەتی، هەر بۆیەش جەختی لە سەر لەباربوونی باری جەماوەری کورد کردووە و سازکردنی یاخیبوونی بە هەل زانیوە. ساواک زۆر بە ئاشکرا ویستوویەتی بۆ بەجێهێنانی نەخشەکانی خۆی، هەموو کارێک بکات. بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەش لە کورد باشتریان دەست نەکەوتووە، کە بیکەن بە گژ قاسمدا. لە نێو کوردیشدا سەرانی پارتیی، کە هەر پێشتر خۆیان خستبووە بازنەی ئێران و ساواکەوە، باشترین کەسانێک بوونە، بۆ وەئەنجام گەیاندنی ئەو نەخشەیە. سەرانی پارتیی هەر پێش ئەو مێژووەی، کە خۆیان بە سەرەتای یاخیبوونی ١٩٦١ی دادەنێن، دەست بە ئاژاوەنانەوە دەکەن. هەر لە سەرەتای مانگی شوبات یا مارسی ١٩٦١دا، لە شاری سلێمانی، بە دەستی چەکداری پارتیی، پۆلیسێک دەکوژرێت و پۆلیسخانەیەکیش لە دەوروبەری سلێمانی پەلامار دەدرێت و دەگیردرێ و چەکی پۆلیسەکانی دەبرێن. دیارە لە ماوەتیش هەر ئەو دەمە بنکەیەکی چەکداری و حیزبی بۆ سەرپەرشتیکردنی شەڕی چەکدار، دادەنرێ[٣٣].

ساواک بۆ پتر دڵنیایی لە سەرکەوتنی نەخشەکانی خۆیان، داوا لە پارتیی دەکەن، کە جەلال تاڵەبانی و عومەر دەبابە بنێرنە ئێران، بۆ لە نێزیکەوە ناسیاوی و گفتوگۆکردن. پارتیی پاش ماوەیەک بڕیاری ناردنی عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری دەدات و ئیدی لە ڕێگەی ڕێکخراوی پارتییەوە لە کوردستان و سەرۆکهۆزی پشدەر و لە ڕێگەی سەردەشتەوە، دەبابە و عەسکەری، دەچنە تاران و لەوێ میوانی ماڵی پەژمان دەبن و ساواکیی دیکەش دەبینن و گفتوگۆی زێتر لەمەڕ خۆشکردنی ئاگری شەڕ دژ بە حوکوومەتی قاسم دەکەن[٣٤]. لە بارەی ئەو سەفەرەی عومەر دەبابە و عەلی عەسکەرییەوە بۆ ئێران،

---

[٣٠] شاویس..، من..، ص٨٢. سدیق میران عوسمان، یەکێک بوو لە دەرەبەگە گەورەکان و کەسایەتییە دیارەکان، کە هەرچەندە لە سەردەمی پاشایەتیدا پێوەندی بەهێزی لەگەڵ ڕێژیمدا هەبوو، سەر بە عەبدولکەریم قاسم بوو و پێوەندێکی باشی لەگەڵدا هەبوو. حوکوومەتی قاسم، ئیبراهیم ئەحمەدی بە ڕێکخستنی کوشتنی میران تاوانبار کرد، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد، دانی پێدا نەنا. بەگوێرەی ئەو گوتەیەی نووری شاوەیس دیارە ئیبراهیم ئەحمەد و سەرانی پارتیی پێوەندیان بەو کوشتنەوە هەبووە.

[31] هەژار..، چێشتی..، ل ٣٥٠-٣٥٦.

[٣٢] لەو بڕوایەدام، کە بارزانی دەستدانەچەک و دەستپێکردنی شەڕی چەکداری دژ بە ڕێژیمی قاسم، بە کارێکی کرچوکاڵ و زارۆکانە زانیوە و پێی وابوو، کە شەڕکردن زیان بە کورد و مەسەلەکەی دەگەیەنێت. دەڵێن ئازاترین و بوێرترین کەس، دوای هەموو شتێک، دەست دەداتە چەک. چینییەکانیش دەڵێن: ئەوەی یەکەمجار دەستی بە مشتوەشاندن کرد، شەڕەکەی دۆڕاندووە.

[33] پژمان..، اسرار..، ص١٠٩-١١٠.

[34] سەرچاوەی پێشوو، ص١٠٦-١٠٨.

نەوشیروان مستەفا دەڵێ:"ساڵی ١٩٦٢ عومەر مستەفا و عەلی عەسکەری نامەی مەلا مستەفایان برد بۆ ئێران"[35]. پێم وایە نەوشیروان مستەفا بە هەڵەدا چوویێت، چونکە پەژمان، کە بۆ خۆی ئەندازیار و نەخشەدانەری ئەو پێوەندانە بووە و هەر بۆ خۆیشی خانەخوێی ئەو دوو جوامێرانە بووە، چونکە لە تاران میوانی وی بوونە، ئەگەر هاتبا و نامەی بارزانییان پێ بووایە، ئەوا هەر دەبوو لە ڕێگەی پەژمانەوە بە دەسەڵاتدارانی ئێرانی بگەیەندرابا و ئەڵبەت پەژمانیش لە جێگەیەکدا ئاماژەی بەوە دەکرد. نەوشیروان مستەفا هەر بۆ خۆی ئەو ڕایەی خۆی پووچەڵ دەکاتەوە و بە پێچەوانەی ئەوەشەوە دەڵێ:"ئێران جوری لە پەیوەندی لەگەل مەکتەبی سیاسی دروست کردبوو. هیشتا پەیوەندی لەگەڵ بارزانی دانەمەزراندبوو"[36]. عیسا پەژمان لە بارەی یاخیبوونی ١٩٦١ و سەردانی عومەر دەبابە و عەلی عەسکەرییەوە بۆ ئێران و ڕۆڵی زەبیحی لەوەدا دەنووسێت:"لە ساڵی ١٩٦١ کە بابەتی هاوکاری ئێران و کوردەکانی باکووری عیراق هاتە گۆڕێ و هەموویان (سەرۆکەکان) چوونە باکوور. کاک عەبدولڕەحمان (واتە: زەبیحی-شاکەلی) و چەند کەسی دیکە لە بەغدا مانەوە و بە نهێنی دەژیان و لە لایەن حیزبەوە (پارتی دێموکراتی کوردستان) لەتەک مندا لە پێوەندی دا بوون. هەڵبەت یەدوڵا فەیلی پەیامهێنەر بوو و حەوتووی جارێک و ئەگەر پێویست بووبا دوو جار لەماڵی خۆم چاوم بە کاک عەبدولڕەحمان (واتە: زەبیحی-شاکەلی) دەکەوت و هەر جۆرە عەمالییاتێکی موشتەرەکی هەمانبا بە هاوفکری یەکتری جێ بەجێمان دەکرد. . . . یەک دوو جار بە نهێنی و بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری حیزبی لەتەک عومەر دەببابە و عەلی عەسکەری هات بۆ تاران و لە ماڵی من دەبوون (بۆ خۆم لە مەئموورییەتی بەغدا بووم) بەڵام بۆ ئەو کارە لە تاران دەبووم تا ئەو کاتەی دەگەڕانەوە. . . "[37]. پەژمان جەخت لە سەر ئەوە دەکات، کە زەبیحی ڕێکخەری سەردانی عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری بۆ ئێران بوو و لەو بارەیەوە دەنووسێت:"ئەو (واتە: زەبیحی-شاکەلی) تەرتیبی هاتنی عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری بۆ ئێران ئامادە کرد، چونکوو بەرپرسی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق لە بەغدا بوو. لە هەمان کاتدا ئەندامی لێژنەی ناوەندی و کۆمیتەی (مەکتەبی) سیاسیش بوو. . . "[38]. پەژمان باس لەوە دەکات، کە ئەو بۆ خۆی و زەبیحی"ساواکییانە" چەندیان "خزمەت" بە کورد و کوردستان کردووە! و تەنێ ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی –کە بەشێک بوونە لە نەخشە کەسکەکە- ئاگادارن لەو خزمەتانە. پەژمان لەو بارەوە دەڵێت:"یادزیندوو زەبیحی و من ئەوەی کە توانیمان بۆ کورد و کوردستانمان کرد. تەنێ کاک برایم و جەلال تاڵەبانی ئاگایان لێیە"[39].

بێگومان بوونی دوو نێوەندی دەسەڵات لە ناو یەک جووڵانەوەدا، کارێکی زۆر خراپ دەکاتە سەر ڕەوتی ئەو جووڵانەوەیە، ئەوەیش کە پتر ناجۆریی نێوانی بارزانی و تاقمی ئیبراهیم ئەحمەدی قووڵتر دەکرد و لەیەکدی دوور دەخستنەوە هەر ئەوە بوو. دیارە سەرباری گەلێک خاڵی دیکە، کە هۆی جیاوازیی ئەوان بوو. ئەحمەد بانیخێلانی دەڵێ:"خاڵێکی تریش هەبوو کە ئاگری ئەم ناکۆکییەی خۆشتر دەکرد، ئەویش پەیوەندی (م. س) بوو بە ئێرانەوە بەبێ ئاگاداری بارزانی و لە پشتی ئەوەوە ڕێکخرابوو"[40]. بۆ پتەوکردنی پێوەند و گرێدانی زێتر و زۆرتر ئاگاداربوون لە کار و ڕاپەڕاندنی فەرمان، ساواک بڕیار دەدات لە ماوەت، کە بارەگای مەکتەبی سیاسیی پارتیی لێبوو، دەسگایەکی بێتەل دابنێ بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ بتوانێ پێوەند لە نێوان مەکتەبی سیاسی و ساواکدا ئەنجام بدرێ. بۆ ئەو مەبەستە سەرهەنگێکی کورد بە نێوی"ئیرەج مەنسوورپوور- ایرج منصور یا منصورپوور" دادەنێن و بە خۆ و بە دەسگایەکی بێتەلەوە دەینێرنە ماوەت و لەوێش وەک نوێنەرێکی تەواو و دەمڕاستی ساواک پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەددا دەبێت"[41]. لەبارەی پێوەندی پارتیی و ئێرانەوە، جەلال تاڵەبانی دەڵێ:"ساڵی ١٩٦١ عەباسی مامەند ئاغا سەرۆکی ئاکۆی پشدەر کە لەگەڵ شۆڕشدا بوو، عەبدوڕڕەحمان ڕووتەی برادەری خۆی نارد بۆ لای جەنەراڵ ورهرام ی سەرۆکی هێزەکانی ئێران لە ورمێ. عەبدوڕڕەحمان ڕووتە کادرێکی پارتیی بوو، خەڵکی کۆیە بوو و خاڵی عەلی عەبدوڵڵای ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەودەم بوو. ئەم پێوەندانە

---

35 ئەمین،.، پەنجەکان.،. ل٦٦.

36 ئەمین، نەوشیروان مستەفا، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، بەرلین ١٩٩٧، ل٢٩٨.

37 کەریمی.،. ژیان.،. نامەی پەژمان لە ١٢-١١-١٩٩٥دا، ل٦٤٥-٦٤٦.

38 سەرچاوەی پێشوو، نامەی پەژمان لە ٧-١-١٩٩٦دا، ل٦٤٧-٦٤٨.

39 سەرچاوەی پێشوو.

40 بانیخێلانی، بیرەوەرییەکانم، ل٢١٦.

41 پژمان.،. اسرار.،. ص١١١-١١٢.

که ئێمه پێمان نه‌ده‌زانین تا کۆتایی ساڵی **١٩٦٢** به‌رده‌وام بوو"[42]. وه‌لێ نه‌وشیروان مسته‌فا له‌باره‌ی هه‌مان مه‌سه‌له‌وه ده‌ڵێ:"ئێران به نهێنی پیوه‌ندی له‌گه‌ل م س دامه‌زراند و ئه‌فسه‌رێکیان بۆ پێوه‌ندی نارده لایان. ئه‌مانیش ئه‌وره‌حمان روته‌یان کرد به به‌رپرسی پیوه‌ندییه‌کانیان. پیوه‌ندییه‌کانیان زۆر به نهینی و له‌گه‌ل ساواک بو"[43]. که‌واته ئه‌و رایه‌ی جه‌لال تاڵه‌بانی ڕاست نییه، چونکه ئه‌وره‌حمان رووته، مه‌کته‌بی سیاسی دایناوه و ئه‌و ئه‌فسه‌ره ئێرانییه‌ش هه‌مان ئیرەج مه‌نسوور (مه‌نسوورپوور) ه، که په‌ژمانیش باسی ده‌کات. بێجگه له‌و مه‌نسوورپوور و عیسا په‌ژمانه، که جووته جاسووسێکی ناسراو بوون، "سه‌رهه‌نگ موده‌ڕیسی"، که لای پارتیی ناوی خۆی نابوو عه‌لی و، "عه‌بباس ئارام"یش هاتوچۆی عیساوی و مالوومه – باره‌گاکانی سه‌رانی پارتیی- یان ده‌کرد. ئیبراهیم ئه‌حمه‌د بۆ خۆی به‌م جۆره باسی پێوه‌ندی پارتیی ده‌گه‌ڵ ئێراندا ده‌کات:"کاتێ په‌لیتبیرۆی پارتی ویستی په‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵ ئێراندا ببه‌ستێ، خوالێخۆشبووان عه‌لی عه‌سکه‌ری و عومه‌ر ده‌بابه‌یان نارد، هه‌ر له‌ بانه‌وه‌ په‌یوه‌ندیان له‌گه‌ڵ تاراندا کردبوو، ساواکی ئه‌وێ پێیان ووتبوون، چاوه‌ڕێ بکه‌ن وه‌ڵامتان لێ ده‌گێرینه‌وه. له‌پاش هه‌فته‌یه‌ک وه‌ڵامیان دابوونه‌وه، که بمێننه‌وه ڕاسپارده‌مان هه‌یه، ڕاسپارده‌که‌یان چی بووی؟ شا ده‌فه‌رمووێ، مه‌لا مسته‌فا هیچی به‌ده‌ست نییه، هه‌موو شتێ به‌ده‌ست پارتییه"[44] و که باس دێته سه‌ر خۆی، ئیبراهیم ئه‌حمه‌د ده‌ڵێ:"یه‌که‌م جار که من چووم بۆ ئێران، له مانگی سه‌پته‌مبه‌ری **١٩٦٢**دا بوو"[45]. ئه‌گه‌ر پێوه‌ندکردن به ده‌سگا جاسووسییه‌کانی ولاتانی دیکه‌وه، وه‌ک ساواک، کارێکی جاسووسییانه بێت، که هه‌ر واشه، ئه‌وا "مه‌ڵبه‌ندی جاسووسی له قوتابخانه‌ی برایم ئه‌حمه‌د و جه‌لال تاڵه‌بانییه‌وه ده‌ست پێ ده‌کا، ئه‌وان ڕێگه‌ی جاسووسییان بۆ کورد خۆش کردووه. تاڵه‌بانی له سالی **١٩٦٢**دا، ئه‌و کاته‌ی بارزانی له ناوچه‌ی سنووره‌کانی تورکیا له ئامێدی و زاخۆ شه‌ڕی پارتیزانی ده‌کرد، نوێنه‌ری ئێرانی هێنا له ( (عیساوه) ) داینا و نوێنه‌ری خۆی نارد بۆ ئێران، هه‌ر له هه‌مان ساڵ چه‌کی له ئێران وه‌رگرت"[46]. ساواک وه‌ک پیشه‌ی خۆی له دوژمنایه‌تیکردنی بارزانیدا هه‌موو ده‌م رۆڵی خۆی ده‌بینی. هه‌ر بۆیه‌ش هه‌میشه له بیری دارِشتنی نه‌خشه و پیلاندا بوو بۆ وه‌تاقخستنه‌وه‌ی بارزانی و ده‌سه‌ڵاتدانه ده‌ست تاقمی ئیبراهیم ئه‌حمه‌د-جه‌لال تاڵه‌بانی. ئه‌و تاقمه‌ش ته‌واوی پێوه‌ند و هاریکارییان له‌گه‌ڵ ساواکدا بێجگه له چه‌ند هۆیه‌کی دیکه، به پله‌ی یه‌که‌م بۆ وه‌لانانی بارزانی بووه، دیاره کۆسپ و ته‌گه‌ره‌یه‌کی مه‌زن، که ڕێگری جێبه‌جێکردنی نه‌خشه‌کانی ساواک بووه، بارزانی بووه، ده‌نا "زۆر چه‌پ و شۆڕشگێره‌کانی" سه‌رانی پارتیی، ده‌سته‌ی ئیبراهیم ئه‌حمه‌د، هه‌موو "ده‌خۆنه" و وه‌ک په‌ژمان گوته‌نی "گیروگرفت و موشکیله‌ی ئه‌ساسی ئێمه (ساواک-شاکه‌لی) مه‌لا مسته‌فا بوو که تا رۆژی مردن ده‌ستی له دوژمنایه‌تی و لاساری و کارشکێنی هه‌ڵنه‌گرت. . . "[47]. ئیبراهیم ئه‌حمه‌د چه‌ند مانگیی کۆتایی **١٩٦٣** و سه‌ره‌تای **١٩٦٤**ی له ئه‌وروپا برده سه‌ر و به ڕێگه‌ی ئێران و کارئاسانی ساواک خۆی گه‌یانده ئه‌وروپا، ده‌نا هیچ ڕێگه‌یه‌کی دیکه‌ی بۆ ده‌رچوون له کوردستان نه‌بوو[48]. هه‌ژاری موکریانی ده‌ڵێت:"حیزبی پارتی بێ پرسی مه‌لا مسته‌فا له‌گه‌ڵ ئێرانیه‌کان په‌یوه‌ندی گرتوه. عیسا په‌ژمانی ساواکی هاتوته لایان، بریاری داوه ئێران به دزیه‌وه یاریده‌یان بدا، به‌و شه‌رته بارزانی که دوژمنی سه‌رسه‌ختی شا و کمونیستی مۆسکۆیه له‌ناوخۆیان ده‌راوێن"[49]. سازکردنی دووبه‌ره‌کی ساڵی **١٩٦٤**یش به‌و هیوایه بوو، وه‌لێ به زیانی ئه‌و تاقمه و ساواک خۆیان شکایه‌وه. به‌هاری **١٩٦٤** کۆنفرانسی ماوه‌تیان گرت و "کۆنفرانسه‌که‌یان بۆ ئه‌وه‌بوو بارزانی له هه‌موو ده‌سه‌لاتێک رووت بکه‌نه‌وه. ئه‌مه‌یش شتێکی له‌ناکاو و دیراسه‌نه‌کراو نه‌بوو، تاڵه‌بانی و برایم ئه‌حمه‌د پێوه‌ندییان به شای ئێران و ساواکه‌وه کردبوو. . . نوێنه‌ری شایان هێنایه عیساوه که ناوی پۆژمان<مه‌به‌ستی په‌ژمانه-شاکه‌لی>بوو. . . ئه‌و کات شا و ساواک، مه‌لا مسته‌فایان به کۆمۆنیست له قه‌ڵه‌م ده‌دا، هه‌وڵیان ده‌دا مه‌رکه‌زێک له‌ناو پارتیدا دروست بکه‌ن له دژی مه‌لا مسته‌فا، که‌سیان له جه‌لال تاڵه‌بانی و برایم ئه‌حمه‌د باشتر نه‌دۆزییه‌وه له‌به‌ر ئه‌وه به پاره و به چه‌ک هانیان دان. ساواک له‌سه‌ریانی سه‌پاند ده‌سه‌ڵات به‌ده‌ست مه‌لا مسته‌فاوه نه‌هێڵنه‌وه. چه‌ند رۆژێک پێش به‌ستنی کۆنفرانسی

---

[42] ادامسن... الحرب..، ص٤٨(المقدمة بقلم جرجيس فتح الله المحامي).
[43] ئه‌مین..، په‌نجه‌کان..، ل٦٦.
[44] عه‌زیز..، پێنج..، ل٤٨.
[45] سه‌رچاوه‌ی پێشوو.
[46] هه‌ریری..، بۆ ئه‌وه‌ی..، ل٤١-٤٢.
[47] که‌ریمی..، ژیان..، نامه‌ی په‌ژمان له ٧-١-١٩٩٦دا، ل٦٤٧-٦٤٨.
[48] عه‌لی..، سۆڤیه‌ت..، ل٩٦.
[49] هه‌ژار..، چێشتی..، ل٣٧٠.

www.kurdistannet.org
2-1-2003 1:29

ماوەت برایم ئەحمەد چووە قامیش و لەوێ پۆزمانی دیت و ڕێککەوتن لەسەر بڕیارەکانی کۆنفرانس کە چۆن بڕیار دەدەن بۆ ڕووتکردنەوەی مەلا مستەفا لە دەسەلات"[٥٠]. "عیسا پەژمان، نەک هەر بینراوە یا قسەی لەگەڵ کراوە، بەڵکە بۆ خۆی لەو کۆنفرانسەدا بەشدار بووە[٥١]. بە درێژایی سالانی شێستەکان پێوەندی ساواک لەگەڵ دەستەی ئیبراهیم ئەحمەددا چ گیروگرفتێکی تێ نەکەوت، بەڵکە پتر و پتر بەرەو پێشەوە دەچوو. تەنانەت کاتێک، کە ئەو دەستەیە هیچ جۆرە دەسەلاتێکیشیان بە سەر خاکی کوردستاندا نەمابوو، پێوەندەکان هەر لە بەردەوامبووندا بوون. سالێ ١٩٦٤، کە تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تالەبانی، کوردستانیان جێ هێشت و هەلاتن و خۆیان گەیاندە ئێران، ساواک سەرەتا لە سەربازخانەکانی کوردستانی ئێراندا ڕایگرتن و دووجارانیش هێرشی پێکردنە سەر بنکەکانی پێشمەرگەی کوردستان[٥٢]. دواتر ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تالەبانی و چەند بەرپرسێکی دیکەیان بردە تاران و لەوێ لە خانووی ساواکدا دانران و ئەوانی تریشیان گواستنەوە بۆ سەربازخانەکانی هەمەدان[٥٣]. ئەوان کە ماوەی سالێک زێتر لە ئێران مانەوە، لەگەڵ دەسگای جاسووسیی ئێران (ساواک) دا هاریکاریيان دەکرد[٥٤]. عیسا پەژمان کە لەو کاتەدا کارمەندێکی فرەگەورەی ساواک بوو"لەلایەن ئەو دەزگایەوە تەرخان کرا بۆ پێشوازیی ئەوان و هەر پێویستییەکیان هەبوایە، وەک ئوتومبیل و شۆفێر و جێبەجێکردنی ئوتێل و خانوو لە تاراندا بۆ سەرانی ئەو تاقمە ئەنجامی دەدا"[٥٥]. ساواک هێندەیان دەست بە سەر تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تالەبانیدا دەڕۆیشت، تەنانەت لەو کاتی لێکەوتنەشیاندا، دەیانەویست بەتەواوی دایاندۆشن و ئەوپەڕی سوود لە خزمەتی ئەوان وەرگرن و تا لەنێوبردنی یەکجاریی بارزانی و شۆڕشەکەی بەکاریان ببەن. تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تالەبانی هێندە پێوەندیان بە ئێران و ساواکەوە بەهێز بوو، کە کاتێکیش هەلاتن بۆ ئێران و بارزانی هەڕەشەی لە ئێران کرد و داوای بەدەستەوەدان و گێڕانەوەیانی بۆ کوردستان کرد، ئێرانییەکان"پێشیان کەوتن و مافی پەنابەریی سیاسییان پێ دان و بەو جۆرە خۆیان لەو داواکارییانە گێل کرد"[٥٦]. ساواک هەر بەوەشەوە نەوەستا بەڵکە"توانستی خۆپڕچەککردن و خۆڕێکخستنەوەی بۆ لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەد ڕەخساند و، لە ئابی ١٩٦٤دا وای لێ کردن، کە بتوانن سەرلەنوێ بگەڕێنەوە بۆ کوردستان"[٥٧]. یەکەم خشتی بناخەی شەڕی براکوژی بە پیلانی ساواک دانرا، چونکە بە کۆمەکی ساواک چەکدارەکانی دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تالەبانی، لە ئێرانەوە هێرشیان بۆ سەر بنکەکانی پێشمەرگە دەهێنا. بارزانیی گەشتێکی بە ناوچەکانی کۆنی ژێردەسەلاتی ئیبراهیم ئەحمەد و تاقمەکەیدا کرد. لە گوندی "بناوەسووتە"ی پێنجوین، لە مالێ "قانیع"ی شاعیر، بارزانیی ناردی بە شوێن موختاری گوندی"بایاوە"ی بەری ئێراندا و داوای لێ کرد، بە لێپرسراوانی ئێران ڕابگەیەنێت، ئەگەر جارێکی دیکە چەکدارەکانی دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد، یەک فیشەک بەم دیودا بتەقێنن، هێزەکانی خۆی ڕادەسپێرێت، ئەگەر پێویستی کرد تا تاران ڕاویان نێن. ئیدی دوای ئەو هەڕەشەیە حوکوومەتی ئێران، چەکدارانی جەلالیی کێشایەوە و سەرکردەکانیانی بردە تاران و ئەوانی دیکەشیان لە بەنگەڵەکانی"کارگەی شقارتەی هەمەدان" دانران[٥٨]. کۆمۆنیستەکانی سۆڤییێت، کە سالانی ١٩٦٣ و دواتر دۆستی کورد بوون، ئاگاداری کەین و بەین و پێوەندی دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد و ئێران بوون. لە جڤینگەلێکدا لە نێوان عەرەبەکان و نوێنەرانی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییێتدا، وەک ئەدیب ئەلجادر"اديب الجادر" دەیگێڕێتەوە، کە لە قاهیرە ئەنجام دراوە، عەرەبەکان نیگەرانی خۆیان لەمەڕ هەڕەشەی ڕۆژاوا و بەتایبەت ئێران دەردەبڕن، کە چۆن هەوڵی هاندانی کوردان دەدات، تا عیراق بخاتە بەر مەترسییەوە و پێیان دەلێن، کە بەلگەیان لەمەڕ ئەو جۆرە پێوەندانەی کورد و ئیمپریالیزمەوە هەیە. کۆمۆنیستە سۆڤییێتییەکان پێیان دەلێن، کە ئەوانیش دەزانن ئەو جۆرە پێوەندانە هەن، وەلێ نەک لەگەڵ مەلا مستەفای

---

[50] هەریری..، بۆ ئەوەی..، ل١٠٥.

[51] عەلی..، سۆڤیەت..، ل٩٥.

[52] عەلی..، سۆڤیەت..، ل٩٥.

[٥٣] ڕێبوار(ئاسی ڕەباتی)، هەلوێستی یەکێتی و تالەبانی دەربارەی شۆڕشی کوردستانی باشوور، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، سوید١٩٨٩،ل٢١.

[٥٤] نەبەز، جەمال، کوردستان و شۆڕشەکەی، کوردۆ لە ئەلەمانی یەوە کردوویە بە کوردی، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوێد١٩٨٥،ل٢٤٢.

[55] شارباژێڕی..، بوختانەکانی..، مامۆستای کورد، ژمارە ٩، ل٢٢.

[56] نكديمون..، الموساد..، ص١١٨.

[57] سەرچاوەی پێشوو.

[58] عەلی..، سۆڤیەت..، ل٩٦.

www.kurdistannet.org
2-1-2003 1:29

بارزانیدا[٥٩]. لە کاتێکدا کە ئێران پێوەندی لەگەڵ سەرانی پارتی و بارزانیشدا هەبووە، ئێران (ساواک) ئەوەندەی لە سەرانی پارتیی دڵنیا بووە، لە بارزانی دڵنیا نەبووە و ئەوەندەی بڕوا و متمانەی بەوان بووە بە بارزانی نەبووە[٦٠]. ڕەنگە ئەو مەسەلەیەش پێوەندی بە ڕابوردووی بارزانییەوە بێت وەک شۆڕشگێڕێک، کە لە مەهاباددا بەشداریی کردبوو و ڕۆڵێکی قارەمانەنەشی بووبوو و وەک قازی موحەممەدیش خۆی بەدەستەوە نەدابوو، بەڵکە بە پێچەوانەوە جەنگابوو و پەنای بردبووە بەر سۆڤییەت و لە ئێرانیش حوکمی خنکاندنی بە سەردا درابوو. بۆیە ئێرانییەکان لەبەر بزێوی لێی دڵنیا نەبوونە و ئەوان خەڵکی دەستەمۆ و کەوی و گوێڕایەڵیان ویستووە، کە سەرانی پارتیی نموونەکانیان بوونە. دواتریش بۆ ئەوەی هەر لە مەیداندا هەبێت و کار بکاتە سەر ڕێڕەوی سیاسەت لە کوردستان و عیراقدا، دەبوو ئێران دوای خۆجیاکردنەوە و لادانی ئیبراهیم ئەحمەد وتاقمەکەی لە پارتیی و سەرکردەیەتی بارزانی و هەڵاتنیان بۆ ئێران، وەدووی هاوپەیمانێکی دەسەڵاتداردا لە کوردستان بگەڕێت، بۆ ئەوەی درێژە بە سیاسەتی خۆی بدات. تاکەهێزی دەسەڵاتداریش لە نێو بزاڤ چەکدارییەکەی کوردستاندا، تەنێ سەرکردەیەتی بارزانی بوو، بۆیە"ئێران لە ١٩٦٤ بە دواوە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ مەلا مستەفا وەکو دەسەلاتی ئەمری واقیع، دامەزراند"[٦١] و ئەوەشیان بۆ ساغ بووەوە، کە تاکەکەسێک و لایەنێک، کە لە کوردستاندا شتی پێ بکرێت، بارزانییە و زۆرینەی ئەندامان و لایەنگران و سەرانی پارتیی و هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کورد لەگەڵ ئەودان، بۆیە هەر دەبوو خۆ بەو بگەیەنن و پێوەندی پێوە بکەن. پاش قۆناغی هەمەدان و گەڕانەوەی تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی بۆ عیراق و چوونە بەغدایان لە ساڵی ١٩٦٦دا، پەژمان کە "دەرگای ڕەفاقەت و دۆستیی لەگەڵ سەرانی ئەو تاقمەدا کردبووەوە و تاکو ئێستاکەش، دوای ئەو هەموو ساڵە. . . ئەو دۆستیی و برایەتییەی لەگەڵ سەرانی ئەو تاقمەدا هەر ماوەتەوە و بەردەوامە لەسەری"[٦٢]، هەر بەو تاقمەوە نەوەستا، بەڵکە لە ڕێگەی ئەوانیشەوە توانی لەگەڵ سەرانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێرانیشدا پێوەند ساز کات و بچێتە ناویانەوە. پەژمان "بەبۆنەی سەرانی ئەو تاقمەوە <تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی-شاکەلی> کە لەو کاتەدا لەناو کورددا نازناوی جاشی (٦٦) یان پێ درابوو، لەگەڵ بەناو سەرانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێراندا، کە لە بەغا بوون، بوو بە ئاشنا و ڕەفیق. ئەو دۆستایەتی و ڕەفاقەتە گەیشتە ڕادەیەک ئەگەر جارجارێک لە باڵوێزخانەی ئێراندا بە بۆنەی سەری ساڵەوە (نەورۆز) ، یان ڕۆژی لەدایکبوونی حەمەرەزاشاوە (٦ی بەهمەن-٢٦ی کانوونی دووەم) جەژنێک بەرپا بکرایە، هەموویان یان زۆربەی ئەو بە ناو ئۆپۆزیسیۆنانە لەو جەژنانەدا بەشدارییان دەکرد. خۆ ئەگەر هەر کەسیش نەهاتایە لەوان، سەرۆکی ئەوان کە هەم ریش سپییان بوو و هەم ڕێنوێنیان بوو، لەو جۆرە جەژنانەدا هەمیشە بەشداریی دەکرد، ئەمن بۆ خۆم لەو جۆرە جەژنانەدا کە دوو جاریان دەعوەت کرابووم زۆربەی سەرانی ئەو ئۆپۆزیسیۆنانەم بە چاوی خۆم دەدی کە چۆن لەگەڵ سەرهەنگ عیسا پەژماندا پێکی ویسکیان بە سەلامەتیی حەمەرەزاشا دەنۆشی"[٦٣]. ساواک تا ڕادەیەکی ئەوتۆ داچۆڕابووە نێو تاقمی جەلالییەوە، کە ئیدی لە هەموو درشت و وردێکیان ئاگادار بوو و هەوڵی دەستێوەردان و کارتێکردنیشی لە نێویاندا بە هەموو شێوەیەک دەدا. ساڵانی ١٩٦٨ و ١٩٦٩، کۆمەڵە لاوێکی مارکسیستی ئێرانی لە بەغدا لای جەلالییەکان داڵدە درابوون. بە هاندانی ئەم لاوانە و کارتێکردنی ئەوان، کۆمەڵە لاوێکی نێو پارتیی جەلالی، کەوتنە سەر بیری ئەوەی، کە ڕێکخراوێکی مارکسی دروست بکەن[٦٤]. ساواک ئەو دەرفەتەی قۆستەوە و دوکتۆر هاشمی شیرازی "یەکێک لەو کەسانەی خوسرەوی ڕوزبەی دا بە گرتن و ئیعدام کردن"[٦٥] تەرخان کرد بۆ پێوەندکردن بەو لاوە جەلالییانەوە. دوکتۆر شیرازی بە ناوی نهێنی "دوکتۆر جەلال" ەوە هاتووچۆی بەکرەجۆ -کە بارەگای جەلال تاڵەبانی تێدا بوو-ی دەکرد و لەوێ لای خەڵک بە فیدایی ئێرانی دژی ڕێژیمی شا دەدرایە ناسین و لەگەڵ ئەو لاوە جەلالییانەدا، کە یەکەم شانەی ڕێکخراوێکی مارکسییان سازکردبوو، کە پاشان بوو بە

---

[59] سەرچاوەی پێشوو،ل٩٧-٩٨.

[60] پژمان.، اسرار.، ص١١٨.

[61] ئەمین.، پەنجەکان.، ل٨٨.

[62] شاربازێڕی.، بوختانەکانی.، ل ٢٢.

[63] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣.

[64] ڕێبوار(ئاسی ڕەباتی).، هەڵوێستی.، ل ٢٨.

[65] شاربازێڕی.، بوختانەکانی.، ل ٢٣.

www.kurdistannet.org
2-1-2003 1:29

کۆمەڵەی مارکسی-لێنینی کوردستان، کۆ دەبووەوە و پێوەندیشیان تا ساڵانی دوای یازدەی ئاداری حەفتا و خۆهەڵوەشاندنەوەی پارتییەکەی تاڵەبانیش هەر بەردەوام بوو[٦٦].

---

[٦٦] رێبوار(ئاسی رەباتی)..، هەڵوێستی..، ل ٢٨. لە گەلێک سەرچاوەی دیکەدا، لەبری "دوکتۆر هاشمی شیرازی"، کە وا باوە گوایە بە نێوی "دوکتۆر جەلال"ەو، هاتوچۆی بەکرەجۆی کردبێت، نێوی "کورش لاشایی"، دێتە گۆڕێ و گوایە ئەو بووە، کە بە نێوی خوازراوی"دوکتۆر جەلال"ەوە هاتوچۆی بەکرەجۆی کردووە. فازیلی مەلا مەحموود، کە ئەودەمی لە سەرانی جەلالی بوو و لەو ئێرانییانەشەوە گەلێک نێزیک بوو، پێی وایە "دوکتۆر جەلال" ، "کورش لاشایی" ە. بنۆڕە: عەلی..، سۆڤیەت..، ل ١٥١. "کەریمی حیسامی"یش کە ئەودەم لە بەغدا بوو، "دوکتۆر جەلال" و "کورش لاشایی" بەیەک کەس دادەنا. بنۆڕە: حیسامی، لەبیرەوەریەکانم١٩٦٥-١٩٧٠،بەرگی سێ یەم، ستۆکهۆڵم١٩٨٨، ل١٨٢-١٨٣. کورش لاشایی یا دوکتۆر جەلال، یەکێک بوو لە سەرانی "ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی توودەی ئێران- سازمان انقلابی حزب توده ایران"، کە ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی ستالینستی-ماویستی و دژ بە هێڵی ناشۆڕشگێڕی سۆڤییێت بوو.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

www.kurdistannet.org
5-1-2003 1:32

# سەرەتایەک بۆ خوێندنەوەیەکی نوێی مێژووی چەپی کوردی (عیراق)

ئەمجەد شاکەلی

## - بەشی شەشەم- بوبینینی بەشەکانی تر کلیکی ئێرە بکە

## پێوەندی ئیبراهیم ئەحمەد و هاوبیرانی بە ئیسرائیلەوە

یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، بەرۆگر و درێژەپێدەری بیری ئیبراهیم ئەحمەد و جەلالیەتی، لە کتێبچەیەکدا بە نێوی"پێوەندی سەرکردەیەتی بارزانی بە ئیسرائیل و دەسگای جاسووسی مۆسادەوە-إرتباط القيادة البارزانية باسرائيل و جهاز مخابراته الموساد"[1]، وەک ئەوەی، کە بۆ خۆیان نە بایان دیبێت و نە باران و داهێنانیان کردبێت و دۆزینەوەیەکی یەکجار گرنگیان ئەنجام دابێت، پڕ بە زار هاوار دەکەن و باس لە چەند دۆکیۆمێنتێک دەکەن، لەمەڕ پێوەندی سەرکردەیەتیی بارزانی بە ئیسرائیلەوە، کە دەستیان کەوتووە و لە دووتوێی ئەو کتێبچەیەدا بلاویان کردووەتەوە. لەوێدا نێوی بارزانی و هەردوو کوڕانی: ئیدریس و مەسعوود، وەک خیانەتکار و جاسووس و نۆکەری ئیسرائیل و زایۆنیزم و ئەو شتگەلە نێو دەبەن. یەکیەتیی بەو باسەیان گەرەکیانە بە خەڵک بڵێن، ئەوان و سەرانی کۆن و نوێی ئەوان، گەلێک خاوێن و شەریف بوونە و هەن و هیچ کات پێوەندی نۆکەریەتیی و پاشکۆیەتییان بە هیچ کەس و لایەنێکەوە نەبووە و نییە، لێ مێژوو وا ناڵێت و پەرێزی ئەوان هێندە خاوێن نییە وەک خۆیان دەیانەوێت پێشانی بدەن، بەڵکە هەردەم تەواوی ڕەوتار و بیروڕا و هەڵسوکەوت و پێوەند و بۆچوونەکانیان، نەخاسمە هی سەرانیان، جێی گومان و سەرنجی خەڵکی کورد بوونە. ئەوان و لەپێش هەموانیشدا ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی بۆ خۆیان- لە کاتێکدا کە نە بارزانی ئاگای لێبووە و نە ئیدریس و مەسعوودیش، لەو ئاستەدا بوونە، کە وەها کارێکیان لە دەست بێت- لە پێوەندکردن بە ئیسرائیلەوە پێشەنگ بوون. لە سەردەمێکدا کە بزاڤی چەپ و سۆسیالیستیی، تەواوی جیهانی دەهەژاند و، شۆڕشگێرانی جیهان بە ئومێدەوە چاویان بڕیبووە شۆڕشی چین، کووبا، ئەلجەزائیر و فلستین، ماو، کاسترۆ، گیڤارا و بینبیللایان بە نیشانەی شۆڕشگێری و نموونەی ڕێبەر و تێکۆشەر دەزانی و خواروویی ئەفریقا و ئیسرائیل و . . . بە دزێو و خراپ دادەنا، دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد-بە پێچەوانەی هەموو بانگاشەیەکی خۆیانەوە- ڕێک لەو کاتەدا، پێوەند بە ئیسرائیلەوە دەبەستن و دۆستایەتی لەگەڵدا ساز دەکەن. بێگومان ئێستاکە لەسەر پێوەندکردن بە ئیسرائیلەوە پێشبڕکێ دەکرێت و "ئازا و هاوچەرخ و نوێخواز و پێشکەوتوو!"ش ئەوەیە بڕوای بە پەیامی ئیسرائیل و پشتیوانانی هەبێت و زووترخۆیان پێ بگەیەنێت، لێ ئەو دەمە بە شەرم و خیانەت و کۆنەپەرستی، دادەنرا. ساڵی ١٩٦١، کاتێک کە هەوڵ دەدرێت بۆ ڕێکخستنی سەفەری ئەندازیار سەعدی ڕەواندزی، ئەندامی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، بۆ ئیسرائیل "ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێری گشتیی پارتیی دیموکراتی ناوەندی <مەبەستی کوردستانە-شاکەلی> یەکێک لە پشتیوانانی وی دەبێت. ئیبراهیم ئەحمەد خۆیشی دەستی کردبوو بە سازکردنی پێوەند لەگەڵ ئیسرائیلدا"[2]. لە ١٩٦٣دا کە هێشتا پێوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئیسرائیل و بارزانیدا دروست نەبووبوو "ئیسرائیل نامەیەک بۆ بارزانی دەنێرێت و تێیدا داوای دامەزراندنی پێوەندی ڕاستەوخۆ دەکات، ئیبراهیم ئەحمەد لیستەیەکی بەرینی داخوازیی یاخیبووەکان بەم شێوەیە ئامادە دەکات: دەهەزار تفەنگ، تۆپ، بازۆکا، مین، دەسگای بێتەل، وێستگەیەکی بەهێزی ڕادیۆ، پارە و مەشقپێکردنی پسپۆر و شارەزایانی تەقینەوە و کارزانانی ڕادیۆ"[3]. لە

---

[1] الإتحادالوطني الكردستاني، إرتباط القيادة البارزانية بإسرائيل وجهاز مخابراته الموساد، مطبعة الشهيد جعفر عبدالواحد، تشرين الثاني١٩٨١. ئەم کتێبچەیە بریتییە لە ٨٢ ڕووپەل. تا ڕووپەلی ٣٧، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان خۆی نووسیویەتی. ڕووپەلی ٤٢ تا کۆتاییش، بریتییە لە چەند گوتارێک، کە چەند ئیسرائیلییەک لە ڕۆژنامەکانی وڵاتی خۆیاندا بڵاویان کردووەتەوە. یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەو بەڵگەنامانایەن-بە قسەی خۆیان- بە وەرگێڕدراوی لە "دەسگای توێژینەوە فلستینییەکان-مؤسسة الدراسات الفلسطينية" لە بەیرووت، وەرگرتووە. سەیر لەوەدایە، فلستینییەکان کە بۆ خۆیان خاوەنی مەسەلەی فلستینن و پێوەندی خەڵکانی دیکە بە ئیسرائیلەوە، بە لای ئەوانەوە دەبوو گرنگ بووایە، کەچی ئەوان ئەوەیان پشتگوێ خستووە و ئەو گوتارانەی نووسەرانی جوولەکەیان بڵاو نەکردووەتەوە، بەڵام ئەمانەی یەکیەتیی بۆ ئەوەی هەرچی تاوانە بیخەنە ئەستۆی خەڵکی دیکە و خۆیان لەبەردەم گەلی کورد و فلستینییەکاندا، وا پێشان بدەن کە بە غوسڵ و دەستنوێژەوەن، ئەو کارەیان ئەنجامداوە.

[2] نكديمون، شلومو، الموساد في العراق ودول الجوار، انهيار الامال الاسرائيليةالكردية، ترجمة بدرعقيلي، دارالجليل للنشر، عمان١٩٩٧، ص٦٨.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦.

www.kurdistannet.org

مانگی تەممووزی ١٩٦٣دا"لەسەر داخوازیی ئیبراهیم ئەحمەد و (ر) مەشق بە یەکەم کوردێک وەک کارزانی ڕادیۆ کرا و نێوی ئەندازیاری لێ نرا"[٤]. ئیبراهیم ئەحمەد، پێوەندیشی بە وەرگرتن و ناردنی چەکی ئیسرائیلییەوە بۆ کوردستان هەبوو و دەستەی یەکەمی هەناردەی چەکەکان، پێکهاتبوو لە دە (١٠) بازۆکا بە فیشەکانیانەوە، کە لە ١٨ تەممووزی ١٩٦٣دا گەیشتنە جێی مەبەست[٥]. هەم ئیبراهیم ئەحمەد و هەم جەلال تالەبانی، خۆش خۆش سەردانی ئەوروپایان دەکرد، بۆ پێوەندکردنی پێویست بە ئەوروپاییەکانەوە و بۆ چاوپێکەوتنیش لەگەڵ دەسگای ڕاگەیاندندا لەوێ و"جارێکیان یەکێک لەو چاوپێکەوتنانە لەگەڵ پەیامنێری ڕۆژنامەی حیروت، ئەهارون بن ئەفیجدور، لە پاریس لە ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٦٣دا، ئەنجام درا، تالەبانی لەوێدا بانگەوازێکی کاریگەری بلاو کردەوە و داوای کرد، کە چەک و بەتایبەت چەکی قورس بە جەنگگێڕانی کورد بدرێت"[٦]. ئەو بانگەواز و هاوارەی تالەبانی "زۆر چەپ و شۆڕشگێڕ"، بۆ ئیسرائیلییەکان بووە، نەک بۆ خەڵکی دی. ساڵی ١٩٦٣، شاندێکی پارتیی دیموکراتی کوردستان، بە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێر، گەشتێکی ئێران، سۆڤییێت و ئەوروپا دەکات و، لەو گەشتەدا چاوی بە نوێنەرانی ئیسرائیل دەکەوێت و قسەیان لەگەڵدا دەکات[٧]. بێگومان سەرانی سۆڤییێت، کە ئەودەم پشتیوانییان لە مەسەلەی کورد دەکرد، ئامۆژگاری ئیبراهیم ئەحمەد دەکەن، کە لەگەڵ ئیسرائیلدا پێوەند ساز نەکات، وەلێ ئەم گوێ بەو ئامۆژگارییە نادات. لە مانگی تەشرینی دووەمی ١٩٦٣دا"ئیبراهیم و تالەبانی بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت گەیشتنە باڵیۆزخانەی ئیسرائیل لە پاریس و خۆیان ناساند و داوایان کرد کە لەگەڵ نوێنەری مۆساددا کۆ ببنەوە. نوێنەری ئەو کاتەی مۆساد، مەناحیم نقوت، ناتوانێت نیوەڕۆکی ئەو دیدارەی لە بیر بچێتەوە و دەڵێ: ئیبراهیم ئەحمەد لە یەکێک لە هوتێلەکان لە بەردەممدا دانیشت و وشەکانی هێشتا لەبەر چاومن و لە گوێمدا دەزرنگێنەوە کاتێک دەیگوت ( (نە نانمان هەیە و نە شەکەر و نە چای) ) و منیش لە دڵی خۆمدا گوتم تەماشاکەن بە کوێ گەیشتووین، ئێمەی جوولەکە کە لە پێناوی بوونی خۆماندا دەجەنگین، ئەوەتا یەک گەلی تەواو لەبەردەمماندا ڕادەوەستێ و داوای کۆمەکمان لێ دەکات. ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ سەرۆکی مۆسادیشدا، مائیر عمیت، کۆوە بوو و داوای تەقەمەنی بۆ بازۆکا و تفەنگ و پارە و کۆمەکی دیکەی کرد. عمیتیش بەم شێوەیە وەرامی دایەوە: پارەمان نییە بتاندەینێ، چونکە ئیسرائیل دەوڵەتێکی هەژارە. بەڵام بەڵێنی پێ دا کە بە شێوەی چەک و کەرەسە قەبارەی یارمەتییەکان زیاد بکات و بە کردەوەش بڕێک کەرەسەی بە شێوەیەکی ڕەمزیی ئامادە کرد"[٨]. پاشخانی ئەو گەشتەی ئیبراهیم ئەحمەد و دیتنی نوێنەرانی ئیسرائیل، دەگەڕێتەوە بۆ بەهاری ١٩٦٣، کاتێک کە مۆساد، ڕۆژنامەڤانێکی بیانیی نیشتەجێی پاریس، دەنێرێتە کوردستانی عیراق. ڕۆژنامەڤانەکە چاوپێکەوتن هەم لەگەڵ بارزانی و هەم لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەددا دەکات، کە پێکگەیشتنەکە لە هوتێلێکی کەنار ڕووباری سین، لە پاریس، ئەنجام بدرێت، لە نێزیک سەفارەتی ئیسرائیل، لە بینا کۆنەکەی، کە موڵکی بنەماڵەی ڕۆشیڵد بوو، لە شەقامی واگرام[٩]. جۆناتان ڕاندل دەڵێت:"پاییزی ساڵی ١٩٦٣، ئیبراهیم ئەحمەد، سەفەری پاریسی کرد و لە هوتێلێک، کە پێکهاتبوون لە سەری، دابەزی و پێوەندی بە ڕۆژنامەڤانەکەوە کرد و ئەویش خێرا هەواڵی دا بە ئیسرائیلییە واقوڕماو و لەهەمان کاتیشدا دڵخۆشەکان، چونکە ئیسرائیلییەکان لەوە دڵنیا نەبوون، کە بارزانی پێشنیازەکە جێبەجێ دەکات، یا کەسێک بە گرنگیی ئەحمەد دەنێرێت. نوێنەری ئەودەمی مۆساد لە پاریس، مەناحیم ناقوت، کە بە ( (ناهیک) ) دەناسرا و دواتر بوو بە جێگری بەڕێوەبەری دەسگاکە، جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە ئەو یەکەم کەسێکە، لەگەڵ ئەحمەددا -کە تەمەنی چلونۆ ساڵ بوو و وەک هەموو ئەو کەسانەی کە دەردەسەری و لێقەومانیان لە ژیانیاندا دیتووە، لە تەمەنی خۆی مەزنتر دەردەکەوت- کۆ دەبێتەوە. ئەحمەد دواتر بە درێژا چاوی بە سەفیری ئیسرائیلی ( (والتەر ئیتان) ) کەوت و نەگبەتی گەلەکەی بۆ باس کرد و دەشیزانی چۆن لە ژێیە هەستەوەرەکان دەدات. ئەحمەد بەراوردی لە نێوان کورد و جوولەکەدا کرد و گوتی، جەنگگێڕانی کورد پارەی چای و شەکریان نییە و هەستی دایکایەتی لە کن گۆڵدامائیری وەزیری دەرەوەی ختووکە دا. هەرچەندە بەرپرسانی ئیسرائیلی وەک خەڵکانێکی بە

---

[4] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠١.

[5] سەرچاوەی پێشوو.

[6] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢-١٠٣.

[7] ئەمین..، پەنجەکان..، ل ٧٢ و ٨٩.

[٨] نكديمون..،الموساد..،ص١٠٣.

[9] راندل، جوناتان، امة في شقاق، ترجمة فادي حمود، دار النهار للنشر، بيروت ١٩٩٧، ص٢٥١.

بەزەیی نەناسراون، بەلام ((ناڤوت))، دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵێک بەسەر ئەو ژوانەدا، جەخت لە سەر ئەوە دەكات، كە ئەو و ئیتان بەوەی، كە لە ئەحمەدیان بیست، گەلێک دڵتەنگ بوون، مائیر هەر كە لە ناوەڕۆكی پێكگەیشتنەكە ئاگادار كرایەوە، فەرمانی دامەزراندنی ئەو پێوەندە بەدفەڕەی لەگەڵ كورددا دا. ئەوەی كە ڕوویدا بۆ ئەحمەد چاوەڕواننەكراو نەبوو. ئەو بەگوێرەی ئەو گوتە بەناوبانگ و باوەی خۆرهەلاتی ناڤین:"دوژمنی دوژمنم دۆستمە"، كاری كرد. ئەحمەد ئەوەشی لا سەیر نەبوو، كاتێک كە بەدرخان، كە لەمەڕ پێكگەیشتن لەگەڵ ئیسرائیلییەكاندا ئاگادری هیچ نەبوو، لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ یانەی شەوانە (كاباریَ، مەلها) ی ((لیدۆ)) لە شەقامی شانزیلیزێ و لەوێ وای پیشان دا كە هەروا و لەخۆڕا لەگەڵ یەكێک كە لەسەر مێزەكەی تەنیشت دانیشتووە، دەكەوێتە قسان. دواتر دەركەوت، كە ئەو كەسە كۆمۆنیستێكی ئەندامی پەرلەمانی ئیسرائیلە. لە دوایشدا ئەحمەد گەڕایەوە كوردستان و لەگەڵ خۆیشیدا بیستهەزار دۆلاری كە لە ئیسرائیلییەكانی وەرگرتبوو، بردەوە و بەڵێنی هەندەک كۆمەكی دیكەشی پێ درا و دوای یەک مانگیش لە گەڕانەوەی، بەشی یەكەمی چەكە ئیسرائیلییەكان گەیشتن"[10]. ڕەنگە بگوترێ، كە بارزانی، ئیبراهیم ئەحمەدی ناردووە و تووشی ئەو دیدارانەی كردووە. من لەو بڕوایەدام ئەگەر ئیبراهیم ئەحمەد بۆ خۆی نەیویستبا، دەیتوانی نەڕوات و ئەو دیدارانە نەكات. لە نامەیەكیدا بۆ نووسەری جوو شلۆمو نكدیمون، جەلال تاڵەبانی پاكانە بۆ خۆی دەكات، كە بەشداری ئەو وەفدە نەبووە، كە ساڵی **١٩٦٣** لە پاریس سەردانی سەفارەتی ئیسرائیلی كردووە. تاڵەبانی دەڵێت:"تێكەڵ كردنی ناوی من بەوەی كە لە مانگی تشرینی ساڵی **١٩٦٣**دا سەردانی سەفارەتی ئیسرائیلم كردبێ لە پاریس كارێكی ناڕاست و نابەجێیە... لە تشرینی **١٩٦٣** لە دەرەوە نەبووم، بەڵكو لە كوردستان بووم و... هەروەها لەو وەفدەش نەبووم كە ساڵی **١٩٦٣** بە سەرۆكایەتی مامۆستا برایم ئەحمەد چووە سۆڤیەت و چیكۆسلۆڤاكیا و ئەڵمانیای ڕۆژهەلات و فەرەنسا. بۆیە ڕاست نیە بگوترێ كە من لە ناو ئەو وەفدەی پارتی بووم سەردانی سەفارەتی ئیسرائیلی كرد لە پاریس"[11]. ئەو نامەیەی تاڵەبانی هەرچەندە پاكانەیە و بۆ پەڕاندنەوە و دەربازكردنی خۆی نووسیویەتی، وەلێ لە هەمان كاتدا سازكردنی پێوەند بە ئیسرائیل و سەردانی سەفارەتی ئیسرائیل لە پاریس لە لایەن ئیبراهیم ئەحمەدەوە دەسەلمێنێت. لەو سەردەمەشدا كە ئیبراهیم ئەحمەد و تاقمەكەی لە ئیران بوون، هێشتا هەوڵ دەدرا، كە پێوەندی ئەوان بە ئیسرائیلەوە هەر بپارێزرێ. عیسمەت شەریف ڤانلی، كە لەو ماوەیەدا سەردانی ئیسرائیل دەكات، باسی ئەوە دەكات، كە شەوی پێش سەفەرەكەی، لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەددا كۆبووەتەوە و ئیبراهیم ئەحمەد، ڕەزامەندیی خۆی لە سەر ئەو سەفەرە پێشان داوە و ڤانلی لەو بڕوایەدا بوو، كە ئیسرائیل دەبێ پێوەندی خۆی لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەددا درێژە پێ بدا و مۆسادیش گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی، كە پاراستنی نێوانێكی باش لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەددا، پێویستە"[12].

---

[10] سەرچاوەی پێشوو، ل **٢٥١-٢٥٢**. یەكێک لەو كوردانەی كە زۆر لەمێژ بوو، پێوەندی بە ئیسرائیلەوە هەبوو و لەگەڵ مۆساددا نێوانی خۆش بوو، میر كامران بەدرخان بوو.

[11] كوردستانی نوێ، نیومانگییەكە یەكیەتیی نیشتمانیی كوردستان –بیرۆی دەرەوە- دەری دەكات، ژمارە**١٢٣٧**، سێپتەمبەر١٩٩٧،ل٢.

[12] نكدیمون..، الموساد..،ص١١٣.

www.kurdistannet.org
كوردستان نێت

# سەرەتایەك بۆ خوێندنەوەیەكی نوێی مێژووی پەپی كوردی (عیراق)

ئەمجەد شاكەلی

_بەشی حەفتەم _ بۆ بینینی بەشەکانی تر کلیکی ئێرە بکە

## پێوەندی ئیبراهیم ئەحمەد و هاوبیرانی بە بەعسەوە

هەر لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمەوە، ئیبراهیم ئەحمەد و هاوبیرانی، بەپێی بیراوباوەڕ و تێڕوانین و هەڵوێستێک، کە هەیانبوو و بەرانبەر هێزە نیشتمانی و چەپەکان و قاسم دەیاننواند، پتر مەیلیان بە لای هێزە دژەچەپ و نەتەوەییەکانی، دژ بە ڕێژیمدا هەبوو و لەوانەوە نێزیکتر بوون. ئیبراهیم ئەحمەد لە سەردەمی قاسمدا-هەرچەندە قاسمیش پێی ناخۆش بوو-بەردەوام چاوی بە سەرانی حیزبی بەعس دەکەوت و لە بارەگای ڕۆژنامەی ئەلجەمهوورییە (الجمهورية) لەگەڵیاندا کۆدەبووەوە. ئەو ڕۆژنامەیەش، دەنگ و دەربڕی بیروباوەڕی حیزبی بەعس و نەتەوەییەعەرەبەکان بوو و ئەوانەشی، کە بەرپرسی دەرکردن و نووسینی بوون، هەموویان ئەندامی بەعس بوون، هەربۆیەش هەر لە یەکەم ڕۆژی دەرچوونییەوە، ئەو ڕۆژنامەیە هەوڵی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی بەعسی دەدا. تالیب شەبیب (طالب شبيب) ، کە یەکێک بوو لە سەرانی حیزبی بەعس و وەزیری دەرەوەی بەعس بوو لە ساڵی ١٩٦٣دا، دەڵێت:"گەلەک دیدار و پێکگەیشتنی نارەسمیی لە نێوان بەعسییەکان و کوردەکاندا کرا، وەک ئەوەی کە یەکسەر دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨، لە بارەگای ڕۆژنامەی ئەلجەمهوورییە (الجمهورية) ی بەغدایی، میشێل عەفلەق و ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێری پارتیی کۆکردەوە، ڕەنگە عەفلەق لەوێ چاویشی بە جەلال تالەبانی، کە لە دەستەی نووسینی ئەو ڕۆژنامەیەدا کاری دەکرد، کەوتبێت"[1]. لە ساڵی١٩٦٢یشدا، لە نێوان ئیبراهیم ئەحمەد و تاهیر یەحیادا، کە ئەودەمی بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیس بوو، نامەگۆڕینەوە هەبووە. ماوەیەک لەووپێش، کەریم قەرەنی موتەسەڕڕیف (متصرف) ی سلێمانی، تاهیر یەحیا، بە ئیبراهیم ئەحمەد دەناسێنێت. ئیبراهیم ئەحمەد بەناوی پارتیی دیموکراتیی کوردستانەوە، بەڵێنی هاوکاریی بۆ ڕووخاندنی قاسم، بە یەحیا و بەعس دەدات. دوکتۆر مەحموود عوسمان، پێی وایە، گرنگترین پێوەندێک لە نێوان بەعس و مەکتەبی سیاسیی پارتیی دیموکراتیی کوردستان و سکرتێرەکەیدا، ئیبراهیم ئەحمەد، لە ڕێگەی تاهیر یەحیاوە بووە، بە نامەیەک، موقەددەم کەریم قەرەنی، کە کورد بوو، گواستوویەتییەوە[2]. نووسەری جوولەکە شلومو نکدیمون، لەمەڕ پێوەندی ئیبراهیم ئەحمەد بە تاهیر یەحیا و بەعسەوە دەڵێت:" لە هەشتی شوباتی ١٩٦٢دا، واتە ساڵێک پێش کوودێتاکە، تاهیر یەحیا، کە لە سەرکردەیەتیی پۆلیسی عیراق دەرکرابوو و چووبووە ڕیزی نەیارانی قاسمەوە، دەستپێشخەریی کرد لە پێوەندکردن بە ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێری گشتیی پارتیی دیموکراتیی کورد و پیاوی دووەم لە سەرکردەیەتیی یاخیبوونی کورددا و داوای هاریکاریی لێ کردن دژ بە دەسەڵات<واتە: دژ بە ڕێژیمی قاسم-شاکەلی>"[3]. تاهیر یەحیا، لە بەرسڤی نامەیەکی ئیبراهیم ئەحمەددا، کە نیسانی ١٩٦٢ بۆی شاندووە، لە مانگی ئابی ١٩٦٢دا، وەرامی ئیبراهیم ئەحمەد دەداتەوە و تێبینییەکیشی لەگەڵدا دەنووسێت، کە کاتی بەرپاکردنی کوودێتاکە دیاری دەکات و بە کوردانیش<مەبەست ئیبراهیم ئەحمەدە، چونکە پێوەند و نامەگۆڕینەوە لەگەڵ ئەودا بوو-شاکەلی> ڕادەگەیەنێت، کە کوودێتاکە دەکەوێتە نێوان کۆتایی شوبات و نیوەی مارسی ١٩٦٢ەوە، و یەحیا داوا دەکات و ناوی شەش کەسان لە کوردان وەردەگرێت بۆ ئەوەی بخرێنە نێو حوکوومەتی کوودێتاکەوە"[4]. ئەم پێکهاتن و دۆستایەتییە، گەلێک پێش کوودێتای ١٩٦٣ی بەعس دەبێت و ئیبراهیم ئەحمەد لە هەموو کەینوبەینێکی ئەو کوودێتایە، ئاگادار دەبێت. نێزیکایەتی و دۆستایەتیی باسکی ئیبراهیم ئەحمەد و بەعس و کۆنیی

---

[1] سعيد، علي كريم، عراق ٨ شباط، من حوار المفاهيم **الى** حوار الدم، مراجعات في ذاكرة طالب شبيب، الطبعةالاو**لى١٩٩٩**، **دارالكنوز**الادبية، بيروت، لبنان،ص٢٥٤.

[2] سەرچاوەی پێشوو.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩.

[4] سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩-٨٠.

www.kurdistannet.org
20-1-2003 0:35

ناسیاوییان، مەسەلەیەک نییە، کە جێی گومان بێت. نەوشیروان مستەفا دەڵێت:"ڕەنگە یەکێ لەو لایەنانەی بەعس، وەکو بیروباوەر و حیزب و وەکو سەرکردە و زەلام لە هەمو لایەن و کەسێکی تر باشتر بناسی یەکیتی و سەرکردەکانی بی. ئاشنای لەگەڵ بیروباوەری بەعس و، ناسیاوی لەگەڵ هەندی لەسەرکردەکانی ئەگەرایەوە بۆ ماوەیەکی درێژ پێش ئەوەی حوکمی عیراق بگرنە دەس"[5]. ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێ و پیڕەوانی، بەو کوودێتایەی **۱۹٦۳**ی بەعسە، کە دەسەلاتی نیشتماپەروەری قاسمی رووخاند، گەلێک دڵخۆش و بەهیوا دەبن، بێگومان بەشێکی زۆری خۆشحاڵیشیان، لە قڕانیی کۆمۆنیستەکانەوە هاتبوو، کە بەعس دەستی پێ کردبوو. هەژاری موکریانی دەڵێ:"ئەوەی بەعس دەگەڵ شیوعی و لاگیرانی شیوعیانیان دەکرد، رەنگە تەیمورلەنگ و هۆلاکۆش لە دەستیان نەهاتبێ. قاسم و چەند کەسێک لە وەزیرەکانی لە مەرکەزی رادیۆ بەر گوللە دران. لەو جەهەنەمەدا توشی نوری ئەحمەد تەها بوم، گوتی<خەم مەخۆ، بەعسیە زەلامەکان کە دەگەڵ مامۆستایانی ئێمە لە حەپس دا بوون، قەولیان پێ داوین کە ئیستیقلالمان بدەنێ و لە عیراقمان جوێ کەنەوە>"[6].

وەک بەڵگەیەک بۆ ڕێککەوتن و پێکهاتن و نێزیکایەتیی پێشوەختی دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی لەگەڵ بەعسدا و متمانەبەیەکبونیان دەکرێ چەند نموونەیەک بخەینە بەرچاو:

دوای کوودێتای **۱۹٦۳**، شاندێکی کورد بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حوکوومەتی بەعس –لەسەر داوای حوکوومەت- بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی و ئەندامیەتیی ساڵح یووسفی، شاخەوان نامیق، یەدوڵلا عەبدولکەریم و عەبدولحوسەین فەیلی، دەچێتە بەغدا و پاش ماوەیەک مانەوە لەوێ و نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک، زۆری پێ ناچێت جەلال تاڵەبانی

"بەئیشارەتێک لە بەعسییەکان و دیارە تەرتیباتی چوونە قاهیرەیش هەر ئەوان بۆیان کرد، خۆی رزگار کرد و بە ناوی سەردانی جەمال عەبدولناسر خۆی گەیاندە قاهیرە. ئەندامانی وەفدەکەش لە بەغدا مانەوە و لە لایەن بەعسییەکان گیران و زۆریش ئازاردران. واتە تەنیاکەس لە وەفدەکە کە نەگیرا جەلال تاڵەبانی بوو. لە دوواییدا تاڵەبانی لە قاهیرە چووە پاریس ئینجا تاران و پاشان گەڕایەوە کوردستان"[7]. تالیب شەبیب، کە باس لە گفتوگۆی حوکوومەتی بەعسی ساڵی **۱۹٦۳** و بزاڤی چەکداری کوردەوە دەکات و بەراورد لە نێوان هەڵوێستی بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانیدا دەکات دەڵێت:"هەستمان دەکرد<واتە: حیزبی بەعس-شاکەلی> کە زمانی تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد لە زمانی ئێمەوە، نێزیکترە"[8]. تالیب شەبیب، جەخت لە سەر ئەوەش دەکاتەوە، کە ئەوان ڕێز و نرخاندنێکی تایبەتیان بۆ ئیبراهیم ئەحمەد هەیە و کە ئەو بۆ خۆی تاڵەبانی خۆشگەرەکە و داوای تەمەندرێژی و بیرتیژی و کەمکردنەوەی زۆربزێوی بۆ دەکات[9].

ساڵی **۱۹٦۳** بەعس شەڕێکی زۆر سەخت و توندی لە ناوچەی بارزاندا ساز کرد و ئەوەدەمیش بارزانی لەوێ بوو، هەرچی ناوچەی سۆرانە، کە"برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی سەرپەرستییان دەکرد و لێپرسراوی پلە یەک بوون لەوێدا، ئەو ناوچەیە ئارام بوو چونکە برایم ئەحمەد و تاڵەبانی ڕێگەیان نەدەدا بەرەیەکی شەڕ لەم ناوچەیەدا بکرێتەوە، تا هێزەکانی عیراق هەموو بچنە بارزان. بە واتایەکی دیکە برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی لەگەڵ حزبی بەعس ڕێک کەوتبوون، کە لە ناوچەی سۆران هیچ نەکەن، بۆ ئەوەی سوپای عێراق ئازاد بێت، بۆ هێرش کردنە سەر بارزان و لەناوبردنی بارزانی. لەبەر ئەوەی بەعسییەکان تەڕ و وشکیان بەیەکەوە دەسووتاند، زۆر کەسیان بەناوی شیووعی و بە ناوی دیموکراتییەوە دەگرت، بۆیە ئەفسەر و سەربازێکی یەکجار زۆری کورد پێوەندییان بە شۆڕشی کوردستانەوە کرد و زۆربەشیان لە ناوچەی سۆران بوون و چەکێکی باشیشیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو. هێزێکی باشیان هەبوو بەڵام وەکو پێشتر باسمان کرد نیوچە ڕێککەوتنێک لە نێوانی بەعس و برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانیدا هەبوو بارزانییان بە ( (سەری مار) ) ناو دەبرد، واتە هەر وەختێک سەری مارەکە پان کرایەوە، ئەو وەختە شۆڕش تێک دەچێ و نامێنێ. ئیتر خۆیان بە ئارەزووی خۆیان ڕەفتار دەکەن، بۆیە بەعسییەکان بە هەموو توانای خۆیان، هێرشیان هێنایە سەر بارزان"[10]. هەر لە بارەی هەمان مەبەستەوە واتە: نێزیکایەتی و نێوانخۆشیی بەعس و سەرانی پارتیی (ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی) ، هەژاری موکریانی، کە بۆ خۆی لە ناوچەی بارزان و

---

[5] ئەمین،، پەنجەکان،، ل۲٥۹.

[6] هەژار،، چێشتی،، ل **۳٦۱**.

[7] هەریری،، بۆ ئەوەی،، ل۱۰.

[8] سعید،، عراق،، ص۲٦۲.

[9] سەرچاوەی پێشوو.

[10] هەریری،، بۆ ئەوەی،، ل۱۰.

لەگەڵ بارزانیدا بوو، باس لە جەنگی ساڵی ١٩٦٣ی دژ بە کورد دەکات و دەڵێت:"لەشکرێ پێشمەرگە لە ئەستانی سولەیمانی و کەرکووک و هەولێر بونە چەند قات. لە موحاسەرەی بارزاندا کە دژواری شەڕمان لەسەر بو، چەکداری پێشمەرگەی پارتی دەهاتامان نەهاتن. دەوڵەتیش کەمتر خۆی دەوان دەگەیاند و دەیەویست بارزان بنبڕ بکات"[11].
بێگومان دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد-تاڵەبانی هەر بە ویست و بە پێکهاتن لەگەڵ بەعسدا، کارەکەیان بەرەو ئەو ئەنجامە بردووە، واتە: ڕزگاربوون لە مەلا مستەفا و هیچی دی. هەژاری موکریانی دەگێڕێتەوە و دەڵێ:"جارێک بۆ مەلا مستەفایان گێڕایەوە کە پێشمەرگەی لای هەولێر کە دیتویانە ئەو هەزاران کامیۆنە لەشکرە و ئەو هەمو تۆپ و تۆپخانەیان دیوە کە بەرەو بارزان دەچن، گریاون، هاواریان بۆ برایم ئەحمەد کردوە<کەی ئەوە شەڕەفە برایانی ئێمە بکوژن و ئێمە دەست لەسەر دەست تماشا بکەین؟>برایم گوتویە<ئێوە نازانن، ئەگەر بارزانی نەمێنێ فەرماندەیی دەبێتە یەک، ئەمجار عەکسی بارزانی وەک شەهید دەفرۆشین، پارەی زۆر دەکا!. . >"[12]. ئیبراهیم ئەحمەد لەو قسەیەیدا زۆر ڕاستی گوتووە و بە درێژایی ژیانیشی ئاواتی ئەوەی خواستووە، کە بارزانی و ناوی بارزانی نەمێنێت، ئیدی بە چ شێوەیەک دەبێت، بە لای ئەو و پیرەوانییەوە گرنگ نەبووە و نییە. ئەوان ئەو دەمە و ئێستاش زیادکردنی ناوی شەهیدان و پارەپەیداکردن بە ناوی ئەوانەوە، مەزنترین ئاواتێک بووە، کە هەردەم هەوڵیان بۆ داوە. ئێستاش کە بلاوکراوەیەکی یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان دەخوێنیتەوە و کە باس دێتە سەر شەهید، ڕێک و ڕەوان دەڵێن، ئەوەندە و ئەوەندە شەهیدمان داوە، ڕێک وەک ئەوەی خۆیان ئەو شەهیدانەیان بەخێو و ئامادە کردبێت بۆ ئەوەی بەپێی خۆیان بچنە بەر دەستی دوژمن و ئەوانیش بیانکوژن و ئەمانیش (دواتر شەهیدان) هەموو ئامانجێکی ژیانیان ئەوە بوویێت، کە ببن بە شەهید. واتە: ئەوان خەڵک دروست دەکەن و پێیان دەگەیەنن، بۆ ئەوەی بکرێن بە شەهید و بۆ خۆیشیان (سەرانی ئەو پارتییە) لەپاڵ خوێنی شەهیدەکاندا بە کەماڵی ئیسراحەت لێی پاڵ دەنەوە. ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی تەنێ بۆ دەسەلاتگرتنەدەست و لەنێوبردنی بارزانی، تەنات ئەگەر ملشکانی هەموو کوردیشی تێدا بوویێت و بێت، ئامادەی هەموو کارێک بوونە و هەن. هەر لەو کاتەدا، کە لەگەڵ بەعسدا ئەو جۆرە پێکهاتنە لە نێوانیاندا هەبوو، بەهۆی پێوەندێکی کۆنتر، کە لەگەڵ ئێران-ساواک- و دەسگا و کۆمپانییەکانی نەفت و بەرژەوەندەکانی ڕۆژاوادا هەیانبوو، هەموو ئەو لایەنانە تا ڕادەیەک لە سەر کۆمەک بە ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و لەنێوبردنی بارزانی، ڕێکبوون و "ئەو کاتە تەنسیقیش لە نێوانی ئێران و تورکیا و عێراقدا هەبوو. ئەفسەرێکی تورک لە مووسڵ دادەنیشێت و ئەفسەرەکی ئێرانیش لە کەرکوک بۆ ئەوەی تەنسیقی شەڕ بکەن و فڕۆکە جەنگییەکانی خۆیان ئاراستە بکەن. چونکە فڕۆکەکانی ئێران و تورکیاش بەشداریی شەڕیان دەکرد لە دژی بارزانیدا. هەموو شەڕەکان لە ناوچەی بارزان و بادینان بوو و هیچ شەڕێک لەم دیوی زێ ڕووی نەدا"[13]. پاش کوودێتای ١٩٦٨ و ئەو گۆڕانانەی بەسەر عیراق و مەسەلەی کورددا هاتن، تاقمی "فرەچەپی" ئیبراهیم ئەحمەد، بەو هێندە پێوەندەی، کە لەگەڵ بەعسدا هەیانبوو، قایل نەبوون، بەڵکە"باسکی م س چارەنووسی خۆی بە بەعسەوە بەست بو، خۆی بە هاوپەیمانی ژیان و مردنی بەعس دائەنا. بەعس لە ململانیی ئەم دو هێزەدا<واتە: ئیبراهیم ئەحمەد و سەرکردەیەتیی بارزانی-شاکەلی>، بە چەک و پارە و هێز، یارمەتی م س ی ئەدا"[14]. پێوەند و هاریکاریی تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی و بەعس، لە ساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٠، هێندە توند و بەهێز بوو، کە ئیدی ئەو تاقمە بووبوون بە بەشێکی جیانەکراوەی هێزی چەکداری عیراق و-ئەوە هیچ کە لە ١٩٦٦ەوە و لەگەڵ ڕێژیمی عارفی دووەمدا دەستی پێ کردبوو و لەنێو خەڵکدا بە جاش دەدرانە قەڵەم و نازناوی جاشی ٦٦یان وەرگرتبوو- حوکوومەتیش وەک جاش حیسابی بۆ دەکردن. بێگومان ئەوانیش چالاکانە ڕۆڵی خۆیان دەبینی و بە هەموو شێوە و شێوازێک دوژمنایەتیی شۆڕش و خەڵکی کورد و سەرکردەیەتیی بارزانییان دەکرد. مێژووی ئەو سەردەمەش لە هیچ کەس شاراوە نییە و تا ڕادەیەک زۆرینەی ڕووداوەکانی تۆمار کراوە، لێ پێم وایە پێویستی بە خوێندنەوەیەکی قووڵتر و فراوانتر و شیکردنەوەیەکی نوێتر هەیە. دیارە پێوەند و تێکەڵاوییەکی لە مێژینە و هێندە بەهێزی نێوان دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی و حوکوومەتی بەعس، کاریگەریی خۆی کردووە و بەعس و دەسگاجاسووسییەکانی توانیویانە ڕۆچنە نێو ڕێکخستنەکانی ئەو دەستەیەوە و خەڵکیان لێ بکرن و فریو بدەن. بێگومان

---

[11] هەژار.، چێشتی..،ل٤٠٣.
[12] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠٣-٤٠٤.
[13] هەریری.، بۆ ئەوەی..، ل١٠-١١.
[14] ئەمین..، پەنجەکان..، ل٩٧.

ئەو مەسەلەیە شتێکی نوێ نییە، بەڵکە پێوەندی ئەو دەسگایانەی بەعس لەگەڵ یەکیەتیی نیشتمانی ئێستادا، دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندەکانیان کاتێک، کە لە سالانی ١٩٦٦بە دواوە نێویکی دیکەیان هەبوو و هەر لەو دەمەشەوە بەعس گەرای خۆی تێدا چاندوون و داناون. پێم وایە ئاشکرابوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە شارەکاندا و گرتنی ئەندامانی بەو شێوە فرەوانییەوە لە لایەن دەسگا جاسووسییەکانی بەعسەوە و زیندانیکردن و کوشتنیان، هەر وا بە هاسانی و لە خۆڕا نەدەبوو و نەدەکرا، ئەگەر لە نێو ئەو ڕێکخراوانەدا خەڵکانی سەر بە ڕێژیم نەبوونایە و لەوانەوە زانیاری لەمەڕ ئەو ڕێکخراوانە و ئەندامانی دزەی نەکردبا. سابیر کۆکەیی، کە بۆ خۆی ئەندامی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و چەکداری ئەوان بووە، باسی سالی ١٩٧٩ و زیندانی دەسگای تایبەتی (الهیئةالخاصة) ی کەرکووک دەکات، کە زیندانێکی یەکجار بەدناو و خراپ بوو، دە لێت:"هێندی زیندانیان بە ژووری زیندان دا کرد، یەکێکیان بە ناوی بەرهەم ئەحمەد سالح بوو، بالا بەرزی قژ شامپۆ کراوی درێژ لەسەر شانی، زیندانە سیاسیەکان پێ یان دەگوت ( (دیسکۆ) ) ، زۆر لە زیندانەکان دەیانناسی، دەیانگوت ئەمە بەعسیە و خۆتانی لێ بپارێزن. ئەویش لە ڕەش بگیریەکەی سلێمانی گیرابوو، دوای چەند ڕۆژێک بەبێ ئەوەی یەک پەنجەی لێ بدەن بە (موافقەت) ی دەزگای (موخابەرات) ی سلێمانی ئازاد کرا. لە دواییدا ڕژێم ناردی بۆ لەندەن بە ناوی خوێندن و خزمەت کردن بە بەعس. لە لەندەنیش هاتوچۆی مالی جەلال تالەبانی دەکات خۆی لێ یان نزیک دەکاتەوە. جەلال تالەبانیش هێنایە پێشەوە. بۆ ڕازی کردنی ئەندامانی یەکێتیش جەلال تالەبانی ووتبوی (بەرهەم کلیلی ئەقلی منە) . بەمجۆرە سەپاندیە سەر ئەندامانی بێ دەسەلاتی یەکێتی. لەپاشاندا خرایە سەرکردایەتی ی. ن. ک لەو کاتەی بەرهەم بە زەمالەی ڕژێمی عێراق ناردرا لەندەن بۆ خوێندن هەزاران خوێندکاری کورد لەسەر نەکردنی (ئیمزای بەعس) خوێندنیان لەدەست دەدا، یا لە سێدارە دەدران"[15]. پیدەچێت پێوەندەکانی دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تالەبانی (یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان) بە بەعسەوە، تەنێ لەچوارچێوە و ڕێگەی حیزب و شێوەیەکی سیاسییانەوە نەبووبێت، بەڵکە زۆرجاران شێوەیەکی نهێنییانە و ئاساییشیانە و ئیستیخباراتییانە و موخابەراتییانەی وەرگرتبێت.

بەڕێوەبەراتیی ئاساییشی گشتیی (مدیریة الامن العامة) لە وەزارەتی ناوخۆی عیراق، لە پەیامێکی یەکجار دووروردرێژ و نهێنی خۆیدا بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاساییشی ناوچەی ئۆتۆنۆمی (مدیریة‌ا‌ٴمن منطقةالحکم الذاتي) ، کە دەکاتە بەشە ئۆتۆنۆمییەکەی ناوچەی کوردستان، کە حوکوومەتی بەعس دیاری کردبوو، لە ٢٣-٦-١٩٨٢دا، لە یەکێک لە خالەکانیدا دەلێت:"ئێمە پێمان باش و سوودمەندە، کە دەسگا ئاساییشییەکانمان، بەو جۆرەی کە سەرکردەیەتی بە گونجاوی دەزانێت، پێوەند لەگەڵ سەرکردەکانی دەستە تێکدەرەکاندا<واتە: حیزب و دەستە چەکدارە کوردەکان-شاکەلی> ساز بکات، بۆ ئەوەی بەردەوام، لە ڕێگەی پێوەندمان پێیانەوە و زانیاریمان لە بارەی بۆچوونەکانی داهاتوویان و کارتێکردن لە هەندێ ڕەوتاریاندا و سازکردنی قۆرت و ناتەبایی لە نێوان تاقمە ناکۆکەکانیاندا، دەرفەتیان لە دەست دەرکەین"[16]. ئەم نامەیە و ئەو پێشنیازانەی، کە تێیدا هاتوون، بۆ سەددام حوسەین خۆی نێرداوە و ئەویش لە بنەوە مۆری کردووە و ڕەزامەندیی خۆی لە سەر دەربڕیوە. یەکێک لەو دەستە و حیزبە کوردانەی، کە ئەو دەسگایانەی بەعس پێوەندی پێوە کردووە، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بووە- دیارە پێوەندیان بە حیزب و لایەنەکانی دیکەشەوە هەبووە- کە تا ڕادەیەکی زۆر دەسگا جاسووسییەکانی بەعس، داچۆڕاونەتە نێو دەسگاکانیانەوە. وەک جەختکردنێک لە سەر ئەوە با بنۆڕینە بلاوکراوەیەکی ناوخۆیی و گەلەک نهێنی، بەڕێوەبەرایەتی ئیستیخباراتی سەربازیی (مدیریةالإستخبارات العسکریة) لە وەزارەتی بەرگریی (وزارةالدفاع) عیراق، کە لە سالی ١٩٨٣دا، بلاوی کردووەتەوە، لەویدا زۆر ئاشکرا باس لە هاریکاری و پێوەندی خۆیان لەگەڵ یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا دەکات و بە خوێندنەوە و لێوردبوونەوەی ئەو بەڵگەنامەیە، تاڕادەیەک بەرایی شەڕەکانی پشتاشان و گفتوگۆی یەکیەتیی و حوکوومەتی بەعسمان لە سالی ١٩٨٤دا، بڕێک بۆ ڕوون دەبێتەوە. بلاوکراوەکە دەلێت:" بە گوێرەی نەخشەیەکی دارێژراو کە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان دایناوە و بۆ پتر لێکدوورخستنەوەی لایەنە ناکۆکەکان و بۆ گەشەپێکردنی پێکدادانەکانیان، چەند کارێکی ئیستیخباراتییانەی تایبەت لە لایەن بەڕێوەبەرێتییەکەمانەوە ئەنجام درا و ئەو ئەنجامەکانیشی، کە چاوەڕوانیی لێ دەکران، هاتنە دی. . . لە نیسانی ٨٣دا یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکانی خۆمان (لە سەرکردەکانی تاقمی تالەبانی لە دەڤەری سلێمانی) ، نارد بۆ ڕێگەگرتن لە تاقمی تێکدەری بارزانی، لە دەڤەرەکەی خۆی و

[15] کۆکەیی.، نالەی..ل٥٢. ئەو "بەرهەم ئەحمەد سالح"ە، ئێستا سەرۆکی حکوومەتی سلێمانییە.
[16] ئەمین.، پەنجەکان..، ل ٢٧١.

به هەر شێوەیەک بێت و هەوڵیش بدات پێکدادانەکان توندتر بن. . ئیستیخباراتییانە پێوەندمان کرد بە سەرکردایەتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و زانیاریمان پێدان لەمەڕ نیازی ئێرانی دوژمن و تاقمی (جود) بەرانبەریان و کۆمەکی پێویستیشمان پێیان کرد بەگوێرەی نەخشەیەکی وردی دیراسەکراو"[17]. کاتی گفتوگۆی نێوان یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و حوکوومەتی بەعس، لە ١٩٨٤دا، خەڵکانی سەر بە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، سەرانیان، بەرپرسە سیاسی و سەربازییەکانیان و تەنانەت چەکدارەکانیشیان، بە پسووله و کاغەز و ناسنامەی کارگێڕی ئیستیخباراتی سەربازیی بەعس و وەک نەفەرێکی ئەوان، هاتوچۆی ناوچەکانی بندەستی حوکوومەتیان دەکرد و دەچوونە بەغدا و مووسڵ و کەرکووک و جێگەی دیکەش[18].

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بروا بوونمان بە ئازادی دەربرینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

---

[17] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦٣-٤٦٥.

[18] خودالێخۆشبوو کاک سابیر ڕەسووڵ، کە بۆ خۆی ئەودەمی لەگەڵ یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا بوو، ئەوەی بۆ گێڕاومەتەوە و باسی خۆیشی دەکرد، کە بەو جۆرە سەفەری مووسڵی کردووە.

www.kurdistannet.org
19-2-2003 23:05

# سەرەتایەك بۆ خوێندنەوەیەكی نوێی مێژووی چەپی كوردی (عیراق)

ئەمجەد شاكەلی

-بەشی هەشتەم – بۆبینینی بەشەكانی تر ئێرە كلیک بكە

## ئیبراهیم ئەحمەد كێیە و مەبەست لە هێڵ، تاقم، هاوبیر، پێڕەوان، هاوڕێیان و دارودەستەكەی چییە؟

كە مرۆڤ باس لە ئیبراهیم ئەحمەد دەكات، دەسبەجێ بیری بۆ دوو لایەن دەڕوات و كەسێتیی وی لە دوو لایەنەوە دەبینێت. ئیبراهیم ئەحمەدی نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەوان و پارێزەر و، ئیبراهیم ئەحمەدی سیاسیی. كە وەک شاعیر و نووسەر بیری لێ دەكرێتەوە، مرۆڤ كوێرەوەری، ژانی گەل، كەرەلۆتیی مەنووچەر، شیرین بەهارە، ڕۆژنامەی خەبات و گۆڤاری گەلاوێژی وەبیر دێتەوە. كە وەک سیاسییش بیری لێ بكرێتەوە، سكرتێریی پارتیی، دژایەتیی هەمزە عەبدوڵڵا، دژایەتیی بارزانی، هەڵاتن بۆ هەمەدان و جاشایەتیی 1966-1970 بۆ حوكوومەتی عیراق و دژایەتیی شۆڕشی كورد و. . . . ، وەبیر دێتەوە. وەک نووسەر و شاعیر، هیچ جۆرە داهێنان و بەدەوكارییەكی نەنواندووە و تاقەشتێكی جوان كە گوتبێتی، شیرین بەهارەكەیەتی و ئەویش دەنگە پڕجۆش و خۆشەكەی مامۆستا تاهیر تەوفیق، چێژ و خۆشی داوەتێ و وەک دەگوترێ بۆ بارزانییش گوتراوە. ژانی گەلەكەیشی زۆر پێدەچێت كە لە "جاک لەندەن"ەوەی وەرگرتبێت و خەڵكانێكیش هەن لەوبڕوایەدان، كە ڕێک لە فیلمێكی "چارلی چاپلن"ەوە وەرگیراوە. ڕێباز محێدین دەنووسێت:"چیرۆكەكەی ( (ژانی گەل) ) ی برایم ئەحمەد، لە فیلمێكی شارلی شاپلن وەرگیراوە!!. . . شارلی، قارەمانی فیلمەكە، لە شەقامێكدا ڕێ دەكات، لۆریەكی بارهەڵگر لە تەكیا ڕەت دەبێ. ئەو ئالایەی (هەڵبەتە ئەمە ئالا نییە، بەڵكو پارچەیەكی سوورە لەدارێک دەدرێت بە چەشنی ئالا) بۆ ئاگاداركردنەوەی شوفێران یا ڕێبواران بەسەر بارەكەوە چەقاندویەتی دەكەوێ. شارلی ئالاكە هەڵدەگرێتەوە. لەو چركەیەدا لەوسەری شەقامەكەوە خۆپیشاندەران بەرەو ئەو شوێنە دێن شارلی لێ وەستاوە و ئالاكە بەرز ڕادەوەشێنێ بەڵكو شوفێری لۆریەكە ئاگادار بكاتەوە! خۆپیشاندەرانیش كە بەر شاڵاوی پۆلیس دەكەون و ڕادەكەن، دیمەنێكی وا دروست دەكەن وەک ئەوەی شارلی بێئاگا لەوەی لە دواوەی ڕوودەدات بەخۆو ئالاوە سەركردەی خۆپیشاندانەكە بێ. . . . شارلی بێئاگا لە هیچوخۆرایی دەستگیر دەكرێت و بە تۆمەتی سەركردایەتی كردنی خۆپیشاندانەكە ڕاپێچی زیندان دەكرێت. . . لێرە بە دواوە زنجیرە ڕوداوەكانی زیندان دەستپێدەكەن. . . . ئەمە كۆڵەگە و چەرەگە و دارە ڕێیانەی شارلی یە كە برایم ئەحمەد ڕێک هاتووە و ڕوداوەكانی ( (ژانی گەلی) ) لەسەر بنیاتناوە!!"[1]. ئەو فیلمەی چارلی چاپلن نێوی "سەردەمەنوێیەكان"ە، دوا فیلمی بێدەنگی چاپلنە و لە ساڵی 1936دا كراوە. ئیبراهیم ئەحمەد لە ڕووی چینایەتییەوە، دەكرێ لە خانەی وردەبۆرژوازیدا دابنرێت و وەک بیروباوەڕی سیاسییش تا ڕادەیەک، خۆ لە خانەی لیبەراڵیستی هەندەک جار پارێزگار و هەندەک جار بیرازخوازدا دەبینێتەوە، كە پتر مەیلی لای ڕاستی هەیە و دەكرێ بە خۆگەهێن (وصولي) نێونووس بكرێت. ئیبراهیم ئەحمەد لایەنە سیاسییەكەی بە سەریدا زاڵ بووە و پتر وەک سیاسییەک – هەرچەندە سیاسییەكی بێڕەنگ و بێبۆن و دۆڕاو و بوودەڵە و هیچلەبارانەبووش بووە- ناسراوە. ئیبراهیم ئەحمەد پیاوێک بووە، حەزی بە خواردنەوە زۆر بووە و زۆریش شەرمن و كەمدوو بووە، هەر بۆیە وەک لەخۆبایی و لووتبەرز وەدی دەكرا. ئیبراهیم ئەحمەد نە وەک نووسەر و شاعیر و نە وەک سیاسی، ئەو پیاوە لێهاتوو و مەزنە نەبووە، كە پێڕەوانی بانگاشەیان بۆ كردووە و دەیكەن. لە كاتێكدا كە ئەو پیاوێكی خوێندووە، لە نێو خەڵكدا بە پێچەوانەی تێڕوانینەكانییەوە، بە هەڵە بە ڕۆشنبیر یا ڕووناكبیر ناسراوە. دوای تێپەڕبوون بە حیزبانی هیوا و ژێكاف و دیموكراتی كوردستانی ئێراندا، لە 1947ەوە بووە بە پارتیی. هەر كە دەبێتە ئەندامی پارتیی، ئیدی كارێكی زۆرلەبەرچاو و ئاشكرای وی، ملانێ و هەوڵی خۆسەپاندن و دەسەڵاتگرتنەدەست دەبێت و بە هەموو شێوەیەک دەیەوێ خۆی و بیروباوەڕەكەی بچەسپێنێت و پارتیی بەرەو ئەو لایە ببات-ئەگەر بە پێچەوانەی بەرژەوەندی هەموو كوردیشەوە بووبێت، كە هەر وایش بووە- كە خۆی دەیەوێت و بەهۆی بێبڕوایی و بێئایدیایی و گوێنەدانییەوە بە هەموو بەهایەک، سڵی لە هیچ خراپەیەكیش نەكردووەتەوە و ئامادەش بووە لە

[1] محێدین، ڕێباز، جاش یا باش، دلاناپار، ژمارە 1 ساڵی 1996،ل28-29.

پێناوی بەرژبوونەوەی خۆی و گەیشتن بە ئامانجە تایبەتییەکانی خۆی، هەموو شتێک، تەنانەت حیزبەکەشی، داتەپێنێت و پێشێل بکات. بە کردەوە و ڕەوشت و هەڵوێستەکانیدا، گرێکوێرەی خۆبەکەمزانین لە کەسایەتیی ئیبراهیم ئەحمەددا زۆر بە ڕوونی وەدی دەکرێت. هەمووده‌م لە ناخ و ناوەوە و لە دەروونی خۆیدا، ڕقێکی زۆری لە خەڵکانی خۆشەویست و توانا و ژێهاتی و گەلێر بووەتەوە و چاوی بەو جۆرە مرۆڤانە و پێشکەوتن و سەرکەوتنیاندا هەڵنەهاتووە. هەر بۆیەش هەموودەم ئەو هەڵوێستەی بەرانبەر بارزانی نواندووە. ئیبراهیم ئەحمەد هەڵخەڵەتێن و فێڵباز و فریودەر بووە و توخمی خراپەکاری و تێکدان بووە و هەر کە چووەتە نێو پارتییەوە تۆوی ئەو بەدکارییەی لە نێو پارتییدا چاندووە. ئیبراهیم ئەحمەد وەک سیاسییەک هەم درۆزن و هەمیش حیزفرسەت بووە و گۆبلزییانە "درۆ بکە و هەم درۆ بکە و هەم درۆ بکە تا خەڵک بڕوات پێدەکات" و میکاڤێللییانە "مەبەست پاساوی ئامراز دەدات"، لە سیاسەتی نۆرپوە. ئیبراهیم ئەحمەد لەو ڕۆژەوەی کە دەچێتە نێو پارتییەوە، ڕۆڵی کرمی نێو دار دەبینێت و هەموودەم هەوڵی کرمۆڵکردنی داری بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد دەدات و هەموودەم بووەتە هۆی گەلەکۆمەکێ و لەتبوونی پارتیی و ئەو دەردەشی گواستووەتە نێو پارتییە کوردییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە. ئیبراهیم ئەحمەد بە بیروباوەڕەکانی خۆی کۆمەڵە خەڵکێکی لە خۆ نێزیک کردوونەوە، پەروەردەی کردوون و وەدووی خۆی خستوون. لەو کەسانەی کە هەر لە دەستپێکەوە، پێش 14ی تەمووزی 1958، وەک بیروباوەڕ و تێڕوانین لێیەوە نێزیک بوون، دەکرێ باسی جەلال تالەبانی، عومەر دەبابە و عەلی عەبدوڵلا بکرێت و ئیدی لەو دەمەوە وەک دەستەیەک دەهاتنە بەرچاو، هەرچەندە عەلی عەبدوڵلا دواتر لە هێڵی ئیبراهیم ئەحمەد دوورکەوتەوە. پاش 14ی تەممووزیش بێجگە لەو کەسانە، حیلمی عەلی شەریف، عەلی حەمدی، عەبدڕڕەحمان زەبیحی و عەلی عەسکەری و. . . وەدووی دەکەون و بە دەستە و تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد دەناسرێن، بەڵام کەسێک کە هەر لە سەرەتاوە دەبێتە شاگردی و شوێن ڕێچکە و بیروباوەڕی ئەو دەکەوێت و وەک بەرۆگری وی دێتە بەرچاو و بەردەوامی و درێژەپێدانی تێڕوانینی وییە، جەلال تالەبانییە. لە تەممووزی 1959وە ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێیەکانی، ئاشکراتر وەک هێڵێک دەردەکەون و دەست بەسەر پارتیدا دەگرن. خەڵکانی سەر بە ڕێبازی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تالەبانی لەو بڕوایەدان، کە چەپی کورد، مەبەستیشیان لە چەپی کورد هێڵی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تالەبانییە، لە نێوان کۆتایی سالانی 1950کان تا سەرەتای سالانی 1970کان، توانی خۆی وەک هێڵێک و بزاڤێک بخاتە بەرچاو و خۆ لە چەپی عیراقی عەرەبی و حیزبە کۆمۆنیستەکەی و ڕاستڕەوانی کوردیش جیا بکاتەوە[2]. ئەوەی لای هەمووان ڕوون و ئاشکرایە، کە حیزبی کۆمۆنیستی عیراق، حیزبێکی تایبەت نەبووە بە چەپی عەرەبی عیراق، بەڵکە حیزبێکی زۆر تێکەڵاو بووە و بە زۆرییش خەڵکانێکی لێ کۆ بووەتەوە و خۆیان تێدا بینیوەتەوە و بە بیروباوەڕ و ئامانج و بەرنامەی قایل بوون، کە چەوساوە و بەشخوراو و ستەمدیدە و کەمینە و ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕ بوون. هەر بۆیە دەبینین، کە شیعە، کورد، فەلە، جوو و سابیئە و. . . کۆڵەکە و پایە و بنگەی ئەو حیزبە بوون و ئەو حیزبەیان بە نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان زانیوە. ئەگەر ڕەسین و خۆجیاکردنەوەی چەپی کوردیش ئەو گۆڕانکاری و لەتبوونەی نێوان کۆتایی سالانی 1950کان و سەرەتای سالانی 1970کانی نێو پارتیی دیموکراتیی کوردستان بێت، ئەوا ئەو بۆچوونە گەلێک لە ڕاستییەوە دوورە، چونکە چەپی کورد یا بە دەربڕینێکی باشتر، کەسانێکی کورد، کە خۆیان لە خانەی چەپدا دەبینییەوە، هەر زوو چووبوونە نێو حیزبی کۆمۆنیستی عیراقەوە، هەرچی پاشماوەی چەپێکیشە، کە لە نێو پارتیدا مابووەوە، ئەوا لە سالی 1959دا لە پارتیی وەدەرنران و بە یەکجاری پارتیی چەپێزار کرا و چەپ و چەپایەتی لە نێو پارتیدا نەما. لە سالی 1964دا، دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تالەبانی و هاوبیرانیان، خۆ لە بارزانی و پارتیی جودا دەکەنەوە و هەر بە ناوی پارتیی دیموکراتیی کوردستانەوە کار دەکەن. لەو کاتەوە کە دەچنە هەمەدان و پاشان لە 1966دا کە دەچنە پاڵ حوکوومەتی عیراق، لە کاتێکدا کە دەبوو بە تاقمی ئیبراهیم یا ئیبراهیمی بناسرێن، بە تاقمی ئیبراهیم-جەلال و زێتر بە جەلالی لە نێو خەڵکدا ناو دەردەکەن و لە نێو خۆیشیاندا بە پارتیی، حیزب و دەستەی مەکتەبی سیاسی، خۆ دەناسێنن. ناودەرکردنیشیان بە جەلالی، دەگەڕێتەوە بۆ لاوازیی کەسایەتیی ئیبراهیم ئەحمەد و خۆوەپاشگرتنی وی و بزێوی جەلال تالەبانی، لێ لە ڕاستیدا جەلالی هەر پێڕەوانی تێڕوانین و بیری ئیبراهیم ئەحمەدن. ئەو تاقمە لە 1971دا دوای ئەوەی، کە بارزانی لێیان خۆش دەبێت، نێوی پارتییەکەیان دەگۆڕن و دەیکەن بە پارتیی شۆڕشگێڕی کوردستان و پاشان ئەو پارتییە هەڵدەوەشێننەوە و بەشی هەرەزۆری ئەندامانی دەچنە نێو پارتیی دیموکراتیی

[2] شورش،سامي، صفحة من تاريخ اليسار الكردي(العراقي)، الأبواب، العدد8-1996،لندن،ص73-85.

کوردستانەوە بە سەرۆکایەتی بارزانی. ئەوانەیان کە دەچنە نێو پارتییەوە بە ئاشکرا دەبنە پارتیی و بە سەرۆکایەتیی بارزانی قایل دەبن، بەڵام لە بنەوە پێوەند و نێزیکایەتیی خۆیان و بیروباوەڕیان دەپارێزن و هەوڵی لەقاڵبدانیشی دەدەن و لە هەمان کاتیشدا هەوڵی بنکۆڵکردن و داتەپاندنی شۆڕش و سەرکردەیەتیی بارزانی دەدەن و شۆخیی بە سەرکردەیەتیی بارزانی دەکەن و زرەخەونی جەلالییانە دەبینن. وەک نموونەیەک دەشێ ئەمە بخەمە بەرچاو: هەرەسی 1975ەو، خەڵکانی نێو شۆڕشی کوردستان سەریان لێ شێواوە و هەریەکەو بیر لە شتێک دەکاتەوە و چەند کەسێک لە نێو خۆیاندا قسان دەکەن و باس لەوە دەکەن، کە چ ڕێگەیەک بگرنە بەر و بۆ کوێ بچن. یەکێک لەوان، کە هەر بە شۆخیکردنی بە بارزانی و بەو شێوە باسکردنی سەرکردەیەتییەکەیدا و ئەو داخ لە دڵییەی بەرانبەریان، دیارە کە کەونە جەلالییە یا سەر بە کۆمەڵەی مارکسی-لێنینی کوردستانە، کە لە نێو شۆڕشی کورددان. کابرا لە ژێر سەرکردەیی بارزانیدایە و پێشتریش وەک ڕێکخراو ئەوان ئەو واقیعەیان قەبووڵ کردووە. گفتوگۆیەکان بەمجۆرە دەبێت:"-بەرەو کوێ؟.

-من بەش بە حاڵی خۆم بەرەو عیراق دەچم.

-منیش، بۆ ناو حکوومەت. . . حکووووومەتی نیشتمانییی!

سەلمان بە دەنگی بڵندی بە پێکەنین پاراوکراو ئەوەی گوت و دوایی لە بەردەمی خۆی ڕاما و بۆی زیاد کرد:"ڕەنگە کاک حەسەن دوای (ب. ب) بکەوێ". ئەوجا ڕووی لە حەسەن کرد و یەک چرکە لێی ڕوانی و گوتی"مەبەستم بریزێد باردۆ نییە کاحەسەن! مەبەستم بارەگای بارزانییە". دوای ئەم گوتەیە، دیسان سەلمان خەیاڵی ڕۆیی:"دەمی خۆمم پێ ناگیرێ. . . لە دەسەڵاتی خۆمدا نییە. . . دەمەوێ ئازاریان پێ بگەیەنم. دەمەوێ تۆڵەیان لێ بکەمەوە. . . ئەم نەفام و نەزان و خێڵەکییانە. . . هەر وا بە وشکیی دەرچن؟!"[3]. جەلالی پاش 1971 دەبنە چەند دەستەیەکەوە:

1. بەشێکیان بە نێوی کۆمەڵەی مارکسی-لێنینی کوردستانەوە کار دەکەن، کە ڕێکخراوێکی نهێنی دەبێ و هەر لە ساڵی 1970 و پێشترەوە و لە ئەنجامی تێکەڵبوونی سێ دەستە - دیارە ئەمە لێکدانەوە ڕەسمییەکەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان خۆیەتی- کە جەلال تاڵەبانی، نەوشیروان مستەفا و شەهابی شێخ نووری ڕێبەرایەتییان دەکرد[4]، دامەزرێنراوە، لە نێو پارتیدا بە نهێنی کار دەکەن. کۆمەڵەی مارکسی-لێنینی کوردستان، وەک ڕێکخستنێک، لە بەهاری 1970دا دامەزراوە. دامەزراندنیشی بە کارتێکردنی چەند ئەندامێکی "ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی توودەی ئێران-سازمان انقلابی حزب توده ایران" بوو، کە دەستەیەکی کۆمۆنیستی ماویست بوون و لە حیزبی توودەی ئێرانی ڕەدووکەوتووی سۆڤییەت جودابووبوونەوە. وا باوە، کە دوکتۆر هاشمی شیرازی ناوێک (کە بە دوکتۆر جەلال بە ناوبانگ بووە) و بۆ خۆی ساواکی بووە و لە بەکرەجۆ و لەنێو خەڵکدا بە مارکسییەکی ماویست و دژی ڕێژیمی شا دراوەتە ناسین و چەند ئێرانییەکی دیکە، کاریگەرییان لە دامەزراندنی کۆمەڵەدا بووبێت. لە گەلێک سەرچاوەی دیکەدا، لەبری ئەو "دوکتۆر هاشمی شیرازی"یە، نێوی "کورش لاشایی"، دێتە گۆڕێ و گوایە ئەو بووە، کە لە بەغدا بووە و بە نێوی خوازراوی"دوکتۆر جەلال"ەوە هاتوچۆی بەکرەجۆی کردووە. فازیلی مەلا مەحموود، کە ئەودەمی لە سەرانی جەلالی بوو و لەو ئێرانییانەشەوە گەلێک نێزیک بوو، پێی وایە "دوکتۆر جەلال"، "کورش لاشایی"ە[5]. "کەریمی حیسامی"یش کە ئەودەم لە بەغدا بوو، "دوکتۆر جەلال" و "کورش لاشایی" بەیەک کەس دادەنێ[6]. کورش لاشایی یا دوکتۆر جەلال، یەکێک بوو لە دامەزرێنەران و سەرانی "ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی توودەی ئێران- سازمان انقلابی حزب توده ایران"، کە ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی ستالینستی-ماویستی و دژ بە هێڵی ناشۆڕشگێڕی سۆڤییەت بوو. لە ساڵەکانی 1968دا، کە بزاڤێکی چەکداریی لە لایەن دەستەیەک لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، بە ڕێبەرایەتیی سولەیمانی موعینی، ئیسماعیلی شەریفزادە و مەلا ئاوارە و. . . کە پێوەندێکی بەهێزیان لەگەڵ حیزبی جەلالیدا هەبوو و لە لایەن ئەوانیشەوە، پشتیوانییان لێ دەکرا، لە کوردستانی ئێراندا، بەرپا بوو، ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی توودە، هەوڵی پێوەندکردنیان بەو بزاڤە چەکدارییە کوردییەوە دا و دەستەیەکیان بە سەرکردەیی لاشایی بۆ ئەو مەبەستە ناردە کوردستان، وەڵێ تا لاشایی گەیشتە ئەوێ، ئەو بزاڤە کوردییە، تێدا چوو و کوژایەوە. لاشایی لە 1971دا، بە نیازی سازکردن و بەرپاکردنی بەرگری دژی ڕێژیمی شا، گەڕایەوە ئێران و لەوێ لە لایەن

---

[3] بنۆڕە: کاکەوەیس، تەونی جاڵجاڵۆکە، ڕۆمان، سوێد 1998، ڕابوون،ل17-18.

[4] نەجمەدین..، لە سێبەری ..، ل28.

[5] عەلی.، سۆڤیەت..، ل 151.

[6] حیسامی، لەبیرەوەریەکانم1965-1970،بەرگی سێ یەم، ستۆکهۆلم1988، ل182-183.

دەسەڵاتدارییەتیی ئێرانەوە، دەسگیر کرا. لە کۆتایی پاییزی 1972دا، لە تەلەڤزیۆنی ئێرانەوە دەرکەوت و ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی توودە و مارکسیزمی مەحکووم کرد و بانگاشەی ئەوەیشی کرد، کە هەموو جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەک دژی ڕێژیمی شا، بێسوودە و جەختی لە سەر ئەوە کرد، کە هەر شتێکی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی توودە، لەمەڕ بەرنامەی بیرازکاریی لە ئێراندا گوتوویەتی، هەڵە بووە و کە ئەو خۆی و هاوڕێیانی جڤاکی ئێرانیان بە باشی نەناسیوە و خۆیانی بە چەند ڕەوشەنبیرێکی زیادەڕۆ دایە قەڵەم و پێی وابوو، کە دیموکراسی واقیعی ڕێژەییە. لاشایی داخوازیی لە هاوڕێیانی کرد، کە بگەڕێنەوە بۆ ئێران و واقیع بە چاوی خۆیان ببینن. ناسراوترین کەسانی کۆمەڵەی مارکسی-لێنینی کوردستان : شەهابی شێخ نووری، حەمەی میرزا سەعیدی مەلا عەباس، جەعفەر عەبدولواحید، فەرەیدوون عەبدولقادر، ئەنوەر زۆراب و ئاوات غەفوور و. . . ، بەڵام بیرۆکەی دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیە لە ساڵی 1969دا چەکەرەی کرد، ئەویش بە سەرپەرشتیکردنی جەلال تاڵەبانی، کە لەو دەمەدا ئیدی وەک ماویستێک خۆی دەناساند و بە نێوی جڤینی ڕەوشەنبیری و پیویستیی دامەزراندنی بناخە و بنەمای ڕێکخراوێکی مارکسی-لێنینی پێشەنگ و پارتیی پێشڕەو، کۆڕ و کۆبوونەوەی بە شاگردانی دەکرد و لە نێوان بەغدا و بەکرەجۆدا هاتوچۆی دەکرد. ئەو شاگردانەی تاڵەبانی، کە بەشداریی ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانەیان دەکرد و ئامادە دەکران، بۆ ئەوەی ببنە ڕێبەرانی پێشەنگی ئەو کۆمەڵەیە، نەوشیروان مستەفا، شازاد سائیب، فوئاد قەرەداغی، بەکر حوسەین، ڕەفعەتی مەلا و مەحموودی مەلا عیززەت و. . . بوون. کە کۆمەڵەش دامەزرا، تاکە کەسێک، کە دەیزانی جەلال تاڵەبانی دامەزرێنەرێتی، شەهابی شێخ نووری بوو. جەلال تاڵەبانی دوای هەڵوەشاندنەوەی حیزبەکەی لە 1971دا و تا ساڵانی 1972 و 1973، کە ئیدی چووە بەیرووت، بۆ خۆی و لە پەناوە هەڵسووڕێنەری کۆمەڵە بوو. لە نێوان 1970-1975دا، شەهابی شێخ نووری، جەعفەر عەبدولواحید، ئەنوەر زۆراب، حەمەی میرزا سەعید، فەرەیدوون عەبدولقادر، ئاوات غەفوور و. . . ڕێبەرانی کۆمەڵە بوون. پاش شەهیدبوونی شەهابی شێخ نووری و هاوڕێیانی لە 21-11-1976دا، ئیدی شاسوار جەلال (ئارام) ڕۆڵی پەیدا کرد، تا شەهیدبوونی لە 31-1-1978دا، لە گوندی "تەنگیسەر"ی ناوچەی قەرەداغی سلێمانی.

2. بەشێکیان کارا و چالاک نابن، بەڵام هەر خەونی ڕووخاندنی بارزانی و زیندووبوونەوەی جەلالی دەبینن و چاوەڕوانی هەل دەکەن.

3. بەشێکیان دەبنە پارتیی و پاراستن و تێکەڵ بە دەسگا و کارگێڕیی پارتیی و هەموو شتێکی دی دەبن. ئەوانەیان کە دەبنە پاراستن و تێکەڵ بە دەسگا و کارگێڕییەکانی پارتیی دەبن، بە هەر مەبەستێک ئەو کارەیان کردبێت و ئەوڕۆ پاساوی بدەنەوە گرنگ نییە، بەڵکە گرنگ ئەوەیە، کە ئەوان لەو دەمەدا بە ئارەزووی خۆیان بووبوونێ و کاریان تێدا کردووە. یەکێک لەو کەسانەی، کە ئەو کارە دەکات، مەحموودی مەلا عیززەت دەبێت، کە ئەندامی لقی چواری سلێمانی و بەڕێوەبەری ئامادەیی بازرگانی دەبێت. وا باوە کە مەحموودی مەلا عیززەت کاری بۆ پاراستن کردووە و پێوەندی بە حەمەڕەحیم (هەڤاڵ جووجەڵە، خاڵەحاجی) وە هەبووە. مەحموودی مەلا عیززەت، تا ئەم ساڵانەی دواییەش لەکن دەیان کەس سەدان جوێنی ناشیرینی بە جەلال تاڵەبانی داوە و دژی وی قسەی کردووە. کارکردنی لە ڕێکخراوەکەی تاڵەبانیدا بە ڕاست نەزانیوە، کەچی لەپڕ گەڕایەوە کوردستان و کرا بە سەرنووسەری "کوردستانی نوێ"ی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان. جەلال تاڵەبانی و شازاد سائیبیش پێوەندیان بە پاراستنەوە هەبووە. لە کۆتایی 1972 و سەرەتای 1973دا جەلال تاڵەبانی، لە بارزانی و پارتیی داوا دەکات، بچێتە بەیرووت بۆ تەواوکردنی خوێندن و نووسین و هەندێ شتی دیکە. لە بەیرووت ماوەیەک دەمێنێتەوە و ئەوجا داوا دەکات، کار بکات. نوێنەری ئەو کاتەی شۆڕش و پارتیی لە بەیرووت عەزیزی شێخ ڕەزا دەبێت، کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە پاراستنەوە دەبێت. پارتیی بە جەلال تاڵەبانی دەڵێن، ئەگەر ڕازییە لەگەڵ عەزیزی شێخ ڕەزادا کار بکات، ئەوا ڕێگەی دەدەن. چونکە جگە لەوەی کاری دیکەیان نییە، ناشتوانن عەزیزی شێخ ڕەزا لابدەن. لەبەر ئەوە، تاڵەبانی ڕازی دەبێت، وەک یاریدەرێک لەگەڵ عەزیزی شێخ ڕەزادا کار بکات. جەلال تاڵەبانی لەو ماوەیەدا گەلێک ڕاپۆرتی لە سەربالەکانی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین بۆ سەرکردەیەتیی شۆڕش، دەناردەوە و تا هەرەسی 1975 لەوێ مایەوە. تاڵەبانی جگە لەوەی یاریدەری عەزیزی شێخ ڕەزا بوو، هانی خەڵکیشی زۆر دەدا بۆ چوونە ناو پاراستنەوە. ئەو کاتە ڕێگە بە هەموو کەسێک نەدەدرا، کە بچێتە نێو پاراستنەوە و کاری تێدا بکات. جەلال تاڵەبانی خۆی لە پاراستن کاری دەکرد و مووچەکەشی 200 دینار بوو. 200 دیناری ئەو کات دەیکرد 600 دۆلار. زۆر لەوانەی، کە ئەوسا و ئێستاش سەر بە هێڵی جەلالین و کادر و کارگێڕی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانن، ئەندامی پاراستن بوون و ڕۆڵیان تێدا

www.kurdistannet.org

گیراوە و بە سوپاسگوزاریشەوە کاریان تێدا کردووە. شازاد سائیب، کە یەکێکە لە کادرە هەرەپێشکەوتووەکانی جەلالییەتی، ڕاستەوخۆ لەگەڵ شەکیب عەقراوی، کاری دەکرد و لە کادرە هەرەپێشکەوتووەکانی پاراستن بوو[7]. سەربەست بامەڕنی، کە یەکێکە لە جەلالییە هەرەکۆنەکان، گریدراوی پاراستن بووە. فرەنسۆ هەریری لەبارەی بامەڕنییەوە دەڵێت:"دووای بەیانی 11 ئادار ساڵانی 1971 و 1972 مامجەلال ڕۆژێکیان هاتە لام و یەک دوو کوڕی گەنجی لەگەڵدا بوو، پێی گوتم ئەوانە خوێندەوارن، نووسەرن، کوڕی چاکن، تۆ حەز لە نووسەر دەکەی، حەز دەکەم هەڵسوکەوتی تایبەتییان لەگەڵدا بکەی و ڕێزیان بگری. گەنجەکانیش یەکێکیان سەربەست بامەڕنی بوو لەگەڵ عەبدولرەزاق فەیلی، بە تەواوی نازانم کێی تریش بوو. سەربەست زۆر هاتووچۆی دەکردم، تا وای لێ هات بە تەنیا دەهاتە لام و سەری لە مامجەلالیش نەدەدا، بێگومان مامجەلال زۆری پێ ناخۆش بوو. جارێکیان من و سەربەست چووینە قەسرێ سەردانی کاک ئیدریس و کاک مەسعوودمان کرد، گوتم با سەرێکی مامجەلالیش بدەین، خانووەکەی ئەویش هەر سەت مەترێک دوور بوو لە بارەگاکە، پێی خۆش نەبوو، بەهەر حاڵ بردم و چووینە لای مامجەلال و نزیکەی چاریەکە سەعاتێک دانیشتین و پاقلاوەشمان خوارد، کە دەرچووین مامجەلال گوتی ئیشێکم پێت هەیە، منی جیا کردەوە گوتی ئاگات لە سەربەست بێ ئەمە جاسووسی بەعسە. منیش پێم گوت هەی سەلامەت بی تۆ هەمووی سێ مانگ نابێ بە منت ناساند و گوتت ئەمە کوڕی چاکە، دڵسۆزە، خوێندەوارە، ڕێزی لێ بگرە، ئێستا لەبەر ئەوەی دوو سێ جار سەری لەمن داوە و نەهاتووەتە لای جەنابت بۆ بووە بە جاسووس؟! من ئەو جاسووسەم قەبووڵە"[8]. لە سەربەست بامەڕنی دەگێڕدرێتەوە، کە هاریکاریی لەگەڵ پاراستندا گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی، لیستی ناوی سەرانی کۆمەڵەی مارکسی-لێنینی کوردستان و تەواوی نهێنییەکانی ئەو ڕێکخراوەی داوەتە پاراستن. بامەڕنی دوای هەرەسی 1975، گەڕایەوە بەغدا و وەک بەڵێندەر کاری دەکرد و لەگەڵ بەعس و حوکوومەتی عیراقدا هاریکار بوو.

4. بەشێکیان هەر بە ناوی پارتیی شۆڕشگێڕی کوردستانەوە دەمێننەوە و بە ئاشکرا دەدەنە پاڵ حوکوومەتی عیراق. کە حیزبی جەلالی هەڵوەشێندرایەوە و چوونە نێو پارتیی دیموکراتیی کوردستان (سەرکردەیەتیی بارزانی) یەوە، دەستەیەک دژی ئەو کارە بوون و بە نێوی "دەستەیەک لە پێشکەوتنخوازانی کورد-لفیف من التقدمیین الا٘کراد"ەوە، بلاوکراوەیەکیان دەرکرد. عەبدوسسەتتار تاهیر شەریف (شێخ سەتتار) ، مەلا عەبدوڵلا ئیسماعیل (مەلا ماتۆر) ، شێخ لەتیفی قەتەوی، عەبدورڕەحمان زەبیحی (عولەما) و شێخ جەببار تاهیر شەریف، کەسانی ناسراوی ئەم دەستەیە بوون. مەلا ماتۆر ساڵی 1974 بە ناوی بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازانی کوردەوە، خۆی ناساند. ئەمیش وەک شیخ سەتتار و حیزبەکەی هەر لەگەڵ حوکوومەتدا بوو. شێخ سەتتار، پاش ساڵانێکی زۆر خزمەت بە حوکوومەتی عیراق، هاتەوە کن حیزبە کۆنەکەی –جەلالی- خۆی. جەلال تاڵەبانی بۆ ماوەیەک کردی بە یاوەر و ڕاوێژکاری خۆی و دواتریش لای جەلالییانەوە گەیشتە هەندەران.

بێگومان ئەو تاقمانەی، کە بە نێوی کۆمەڵە و شێخ سەتتار و مەلا ماتۆرەوە ناو دەردەکەن، هەموو هەر درێژەپێدانی هێڵەکەی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلالین و دەکرێ بە وەچەی دووەمی جەلالی نێونووس بکرێن.

لە ساڵی 1975دا ودوای هەرەس، جەلالی شێوەیەکی دیکە وەردەگرن و ڕێکخراوێک بە نێوی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، ساز دەکەن. هەرچەندە خەڵکانێکی نێو بازنەی هێڵی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلالی و خەڵکانێکی نێزیکی ئەوان و هی دیکەش هەن پێیان وایە، کە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان "لە ساڵی1975دا و لە غیابی پارتی و بارزانیدا، بۆ لە نوێ ڕابنیاتنانەوەی سەنگەرە رووخاوەکانی بزووتنەوەی ئەیلول و پڕکردنەوەی بۆشاییە سیاسییە-چەکدارییەکەی پاش هەرەس دروست بوو"[9]، بەلام من وای نابینم. من پێم وایە، دروستبوونی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، دروستبوون و لەدایکبوونێکی نوێی ڕێکخراوێکی نوێ نەبووە، بەڵکە زیندووکردنەوە و گیانبەبەرداکردنەوە و ئاشکراکردنەوە و بنیاتنانەوە و دامەزراندنەوەی ڕێکخراوە جەلالییە کۆنەکە بوو، بە ناوێکی نوێوە. ئەو ڕێکخراوە جەلالییە کۆنەیەی، کە دەبوو هەر لەگەڵ پێکهاتنی 11ی مارسی 1970 ی نێوان حوکوومەتی عیراق و بارزانیدا، ئیدی تاسێنرابا و لەگۆڕ نرابا و زیندەبەچاڵ کرابا و جارێکی دیش سەرانی ئەو ڕێبازە ڕوویان نەهاتبا بێنەوە مەیدانی سیاسەت. ئەو ڕێکخراوە لە 1971دا بە ڕووکەش هەڵوەشێندرابووە و تێکەڵ بە پارتیی و سەرکردەیەتیی بارزانی بووبووە و لە نێوان 1971-1975یشدا بە ئاشکرا لە کار

[7] هەریری.،. بۆ ئەوەی.،. ل18، 19، 96-97، 113.

[8] سەرچاوەی پێشوو، ل97.

[9] نەجمەدین..،. لە سێبەری ..،. ل48.

کەوتبوو، بەلام لە بنەوە، بە ناوێکی دیکەوە، ، وەلیٚ بە ناوەرۆکەکەی جارانییەوە، کاری خوّی دەکرد. دروستبوونی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەنجامی ڕق و دژایەتی و قینێکی خەستی سەرانی هێلّی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تالّەبانی بوو لە سەرکردەیەتی بارزانی و ڕەنگدانەوەی دیتن و تێڕوانینی جەلالییان بوو لەمەڕ بارزانی و شۆڕشی کورد و قولّپی تەقینەوە و دەرگابوونی "گرێکوێرەی ئۆدیپ" بوو، لە دەروون و ناخ و هەناوی جەلالییەتدا. "گرێی ئۆدیپ"، بە گوێرەی لێکدانەوەی سایکۆلۆژیی فرۆیدی، گرێیەکە لە هەموو منداڵێکی نێرینەدا لە تەمەنی نێوان 3-5 سالاندا هەیە. منداڵ لەو تەمەنەدا ئارەزووی سێکسیی بەرانبەر دایکی هەیە و خۆشی دەویٚ و ڕقی لە باوکی دەبێتەوە و پێی وایە، باوکی دایکی داگیرکردووە و هەولّدەدات، بە کوشتن و لە نێوبردنی باوکی، دایکی ڕزگار بکات و بۆ خوّی بێت. دیارە دەکریٚ منداڵ لەو ترس و ڕق و کومرەشی (خانەگومانی) یەی بەرانبەر باوکی و ئەو خۆبەستنەوە و یەکجارنێزیکییەیشی لە دایکی ڕزگار بکرێت. چیرۆکەکەش لە وەوە هاتووە، کە "ئۆدیپ"، کوڕی شایەکی ولاتی یۆنان دەبێت و یەکێک لە ئەستێرەناسان پێشبینی ئەوەی لیٚ دەکات، کە کاتێک مەزن دەبێت، باوکی خوّی دەکوژێت. باوکیشی، کە شا دەبێت، فەرمانی وەدەرنان و دوورخستنەوە و فڕێدانی "ئۆدیپ" دەدات و "ئۆدیپ" دەهاوێژرێتە چۆلەوانی. کاتێک "ئۆدیپ" گەورە دەبێت، لە گەشتێکیدا تووشی باوکی دەبێت و یەکدی ناناسن. لەبەر شتێک بەشەڕ دێن و "ئۆدیپ" باوکی خوّی دەکوژێت و پاشان درێژە بە گەشتەکەی دەدات، تا دەگاتە باژێڕەکەی باوکی و شاژنی ئەو باژێڕە، کە دایکی خۆیەتی و بە بیٚ ئەوەی پیٚ بزانێت، دەخوازێت و بۆ خۆیشی دەبێتە شا و بەو جۆرە جێگەی باوکی خوّی دەگرێتەوە. جەلالییەت دەیەویست باوکەکە، کە بارزانی بوو، بکوژێت و نێوی بە یەکجارەکی بسڕێتەوە و بۆ خوّی ببێتە خودانی دایک و بێتە سەر مالیٚ. یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بە پێزانین و ڕەزامەندی و کارئاسانیی سووریا –یا ڕاستتر موخابەراتی سووریا- و لە سووریا دامەزرا. پارە و پووڵ و چاپەمەنیی ئەو حیزبەش، هەر لە موخابەراتی سووریاوە بوو و هەر ئەوانیش کارئاسانی پەڕاندنەوەی چەکیان لە سووریاوە بۆ تورکیا و لە تورکیاوە بۆ کوردستانی عیراق بۆ دەکردن و تا ڕادەیەکیش تورکیا چاوپۆشی لەو جۆرە چالاکییانە دەکرد. ئەم ڕێکخراوە (یەکیەتی) لە شێوەی نیمچە بەرەیەکدا کار دەکات و سیٚ ڕێکخراو –کە هەموویان هەر جەلالین- دەگرێتە خۆ، کە ئەمانەن:

1. کۆمەلّەی مارکسی-لێنینی کوردستان (کە پاشتر بوو بە کۆمەلّەی ڕەنجدەرانی کوردستان) ، کۆمەلّەی مارکسی-لێنینی کوردستان لە سالّی 1978دا نێوی گۆڕدرا بۆ کۆمەلّەی ڕەنجدەرانی کوردستان-عیراق. دواتر عیراقەکەی لیٚ کرایەوە و پاش ئەوەش هەر بە تەواوی لەبەینبرا و بوو بە مێژوو.

2. بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، ناسراوترینیان ڕەسووڵ مامەند، عەلی عەسکەری و تاهیر عەلی والی بوون، بەلام ئەم ڕێکخراوە لە سەرەتادا لە سەر دەستی جەلالییان دانەمەزرێنرابوو، جەلالییان تێدا بوو و خەلّکانی وەک سەیدا سالّح یووسفی، تاهیر عەلی والی، ڕەسووڵ مامەندیشی تێدا بوون، کە جەلالی نەبوون.

3. هێلّی گشتی یا خەتی پان.

سالانێکی دواتر بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان جویٚ دەبنەوە و خۆ بە نێوی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان دەدەنە ناسین، ناسراوترینیان ڕەسووڵ مامەند، دوکتۆر مەحموود عوسمان، تاهیر عەلی والی، سەیید کاکە، مەلا ناسیح، قادر جەباری، قادر عەزیز و دواتریش موحەممەدی حاجی مەحموود و موحەممەد شاکەلی بوون و ئیدی وردەوردە ئەمان لە جەلالییەتی دوور دەکەونەوە، بەلام لە نێو یەکیەتیشدا وەک بلّێی ئەو بزووتنەوەی سۆسیالیستە هەر مابیٚ و لەگەلّ واندا بێت، نێوی بزووتنەوەکەی لای خۆیان دەگۆڕن و دەیکەن بە شۆڕشگێڕان، ناسراوترینیان عومەر دەبابە و عەلی حەویز بوون. چەند سالّێک دوای ئەوانە، دەستەیەک لە کۆمەلّەی ڕەنجدەرانی کوردستان جویٚ دەبنەوە و بە نێوی ئالای شۆڕشەوە، کە وەچەی سێیەم و چوارەمی جەلالین، خۆ دەدەنە ناسین. پاش ماوەیەک ئەمانیش وردەوردە، چەند کەسێکیان لیٚ دەرچێت، دەگەڕێنەوە ڕیزی حیزبی دایک، واتە: پارتییەکەی جەلال تالّەبانی، ناسراوترین ئەوانەی کە گەڕانەوە نێو و کن حیزبی جەلالی، نەجمەددین عەزیز (سالار) ، مەلا بەختیار، عیماد سەیفوور بوون. فازیل کەریم ئەحمەد، بە ڕەسمیی نەچووەتەوە ناویان، بەلام بە هەلّسوکەوت و کردەوە و بیروباوەڕ و ڕەوتار و گوتار و هەلّوێست، هیچ جیاوازییەکی لەگەلّ ئەواندا نییە. ناسراوترین ئەوانەی، کە نەگەڕانەوە نێویان حاجی مەمۆ (کاکەباس) یە، کە نەک هەر نەگەڕایەوە ناویان بەلّکە لە حیزبایەتییش دوورکەوتەوە و هەلّوێستی ڕوون و ڕەخنەگرانەی خۆیشی پاراستووە. ئەو ڕێکخراوەیش، کە نێوی کۆمەلّەی لە خۆ نابوو پاشتر هەلّوەشێندرایەوە و لەنێو یەکیەتیی نیشتمانیدا توایەوە. گەلێک کەس پێیان وایە، پەیدابوون و چێبوونی کۆمەلّە و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیش، بازدان و گۆڕان و

وەرچەرخان و پێشکەوتنێکی گەورە بووە، لە رووی بیر و تێروانین و پێکهاتنەوە، لە رەوتی بزاڤی کوردایەتی و چەپایەتیدا لە کوردستان و بڕوایان وایە، کە ئەمانە خوێنی تازەیان خستەوە بەر کوردایەتی و لە نەبوونەوە رێباز و سیمایەکی نوێی شۆڕشگێڕانەیان بە کوردایەتی بەخشی. پشکۆ نەجمەددین، کە بۆ خۆی لەگەڵ یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا و کۆمەڵەیی و ئاڵای شۆڕشیی بووە، دەڵێت "لە دایک بوونی کۆمەڵە، بێ هیچ داشکانێک، وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە رەوتی بزووتنەوەی فیکری چەپ، لە نێو بزووتنەوەی فیکری و سیاسی کوردستاندا. کۆمەڵە رێکخراوێک بوو لە سەرەتای کەوتنەگەڕ و هەڵسووڕانییەوە و هەتا نێوەڕاستی هەشتاکانیش، جیا لە رێکخراوە مارکسیست-لینینیستەکانی دیکەی عێراق، دەیویست تێڕوانین و رێبازێکی نوێ لەنێوانی هەردوو خەتی جەلالی و مەلاییدا، لە بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستاندا بخولقێنێت"[10]. من پێم وایە کۆمەڵە لەبەر ئەوەی لە پزدانی جەلالییەتەوە ئافرابوو، گۆشکراو و پەروەردەکراوی هەمان فێرگە بوو و لەسەر هەمان هێڵ دەڕۆیشت و درێژەپێدانی جەلالییەتی 66 بوو و گرێکوێرەی دەروونیی ئەمانیش، هەر بارزانی و سەرکردەیەتیی بارزانی بوو. لە سازکردنی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیشدا، بەشێکی زۆری بنەما هزری و تێگەیشتنەکانی کۆمەڵە، رەچاو کرابوو و سوودی لێ وەرگیرابوو و سەرباری ئەوانەش، هێشتا هیچ یەکێک لەو دوو رێکخراوە، لە جەلالیزەدەیی و پەتای جەلالییەت و گرێکوێرە دەروونییەکانی جەلالییەت، رزگاریان نەبووبوو. لێرەدا نموونەیەک دەهێنمەوە، کە بە بەراورد لەگەڵ جەلالییانی دیکەدا، دنیایەکیان بەین بوو: شاسوار جەلال (دواتر شەهید ئارام)، کە یەکێک بوو لە سەرانی کۆمەڵە و لە جەلالییەتیشدا رۆڵێکی لەبەرچاوی هەبوو و لە لایەن زۆرینەی کۆمەڵەییانیشەوە، بە دووربین و هزرڤان و تیۆریزانی کۆمەڵە دادەنرێت و بە بەراورد لەگەڵ جەلالییانی دیکەدا، گەلێک لە خۆبوردوو و دەستپاک و سادە و خاکی و وەلاتپارێز و شۆڕشگێڕ بوو، لێ لەگەڵ ئەوەشدا، لە شێوەی بیر و بۆچوونیدا لەمەڕ بارزانی و سەرکردەیەتی وی و شۆڕشەکەی، چ جیاوازییەکی لەگەڵ جەلالییانی دیکەدا نییە. کۆتایی مانگی یەکەم و دووەمی 1970، کە لە ساڵی دووەمی خوێندنی زانستگە بووم لە بەغدا، بە هۆی پشووی نیوەی ساڵەوە، گەڕابوومەوە بۆ ماڵی خۆمان لە "شاکەل". وا رێککەوت ئەو رۆژانەی من لەوێ بووم دوو میوانمان هەبوون. کاک مەجید کەریم ئەحمەد، کە لە کۆلێژی پەروەردەی بەغدا، بەشی ئینگلیزی دەیخوێند و لە خانەقینەوە هاتبوو[11] و کاک ئیلهام شیخ فەتتاح، کە لە بەشی ماتماتیکی هەمان کۆلێژ دەیخوێند و لە کەرکووکەوە هاتبوو. کاک ئیلهام، باسی گفتوگۆی پارتیی و سەرکردەیەتیی بارزانی و حوکوومەتی عیراقی بۆ کردین، کە شاندی پارتیی و فلان و فیسار لە بەغدان و بەو زووانە پێکهاتنێک مۆر دەکرێت و ئیدی ئاشتی دەگەڕێتەوە کوردستان. لە یادمە کاک مەجید، هەندێک سەری نایە سەر کاک ئیلهام و گاڵتەی بە قسەکانی هات. ئێمە کە دوای پشوو، گەڕاینەوە بەغدا، لە پیاسەیەکدا لە نێو باخچەی کۆلێژی خۆمان (کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری)، من ئەم باسەم لەگەڵ کاک شاسوار جەلال کردەوە و پێم گوت، کە خەڵک چاوەڕێی رووداوێکی لەو جۆرەن و ئەوەش کارێکی باش و مزگێنییەکی خۆش دەبێت بۆ خەڵکی کورد. شاسوار جەلال، پێی وابوو، کە ئەوە راست نییە و درۆیە و شتی وا لە گۆڕێ نییە و حوکوومەت هەرگیز لەگەڵ بارزانیدا پێک نایەت و هەرگیز کاری وا لە پشتی سەری ئەوانەوە –واتە حیزبەکەی ئەو (جەلالی) - ناکات و بۆ بارزانی، پشتی ئەوان بەزەویدا نادات و حیزبی بەعس حیزبێکی سۆسیالیستە و وەک بیروباوەڕ لەوانەوە (جەلالی) نێزیکترە تا لە بارزانییەوە و زۆر بە توندی دژی ئەو بۆچوونانە بووەوە. یەک دوو حەفتە پاش ئەوە، رێککەوتننامەی 11 مارسی 1970 لە تەلەڤزیۆنی بەغداوە و لە لایەن "ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر"ی سەرۆککۆماری عیراقەوە، خوێندرایەوە. سێ رۆژان کرا بە پشوو و زانستگە نەبوو. پاشان کە چوومەوە کۆلێژ، گەڕام و شاسوارم دۆزییەوە و باسەکەم هێنایە گۆڕێ. بەلام ئەوجارەیان یەک کۆمەڵە پاساو و بەڵگەی دیکەی هێنایەوە و پێی وابوو، کە نەدەبوو وا بووایە و بە پێچەوانەی بیر و بۆچوونەکانی پێشوویەوە وەرامی دەدامەوە. ئەو داهاتوو خوێندنەوەیە و بوونی پێشبینی و بوونی ئەو هەستە سیاسییە تیژنۆڕییە، کە دەبێ لە کن سیاسییانی کارامە و وردبین و شیکار هەبێت، نە ئەوسا و نە ئێستاش، نە لە کن شاسوار جەلال و نە لە کن سیاسییانی دیکەی ئەو دەڤەرەی لەمەڕ ئێمە، وەدی نەدەکرا و ناکرێت. شاسوار جەلال (ئارام) تەواوی کار و خەباتی بارزانی دەسڕێتەوە و تێکڕای پێ خراپە و خۆیانی (یەکیەتیی نیشتمانیی و کۆمەڵە)ی پێ هەموو شتێکە و تەواوی راستییەکان لەکن خۆیان دەبینێتەوە. ئەو لەبارەی بارزانی و پارتییەوە دەڵێ:"گەلەکەمان ئەگەر واز لە بیرکردنەوەی کون و رزیو نەهێنیت و ئەو رێبازە چەوتەی کە بارزانی ئێستاش نوینەرایەتی ئەکات ریسوا نەکات و ریبازی

---

[10] نەجمەدین،. لە سێبەری .،. ل28.

[11] مامۆستا مەجید کەریم ئەحمەد، رووناکبیر و نووسەرێکی توانا بوو، ساڵی 1979 لە لایەن رێژیمی عیراقەوە شەهید کرا.

www.kurdistannet.org

نوی ی شورشگیرانه نەگریت هەرگیز بەتەمای سەرکەوتن نەبیت و یا خۆی ئامادە بکات ئەوەی تاوناتاویک سەرکردایەتیەک ریبازیکی وەک ئەوەی بارزانی بکەویت و هەر چەند سال جاریک لە هەلدیریک بخریتە خواری و لە ناو ببریت. ئیستاش بارزانی وازی نەهیناوە خوشی نەمینیت هەیە لە دوای ئەو ئالاشرەکەی بەرزدەکاتەوە و دوورنیە لەپر ببینی کە پارتیە داروخاوەکەی مەلا زیندو بکریتەوە و چەند گەوجیک و ساویلکەیەک بکەونە دەهول لیدان (بو پیشەوە بارزانی) " و لە بارەی هەڵویستی بارزانی و ڕێبازەکەیەوە دەڵێت:"ئەم هەلویستەی بارزانی. . . ریبازە و ریبازی چینە کونە پەرستیە لە ناوچەکەدا بە هەموو توانایەوە، ریبازی باوەرنەبونە بە هیزی بی سنوری جەماهیری گەل وە باوەربونە بە هیزی ئیمپریالیزم و دارودەستە کونەپەرستەکانی" و کە باسی سەرکردەیەتیی بارزانی دەکات، دەڵێت:"سەرکردایەتی یە عەشایەریی یە کونەپەرستەکە. ."[12] ئەو نووسینانەی شەهید ئارام لە ڕووی ڕێنووسەوە، زۆربەیان هەڵەن، ئیدی هەڵەی ئەوە یا هی ئەوانەیە، کە چاپیان کردووە، بە من ساغ ناکرێتەوە، تەواوی ئەو بۆچوونانەی ئارامیش، گرێدراویی یەکیەتیی نیشتمانیی و کۆمەڵە، بە جەلالییەتەوە و درێژەپێدانی جەلالییەت لە یەکیەتیی و کۆمەڵەدا دەگەیەنن. ڕەنگە ئارام هەوڵی یەکخستنی سەرکردە و پێشمەرگە و مرۆڤی ئاسایی کوردی دابێت و بە ژیانێکی سانا و ساکارانە قایل بووبێت و لەوانی دیکەیان پتر لە خەڵکەکانی خوارەوە نێزیک بووبێت، بەڵام ئەو نەیتوانی لە بازنەی جەلالییەت و پاشخانی ئەو دیدە دەرچێت و خۆی لێ بتەکێنێت و کەوڵی جەلالییەتی تووڕهەڵدات و بۆ خۆی ناوی خوای لێ بهێنێت و ڕێکخراوێکی نوێ، لە سەر بناخە و بنگەی نوێی ناجەلالییانە ساز بکات. ئارام وای نەکرد و وا نەبوو، لێ ئارام، لەگەڵ ئەوانەشیدا، بەوەی کە مەزنترین و بەهاترین سەرمایەیەک کە هەیبوو "گیانی خۆی" بە وڵات و خاک و گەلەکەی بەخشی، بوو بە نیشانەی خەبات و شۆڕشگێڕی و بەرەنگاربوونەوە، بەوەش بوو بە مایەی شانازی و سەربەرزی و لەبیرنەچوونەوەی هەمیشەیی. کۆمەڵە هیچ جۆرە گۆڕانێکی باش و بە کەڵکیشی لە بواری چەپایەتی و کوردایەتیدا نەهێنایە گۆڕێ. ئەگەر شتێکی نوێتریشی خستبێتە سەر "فەرهەنگی" جەلالییەتی، ئەوە بڕێک نوێکاریی بووە لە بەکاربردنی زەبر و توند و تیژیدا دژ بە ناخۆیان (غەیرەخۆیان). ئەوان و تەواوی بزاڤی جەلالییەتی —وەک بەڵشەڤیکەکان- لەو بڕوایەدا بوون و هەن، کە ئەوەی سەدلەسەد لەگەڵیاندا نەبێت، نەک دۆستیان نییە، بەڵکە دوژمنیانە. کۆمەڵەییەکان دەیانەویست تەواوی بنەما و ڕەسەنایەتی و بەهافەرهەنگی و ئاکارییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بە کونفەیەکوون"کن فیکون"ێک بگۆڕن. ئەوان هێندە تیژڕۆ و توندڕۆ بوون، کە ئیدی پێکهاتە و سەرخان و ژێرخانی خەڵکی کوردیان نەدەخوێندەوە و بە لنگاوقووچی تێیان دەڕوانی. ساڵی 1980، کە لە وڵات وەدەرکەوتم و بە نێو ئەو گوندانەی کوردستاندا هاتم بەرەو ئێران، لە گوندی" بێتووش"ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، میوانی کوێخا مستەفا ناوێک بووم. ئەو پیاوە زۆر لە ڕەوشت و ڕەوتاری پێشمەرگەکانی سەر بە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، کە دیارە زۆربەیان کۆمەڵەیی بوون، ناڕازی و بەگلەیی بوو و دەیگوت: ئەوانە نانخۆر و سفرە دڕن و بەو خۆراکەی دەخرێتە بەردەستیان قایل نابن و زۆر لەخۆ ڕازین و زۆرجاران خۆراکەکە وەردەگێڕن و فڕیی دەدەن. بە پێچەوانەی ئەوانەوە پەسنی پێشمەرگەکانی حیزبی کۆمۆنیستی دەدا و باسی ئارامی و هێمنی و شەرمنی ئەوانی دەکرد و بەرانبەر پێشمەرگەی لایەنەکانی دیکەش چ گازندە و گلەییەکی نەبوو و بۆ خۆیشی سەر بە هیچ لایەکیان نەبوو. لە گوندی سەرگەڵوو، هەر ئەو دەمە، دۆستێک بۆی گێڕامەوە، کە کۆمەڵەییەکان کاتێک لە مزگەوتی گونددا نووستوون، شەوێ خواردوویانەتەوە و سبەینێش میزیان بە دیوار و دەوری مزگەوتەکەدا کردووە و دواییش خەڵکی گوندیان خڕ کردووەتەوە و بە تۆبز نێوی چینێکیان لە هەر چەند دانەیەکیان ناوە خزاندوویاننە خانەیەکەوە. بۆ نموونە بە هەندێکیان گوتووە بۆرژوازی گەورە و بە هەندێکیان گوتووە بۆرژوازی بچووک و بە هەدێکیان گوتووە کۆمپرادۆر و بە هەندێکیان گوتووە فیۆدال و. . . دەیان ناوی دیکە. کۆمەڵەییەکان، دەبوو لە کۆمەڵگەی کورد گەیشتبان و باشیان خوێندبایەوە. ئەوەی دەیەوێ بیروباوەڕی خەڵک، بیراز بکات و بگۆڕێ، گەرەکە ڕەوش و باری ژیانی جڤاکی و دەروونی ئەوان تێخوێنێتەوە و بگۆڕێت. بێهوودەیە داخوازی شتێک، کە تێیناگەن، لە خەڵک بکرێت و گۆڕینی بیروباوەڕی خەڵکیش، بە زۆرەملێ نابێت، بەڵکە دوور لە تۆبز و زۆرکاری و بە نەرم و نیانی و گوێڕادێران بۆ خەڵک و ڕێزلێگرتنی بۆچوون و دیتنەکانیان و پێشاندانی بەتەنگەوەهاتن و سۆز و ڕاستگۆیی دەبێت. ساڵانێک کە حیزبی کۆمۆنیستی عیراق "سەرکردەیەتیی نێوەندی-القيادة المركزية"، گەلێک چووبووە

[12] بنۆڕە: هەڵبژاردەیەک لە نووسینەکانی شەهید ئارام، بەشی یەکەم، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان-عیراق، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، کانونی دووەم 1980، ل17، 26، 64.

پێشێ و خەڵکانێکی زۆری لەگەڵ بوون و لە نێو جەماوەردا، گەلێک گەلێر و خۆشەویست بوو، لە خواروی عیراق و لە نێو جەماوەری شیعەدا، ڕێکخراوێک یا هێڵێکیان، بە نێوی هێڵی حوسەین "خط الحسين" یا لایەنگران (پشتیوانان) ی حوسەین"خط أنصار الحسين"، هەبوو. ئەو ڕێکخراوە لەگەڵ شیعەدا شیعە بوو، بەوەش مەیلی شیعەی بە لای خۆدا ڕاکێشابوو. من بۆ خۆم لە یادمە، لە ساڵی 1970-1971، کە لە سێیەم ساڵی زانستگە بووم لە بەغدا، لە نێزیک بەشە ناوخۆییەکەمان، کە لە مەیدانی شەهیدان"ساحة الشهداء" بوو، چایخانەیەکی گەورەی لێبوو، شەوانی دە ڕۆژی یەکەمی مانگی موحەڕڕەم، دەبووە جێگەی خوێندنەوەی چیرۆکی شۆڕشەکەی ئیمام حوسەین و جەنگی کەربەلا و کوشتنی بنەماڵەی ئیمام عەلی و گریان و لەخۆدان و خەمباران. هەزاران خەڵک دەهاتنە ئەوێ و گوێیان دەدایە ئەو خوێندنەوەیە و شینیان دەگێڕا. ئێمەش کە خوێندکار بووین دەچووین و بەشداریمان دەکرد. ئەوەی کە چیرۆکەکەی دەخوێندەوە و دەلاوایەوە و خەڵکەکەی جۆش دەدا و شینەکەی گەرم دەکرد، فازیل ڕەشید (فاضل رشيد) بوو، کە فازیل ڕادوود (فاضل رادود) پێشیان پێ دەگوت. ئەو کابرایە کۆمۆنیست بوو و جاروبار دەقی مارکسییانە و کۆمۆنیستانەشی تێکەڵ بە دەقە ئایینییەکان دەکرد. هێندەش جوان و خۆشی دەخوێند و دەلاوایەوە و کاریگەریی هەبوو، تەواوی ئەو خەڵکەی دەهەژاند و دەخستە کوڕی شین و شەپۆڕەوە. بێجگە لە تێکدان و داڕووخاندنی پێکهاتەی جڤاکی کوردستان، من بۆ خۆم هەر درووستبوون و دامەزران و سازبوونی ڕێکخراوگەلێکی وەک، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی عیراق و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و. . . دەمکوتانیان لە بیروباوەڕی چەپ و بانگاشەکردنیان بە باس و خواسی چەپایەتی، بە دەستێوەردانێکی دەرەکی و بە مەبەست دەبینم، بۆ لێدان و لاوازکردن و لەباربردنی بزاڤە چەپە شۆڕشگێڕ و ڕاستینەکانی دیکە و چەواشەکردنی خەڵکی شۆڕشگێڕ. ئەوەی کە ئەورۆ پێڕەوی بیروباوەڕی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلالییە و درێژەپێدانی ئەوانە و وەک ڕێکخستن لە ئارادایە، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانە بە پلەی یەکەم و پارتیی شۆڕشگێڕی کوردستانە، کە لەگەڵ حوکوومەتی عیراقدایە. گەڕانەوەی خەڵکانی وەک شێخ سەتتار و شێخ لەتیفی قەتەوی و. . . بۆ نێو حیزبی جەلالی و دەستپاراستنی ڕێکخراوی هەڵۆی سووری سەر بە جەلالی لە بەغدا، لە لێدانی کەسانی وەک شێخ سەتتار و شێخ لەتیف و خەڵکانی دیکەی کۆنە جەلالی و دەستوەشاندنیان لە خەڵکانی ناجەلالی وەک عوسمان فائیق و هەوڵی کوشتنی عەزیز عەقراوی، هەموو نیشانەی ئەوەن، کە ئەو پارتییەی شێخ سەتتار و ئەو کۆنە جەلالییانەی بەغدا، کە هەر چەندە بە ئاشکرا سەر بە حوکوومەتی بەعس بوون و هەن، هەر لە بازنەی جەلالییەتدان و دڵیان" هەر ئەو دڵەی جارانە ئێستاکەش دەناڵێنێ. . . ". ئەمەی کە باسکرا تەنێ باشووری کوردستان دەگرێتەوە، بەڵام پێڕەوانی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلالی لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش هەن. ئێستاش لە نێو کوردی ڕۆژهەلات و باکووری کوردستاندا تاکەتاکەیەکی وا هەن، کە هێشتا وەک جەلالییانی باشووری کوردستان، گەرمەتەریقەتن و ئیبراهیم ئەحمەد بە فەیلەسووف و جەلال تالەبانی بە شۆڕشگێڕ دەزانن. جوێبوونەوەی هەندێ باڵ یا کەس و خەڵکێک –هەندەک جار- لە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و بانگاشەی جیاوازیی بیر و بۆچوون، هەرگیز بنەما و زەمینەیەکی ئایدیۆلۆژی ڕاستەقینەی نەبووە، بەڵکە پتر سەرچاوەی جیاوازیی کەسەکی و نەگونجان لەگەڵ یەکدیدا و قەبووڵنەکردنی ئەوی دی و شەڕی دەسەلات بووە. هیچ یەکێک لەوان ڕەفزی ڕێباز و دیتن و بنەمابیرییەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیی نەکردووە و ناکات، بەڵکە ئەو یا ئەوان دژی فلانەکەس و فلانەسەری یەکیەتین و ئەگەر ئەو فلانەسەرە و فلانەکەسە نەمێنێت، ئەوا ئەو یا ئەوان، دەچنەوە نێو یەکیەتیی، هەر بۆیەش دەبینین چۆن، خەڵکانی کۆمەڵە و ئالای شۆڕش و شێخ سەتتارییان، بەرەبەرە گەڕانەوە نێو یەکیەتیی و هەموویشیان بە سەرۆکایەتی جەلال تالەبانی، ڕازین و کوڵێکیش خۆشحاڵن. پێڕەوانی ئیبراهیم ئەحمەد، زۆرجاران بانگاشەی چەپایەتیان کردووە و خۆیان لە کۆمۆنیستان پێ کۆمۆنیستتر بووە. بێگومان تەواوی خەڵکانی سەر بەو ڕێبازە، لەو بڕوایەدان و وا بیر دەکەنەوە، بەلام خەڵکانی مارکسی و چەپ و کۆمۆنیست، هەرگیز نە ئیبراهیم ئەحمەد و نە جەلال تالەبانی و نە پێڕەوان و هاوبیران و هاوڕێیانیان و نە هەرچی لق و پۆ و وەچەی دووەم و سێیەم و چوارەم و چەندەمی ئەوانیشە و نە بیروباوەڕەکانیشیان، بە سۆسیالیست و چەپ و مارکسی و کۆمۆنیست، نەزانیوە، بەڵکە تەنێ بە بازرگانی چەپایەتی و مارکسایەتی و سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم زانیوە. دیارە ئەمە وەک ڕێکخستن و دەستە و تاقم، دەنا وەک تاک ڕەنگە خەڵکانێکی زۆری نێو ئەو ڕێکخراوانەیان، خۆیان لە خانەی چەپ و مارکسایەتیدا دانابێت و ڕەنگە هەر واش بووبن، بێگومان ئەوەش بۆ هەموو کەس ڕەوایە. ئەگەر ساڵانی جاشایەتی 1966-1970 بە سەردەمی گەشەکردنی بزاڤی جەلالییەتی، لە ڕووی تیۆری و بیروباوەڕەوە، بە ساڵانی ڕەسین و پێگەیشتنی جەلالییەتی دابنرێن، لە ڕووی بیری مارکسایەتییەوە، وەک سامی شۆڕش

بۆی دەچێت، ئەوا لە بانگاشە و درۆیەکی شاخدار پتر هیچی دیکە نییە. ئەوەی تۆزێک بە هۆش بیر بکاتەوە و ویژدانی خۆی بکاتە دادوەر، ئەوا زۆر باش ئەوەی بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ئەو ساڵانەی وا سامی شۆڕش شانازییان پێوە دەکات، لە ساڵانی ڕەسین و گەشەکردنی فەلسەفە و بیری جاشایەتی "جاشیزم" زێتر هیچی دیکە نەبوون، چونکە لەو ساڵانەدا بوو، کە ئیدی جاشایەتی فەرهەنگێندرا و خرایە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیاوە و تیۆری بۆ ساز کرا. ئایا هۆشگیرە، مارکسایەتی و ماویستی، لە پەنا و پاڵی حوکوومەتی بەعسی عیراقدا برەسێ و گەشە بکات، لە کاتێکدا کە ئەو حوکوومەتە خەڵکانی مارکسی و ماویستان و گیڤاریستان و چەپی ڕاستەقینە –کۆمۆنیستانی سەرکردەیەتی نێوەندیی (القيادةالمركزية) ی قڕان و بنبڕ دەکرد؟ من هیچ ناڵێم، پێمخۆشە سامی شۆڕش، بۆ خۆی بیرێک لەو ڕابوردووە شەرمهێنەر و قێزەوەنە بکاتەوە و پاساوی تاوانی سەرانی ئەو ڕێبازە نەداتەوە. پێڕەوانی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی (جەلالی) و کۆمەڵەییەکان، لە بەغدای پێتەختی بەعسدا و بە بەرچاوی تەواوی دەسگا جاسووسی و سیخوڕییەکانی بەعسەوە و لە کاتێکدا کە خەڵکی دیکە لە سەر بلاوکراوەیەکی زۆر ساکار و سانا، کە هەر بیانزانیبا بۆنی چەپ و مارکسایەتیی ڕاستەقینەی لێ دێت، هەڵدەواسران و لەتوپەت دەکران، کتێبی ماویستی و مارکسایەتیان چاپ و بلاو دەکردەوە. کتێبفرۆشیی بیری نوێی پڕ بە ئەدەبیاتی مارکسایەتییان لە ناوەندیی بەغدایێ دانابوو و دەیانمارکسان و دەیانماواند و هەر لەو سەردەمەشدا بوو، کە کتێبی"چەپکێک لە وتەکانی ماوتسی تۆنگ"یان چاپکرد و لەفەن تەورات و ئینجیل و قورئان، بۆ ڕاکێشانی لاوانی کورد بەرەو جەلالییەتی، خۆڕەنگگردن بە بۆیەی مارکسی-لێنینی و خۆهەڵواسین بە چەپدا، بۆ پتر خۆدووەرخستنەوە لە پارتیی و سازکردنی –بە قسەی خۆیان- حیزبی جیاواز و "پێشڕەو و پێشەنگ" بەکار دەبرد. ئەگەر ئەوە بۆ خۆی جاشایەتی و جاسووسی و خۆفرۆشی و دووڕوویی جەلالیيان نەبێت، دەبێ چی بێت؟ سەرانی ئەو ڕێبازە و چەکدارانی وان لەو سەردەمەی، کە سامی شۆڕش بە گەشەکردن و ڕەسینی مارکسایەتی دادەنێت، بووبوونە دەست و پێ و چاوی بەعس، بۆ کوشتنی پێشمەرگەی کوردستان و وێرانکردنی گوندان و بەدەستەوەدانی خەڵکانی شۆڕشگێڕ و چەپی ڕاستەقینە –سەرکردەیەتیی نێوەندیی- بە دەست بەعسەوە. عومەر دەبابە کە لە سەرانی جەلالی بوو، لەو ساڵانەدا 1966-1970 چاو و گوێ و دەستی بەعس بوو بۆ بۆمبارانی گوندەکانی کوردستان و ڕاونانی پێشمەرگە و بەدەستەوەدانی شۆڕشگێڕانی نێو شار. دەبابە ببووە شارەزای فڕۆکان، گوندانی دۆستی شۆڕشی بۆ دەستنیشان دەکردن. حوکوومەتی بەعس –هەژاری موکریانی گوتەنی- ناوی لێ نابوو"الا'خ عمر البطل"، برا عومەری قارەمان[13]. هەزاران کەس–بە خۆیشمەوە- بە چاوی خۆیان جەلال تاڵەبانییان دیتووە، کە وەپێش پتر لە سێسەد چوارسەد چەکدار کەوتووە و لە کەلارەوە بە دەشتی شاکەل و شێروانەدا ڕێگەی گرتووەتە بەر بۆ شەڕ–ئەوان خۆیان بە غەزایان دادەنا–ی پێشمەرگە لە هەردەی زەنگەنە. ئەم هێڵی جەلالییە، لە ڕووی بیروباوەڕەوە هەرچەندە دەیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و هەر جارەو بەرگێکی پۆشیوە، شۆڕشگێڕی، مارکسایەتی، ماویستی، سۆسیالیستی، ئیسلامی، عیراقچێتی، کوردستانچێتی، نەتەوەیی، لیبرالیستی و سۆسیال دیموکراتیەتی[14] و. . . ، بۆ خۆ هەڵبژاردووە و بانگاشەی پێوە کردووە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەر یەک شت بووە، ئەویش ئیبراهیم ئەحمەدی-جەلالی.

**تێبینی کوردستان نێت:**

---

[13] هەروەها بنۆڕە: الحاج، عزيز، حدث بين النهرين، الجز'الا'ول، باريس 1994، ص107.

[14] ساڵی 1992 جەلال تاڵەبانی بانگەوازێکی بلاو کردەوە بۆ ئەوەی خەڵکانی "چەپ" بگەڕێنەوە نێو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، خەڵکانی چەپیش بە ڕای ئەو، کۆنەجەلالییان و پێڕەوانی ئەو هێڵەن. پاش ماوەیەکی زۆرکەم، نەجمەددین عەزیز(سالار)، گوتارێکی لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بلاو کردەوە و دەستخۆشیی لە تاڵەبانی کرد و خۆشحاڵیی خۆی لەو بانگەوازە دەربڕی و یەکیەتیی نیشتمانیی، بە سۆسیال دیموکرات دایە قەڵەم و سۆسیال دیموکراتیشی بە چەپ و چەپی ڕاستەقینە دانا. سالار کە تا پێش ئەو کاتە مارکسییەکی دووئاتەشە بوو، سۆسیال دیموکراتی هەڵپەرست و لادەر و کوڕی ڕۆژ- کە بە وشە سۆسیالیستن و بە کردار سەرمایەدار- و لەگەڵ خەڵکانی دز و پارەخۆر و ئەوانەدا یەک دەگرنەوە، لێ بووبوو بە چەپی ڕاستەقینە. سالار لەگەڵ فازیل کەریم ئەحمەددا، پێش ئەو ماوەیەش، کتێبی"ئیدی ناکرێ بێدەنگ بین–لم يعد الصمت ممكنا"یان نووسیبوو، تێیدا هەرچی ناشێت بە نەوشیروان مستەفا و جەلال تاڵەبانییان گوتبوو و وانەی"زانستی شۆڕشگێڕی و وڵاتپارێزی و ئاکار و ڕەوشتبەرزی و ئینتەرناسیۆنالیزمی"یان بە خەڵک دەگوتەوە و نارەوایی و لایەنە دزێوەکانی نێو یەکیەتییان ڕز دەکرد. لە فازیل کەریم ئەحمەد دەگێڕنەوە، کە پاییزی 1987، لە سەردانێکیدا بۆ ستۆکهۆڵم، دەیگوت کە سەدان نامەی جەلال تاڵەبانی لایە و ئەگەر هۆڵێکی بۆ بگرن، ئامادەیە هەموو ئەو نامانە بخوێنێتەوە و هەموو ساختەکاری و فروفێڵ و تەڵەکەبازییەکانی تاڵەبانی لەقاودات و باس بکات و حەیا و حورمەتی بۆ نەهێڵێت!.

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە.... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.........  15-1-2003
www.kurdistannet.org کوردستان نێت